البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# ڕەوت

ژمارە ٧
ئەیلولی ٢٠٢٠

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# دەسەڵاتی "دوو ئیدارەیی" و سەرمایە،
# قۆڵپی شۆڕش لە کۆمەڵگەی چینایەتی کوردستاندا

**موئەیەد ئەحمەد**

ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کارمەندان و گەنجانی کچ و کوڕی تامەزرۆی ژیانێکی ئاسوودە و ئازاد و یەکسان، لە کوردستانی عێراقدا، بەردەوامە، هەم لە بەرامبەر مووچە بڕین و بێکاری و بێ خزمەتگوزاری و نەبوونیدا، و هەم بە دژی ستەم و گەندەڵی و سەرکوتی دەسەڵاتی مافیایای و میلیشیایی حزبەکانی دەسەڵات.

دیارە ئەم ڕووبەڕوبونەوە و بەرهەڵستکاریە جەماوەریە لە هەردوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدایە، وە ئەمەش لە کاتێکدا کە هەر یەک لە پارتی و یەکیەتی، بە گوێرەی قورسایی هێزیان لە ناوچەکانیاندا، بە سەرکوت و گرتن و کوشتن وەڵامی جەماوەری نارازی و داواکاریەکانیان ئەدەنەوە. هەر بۆیە، ئەمڕۆ لە هەر کات زیاتر هیواو و ئارەزووی جەماوەر بۆ باشتر کردنی ژیانیان و فەرهەمهێنانی "چاکسازی" سیاسی و ئیداری و نەهێشتنی گەندەڵی بە بنبەست گەیشتووە، وە ڕێگەیەک لە بەردەمیاندا نەماوەتەوە جگە لە هەوڵوتەقەلا بۆ ڕاماڵینی ئەم ڕژێمە و هێز و حزبەکانی و پاشەکشە پێکردنیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستاندا.

لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا، چینی کریکار و توێژە نەدارەکان و ڕەوتە سیاسی و فیکری و ڕێکخرەویەکانی، ڕووبەڕووی ئەرکی هەمەلایەنن. لەم ڕاستایەدا، ناسینی دەسەڵات و نیشاندانی ماهیەتی چینایەتی بورژوازیانەی خاڵی دەست پێکردنە بۆ دەست ڕاگەیشتنیان بە سیاست و تاکتیک و خوێندەوەی دروستی بۆ دۆخەکە، وە بۆ گەلاڵە و پراتیککردنی ستراتیژی شۆرشگیرانە و فەراهەمهێنانی ئاڵوگۆڕی سۆشیالیستی و ڕیشەیی لە کوردستاندا.

## ستراکچەری ڕژێمی سیاسی کوردستان و "دوو ئیدارەیی"

پەیەکەری ڕژێمی سیاسی لە سەر کار بوو لە کوردستاندا وە بڕبڕە پشتی ئەم ڕژێم و دەسەڵاتە، هەردوو حزبی بورژا ناسیونالیست و میلیشیایی کوردە؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (یەکیەتی)، کە بۆ خۆشیان بە سروشتی دوو ئیدارە و دەسەڵاتن و مۆرکی ئەم دابەشبوونەیان لە سەرتاپێی ڕژێمەکە داوە.

مێژووی ئەم دابەشبوونە حزبی و میلیشیایەی دەسەڵاتداری و ناوچەگەری و نەخشەکێشانی کۆنە، و ئەگەڕێتەوە وە بۆ ساڵی ١٩٦٤ و ئینشقاقی ناسراو بە "مەلایی" و "جەلالی" لە ناو بزوتنەوەی کوردایەتی و چەکداری پارتیدا، کە دواتر لە پاش هەرەسی ١٩٧٤ و دروست بوونی یەکیەتی، لە ١حوزیرانی ١٩٧٥دا، لە فورمی ئیستایدا، وەک دوو حزب و بە دوو ناوی جیاوازەوە؛ پارتی و یەکیەتی، جێکەوتووە.

ئەوەی کە زیاتر پێویستە لێوەی دەست پێبکەین ئەو قۆناغە تازە چۆنایەتیەیە لە پرۆسەی ئەم دابەش بوونە کە لە دوای شەڕی ناوخۆییەوە (١٩٩٤-١٩٩٨ ) جێگیر بووە. ئەو شەرە ناوخۆیەی نیوان ئەم دوو حزبە کە بە کوشتنی هەزاران لە خەڵکی هەژار و بێدەرتانی کوردستان لە ناو بەرەکانیدا تەواو بوو، و ئامانجە سیاسی و ستراتیژەکانی لە فۆرمی ئەم دوو ئیدارِیی و دەسەڵاتە میلیشیایەدا تۆمار کرا و سنووری ئەمرۆی ڕاکێشرا، وە هەروەها لە ژێر سایەی ئیتفاقیەی واشنتۆن و ئیدارەی دەوڵەتی ئەمریکادا لە ١٩٩٨ دا ئیعترافی نێودەوڵەتیی وەرگرت.

ئەو دابەشبوونەی دەسەڵات و دوو ئیدارەیەی کوردستان دواتر لە گەڵ داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە و ڕۆخانی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی ڕژێمی سیاسی ئیسلامی و قەومی لەسەر بنەمای دابەشبوونی قەومی و تایفی عیراق، بە شیوەیەکی کۆتایی جێگیر بووە وە بووەتە بەشیک لە خۆدی نیزامی سیاسی لە سەرتاسەری عیراقدا. ئەمە جگە لەوەی کە بۆ خۆشی دەسەڵاتە لە کوردستاندا و بڕبڕەپشتی ڕژێمی فەرمانڕەوای بورژوا ناسیۆنالیستی کوردە. دایناميزمی سەرلەنوێ بەرهەمهینانەوەی ئەم ڕژێمەی کوردستان و ئەم دوو ئیدارەییە لە ئەمڕۆدا، بەدەر لە فاکتۆرە سیاسی و سەربازیەکانی، لە ناو پەیوەندەیە ئابووریەکانی کۆمەلگەدایە و پیداویستەیە سیاسیەکانی

بۆ ل٢

## بەبۆنەی دوو ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەدیلەوە ڕاپۆرتێک بە نێو ڕێکخستن و هەلسوڕاوەکانیدا....ل٩




## بەرجەستەکردنەوەی سۆشیالیزم وەک بەدیلێکی واقعی بۆ ئەم هەرێمە ئەرکی هەر ئێستامانە ..... نادر عبدالحمید ل٣

## شەپۆلێک لە خۆپێشاندان لە مانگی هەشتی ئەمساڵدا (ئابی ٢٠٢٠) زوربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە.



ئەمە تەقینەوەی ناڕەزایەتیەکی پەنگخواردوو، نەفرەت و بێزاری جەماوەرە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کە هەر ماوە نا ماوەیەک کارمەندان و کرێکارانی موچەبڕاو، خوێندکارانێک کە زانکۆ و پەیماگاکانیان تەواو کردوە، لاوانێکی کچ و کوڕ کە بێکاری بەسەریاندا سەپاوە و ئاسۆی ژیانێکی سەردەمیانە بەڕوویاندا داخراوە، خەڵکانێکی برسی کراو و هەژاری داسەپێنراو بەسەریاندا، هەڵدەڕژێنە سەر شەقامەکان دژ بەو بارودۆخە، هەروەها دژ بە گەندەڵی و دزینی سەروەت و سامانی گشتی لەلایەن حزبەکانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتیەوە.

هێزە سەرکوتگەرەکانی (پارتی) هەر لە سەرەتاوە بەر لەسەرهەڵدانی خۆپێشاندانەکە لە ١٢ی ئابدا سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە کەوتنە ڕەشبگیری چالاکوان و ڕۆژنامەنوسان و هەتا داخستنی ئۆفیسی هەندێک لە کەناڵە ئاسمانیەکانی ڕاگەیاندنیش لە شارەکانی دهۆک و هەولێر و بڵاوەپێکردنی هێزێکی زۆر لە بەڵتەجی و بەکرێگیراوی چەکدار بە جلی مەدەنیەوە و بۆ خولقاندنی کەشوهەوایەکی تۆقاندن و بەرگرتن بە سەرهەڵدانی خۆپێشاندانەکە، وە بەگشتی زیاتر لە حەفتا کەسی گرت و خستنیە زیندانەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو سەرکوتگەریانەشدا خەڵکی لێڕەولەوێ بەشکڵ و شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتیان دەربڕی و بەتایبەت لە زاخۆ خۆپێشاندانی بەرفراوانیان ئەنجامدا.

هەرچی لە ناوچەی زۆنی سەوزیشە هێزە سەرکوتگەرەکانی (یەکیەتی) خەریکی داپڵۆسین و گرتن و ڕاوەدوونانی خۆپێشاندەران و بەکارهێنانی توندوتیژی بوون و دەستیان نەپاراست گرتنی هەتا گەنجان و لاوانی خوار تەمەن هەژدە و بگرە پانزە ساڵیش.

شایەنی باسە گەرچی (نەوەی نوێ) بانگەوازی بۆ خۆپێشاندان کردبوو وە پێشوەخت ئەجەندای سیاسی خۆی ڕاگەیاند بوو کە خوازیاری (حکومەتی تەکنۆکرات) و (هەڵبژاردنی پێشوەختە)یە بەڵام ڕوخسار و سیمای ئەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانە ئەوە نەبوو کە ئەو ئەجەندا سیاسیە بۆی کێشابوو بەڵکو خۆپێشاندەران زۆر لەوە واوەتر ڕۆشتن؛ لەشاری قەڵادزێ وێڕای بەردەبارانکردنی بارەگای حزبەکانی دەسەڵات هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای (گۆڕان) بۆ سوتاندنی، ئەو حزبەی کە بە هەمان ئەجەندای سیاسی ئێستای (نەوەی نوێ)وە لە دەساڵی ڕابردوودا هاتبۆ مەیدان.

ئەمە و لە شاری ڕانیە دروشمی (نا بۆ دەسەڵاتی ستەمکار، نا بۆپەڕلەمانی کارتۆنی، نا بۆ ئۆپزسیۆنی ساختە) بەرزکرایەوە و لە سلێمانی و سەید سایەقیش دروشمی (نا بۆ حکومەت ... نا بۆ پەرلەمان ... هەموو دەسەڵات بۆ خەڵک) بەرزکرابۆوە.

ڕێکەوتنی نێوان ئیسرائیل وئیمارات، بزمارێکی تر لە تابوتەکەی ((عروبە))! ..................عەبدوڵا ساڵح........ ل٤

شۆڕش لە کوردستاندا، شۆڕش لە عێراقدا، ڕێگاکان و ئاستەنگەکان ...............جەمال کۆشش ......... ل٤

خۆپیشاندانی پەرستاران و کرێکارانی کەرتی تەندروستی لە بەریتانیا......................... سورەیا تاهیر.......... ل١٠

دوو ئەجندای سیاسی جیاواز
لە خۆپێشاندانەکانی ئابی ٢٠٢٠دا.....نەوزاد بابان..........ل١١

بانیژەی ئەدەب و کلتوور
ئامادەکردنی/ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش
ل٥

پاشماوەی ل١

# دەسەڵاتی "دوو ئیدارەیی" و سەرمایە، قۆڵپی شۆرش لە کۆمەڵگەی چیانیەتی کوردستاندا



حەرەکەتی سەرمایە و سەرمایەداری ئەمڕۆیە بە شکلی کۆنکریتی لە کوردستاندا کە فەراهەمیان ئەهێنیتەوە.

بەرچاوڕوون بوون و دەستنیشانکردنی واقیعەتی سیاسی و سەربازی کوردستان و خۆی چۆنە ئاوابینینی و نیشاندانی پەیوەندی ئەم رژیمەی ئێستا و "خێروبێری" بۆ بۆرژوازی ئیمپریالسیتی و ناوچەیی و ناوخۆیی، سەنگی مەحەکە بۆ بەرگری کردن و خەبات لە نیو بەرەکانی جەنگی شۆرشگێڕانەی کریکاران و نەدارنی کوردستان.

دیارە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دەسەلاتی میلێشیایی ئەم دوو حزبە، پارتی و یەکیەتی، و تەنانەت دوو ئیدارەکەشی، لە کەش و هەوای جیۆسیاسی و جیۆستراتیژی دەولەتانی ناوچەکە و کێشمەکێشی نیوانیان هەردەم ووزە و توانا وەرئەگریت بە تایبەت بۆ ڕاگرتنی تەرواززووی هێزی نیوانیان. نمونە هەر نزیکەکان لەم بارەیەوە، پەنا بردنی پارتیە بۆ رژێمی بەعسی فاشی، و یەکیەتیش بە دوایدا بۆجمهوری ئیسلامی ئێرانی ئیعدام و کوشتار، لە ٣١ ئابی ١٩٩٦، و هەروها هاوپەیمانی پارتی و تورکیایە بۆ داگیرکردنی داعش بۆ موسڵ سالی ٢٠١٤، و هاوکاری یەکیەتیە لەگەڵ قاسم سولیمانی، بۆ هێرشی سەربازی و مێلیشی عیراق بۆ کرکوک و دەوروبەری لە ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ .

مەسەلەی سەرکی ئەوەیە کە ئەم دابەش بوونە و ڕزگار بوون لە دوو ئیدارەیی و دامەزراندنی حکومەت و ئیدارەیەکی سەرتاسەری لە کوردستاندا ئەمرۆ گەیشتۆتە پلەیەکی ئەوتۆ کە کۆتایی هێنان پیی گرێدراوە بە سەرجەم تێکرمانی رژیمی سیاسی فەرمانرەوا لە کوردستاندا. وە نەک ئەمش بەڵکو پەیوەست بوەتەوە بە رزگار بوون لە ئاسۆ و سیاسیەتی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد و کۆتایی هێنان بە زاڵی ئەم ئاسۆیە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. گەر ڕوون تر بڵیم، کۆتایی هێنان بە دوو ئیدارەیی و دوو دەسەلاتی نەک هەر بە چاکسازی و دەوڵەتداری بورژوا ناسیونالیست ناکریت بە هەموو بالەکانیەوە بەڵکو لە چوارچیوەی ئاسۆی ناسیونالیزمێشدا ئەنجام نادرێ.

بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستاندا وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی بورژوازی کورد وە وەک ووزەی ئەم چینە بۆ دامەزراندنی نەزم و نیزامی بورژوا ناسیۆنالیستی کورد لە کوردستاندا، هەتا ئیستا توانیویەتی لە دەسەلاتداریەتی ئەم دوو حزبە میلیشیەدا خۆی بەرجەستە بکاتەوە و بەم تالان و برۆیە کریستەلایز ببێ. ئەم دوو حزبە دەسەلاتدارە بۆ خۆیان جگە لەوەی کە میژووی هەوڵ و تەقەلا سیاسیەکانی ناسیونالیزمی کوردیان بەرجەستە کردۆتەوە و بە زەبری چەک و ئیمکانات و ساتوسەودای نیو دەولتی کردویانە بە هیزیکی سیاسی چەکدار هەم لە بەرامبەر دەوڵتی مەرکەزی و هەم وەک ئامرازی دەسەلاتداری و سەرکوتی چینی چەوساوەی کوردستان.

ئەوەی کە پاکانە ئەکات بۆ بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد و بەجیا ئەیبینێ لەم دەسەلاتە و لەم گەندەڵکاریە، ئەوە وەهم و فریوکاری پەخش ئەکات لە ناو جەماوەردا و رەخنەی باڵی لیبرال قەومیەکانە کە ئەیانەوێت دەوڵەتی کوردی بورژوازی دروست بکەن بەلام گوایە بەبێ هیزی مێلیشی و گەندەڵی. ئەزمونی دەسەڵاتی پارتی و یەکیەتی دروست کردنی دەوڵتی نەتەوەیی بورژوازیە لە کوردستاندا ئەوە گرنگ نیە کە لە کۆیوە هاتوون بەڵکو ئەوە گرنگە کە چۆن سەرلەنوێ خۆی بەرهەم ئەهێنیتەوە.

## هەڵبژاردن و پەرلەمان و کابینەسازی، بۆ وەلانانی دەسەڵاتی دوو ئیدارەیی نیە

هەڵبژاردن و پەرلەمان و کابینە دروست کردن لە کوردستان کە لە پاش سالی ٢٠٠٣ و ڕوخانی ڕژیمی بەعس دێتەئاراوە، بۆ دەستکاریکردنی ئەم واقیعەتە سیاسی و سەربازی و ئابووری و دوو ئیدارەیی و دەسەڵاتە حزبیە نەبووە و نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە دەسەڵاتەکەیە کە ئەم ئاریشە پەرلەمانیە لە جەستەی خۆیدا هەرس ئەکات و ئەم ڕەنگ و ڕوخسارە سیاسیە "دیموکراسیە" بە خۆی ئەدا.

پرۆسەی هەڵبژاردن و پەرلەمان ئامرازی سیاسی بورژوازیە بۆ "شەرعیەت"! وەرگرتن لە جەماوەر، نەک مەبەست لێی هەڵپێچانی دەسەلات و گۆڕینی بێت وەک ئۆپۆزسیۆنی قەومی "نەوەی نۆێ" و "گۆڕان" لە قەڵەمی ئەدەن. تێکەڵکردنی ئەم دوو مەسەلەیە، واتە پرۆسەی هەلبژاردن و پەرلەمان و کابینە سازی وەک گۆڕینی دەسەڵاتی"دەوڵەت" لە کوردستاندا شتیک نیە جگە لە فریوکاری بە دژی کرێکاران و چەوساوەکان و مەبەست لێێ ئامانجی سیاسی و ستراتیژی ترە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن و پەرلەمان و کابینە دروستکردن بۆ خۆی پرۆژەی ئەمریکایە بۆ رژیم سازی لە کوردستان و عیراقدا، بەڵام لە لایەن ئەمریکاشەوە ئەم پرۆسەیە بۆ ئەوە نەبووە و نیە کە دەسەڵات و دوو ئیدارەیی بگۆڕیت بەڵکۆ بۆ جوانکردنی دیمەنیەتی بەم دیمۆکراسیە پەرلەمانیە. گەر وەک ئاکامی لاوەکی ئەم پرۆسەیە ئەم حزب یا ئەو حزب لە دەسەلاتدا بەهیز تر ببێ یا لاواز تر ببی ئەوە هیچ لە ئەسڵی مەسەلکە ناگۆڕێ.

## ئامانج و ستراتیژی دەوڵەتسازی و ڕژێمسازی بورژوازی، بە پۆششی "چاک سازی" و "باشبژێوی" جەماوەر

"بزوتنەوەی گۆڕان" و کاریکاتۆرەکەی ئەمرۆشی، حزبی "نەوەی نۆێ "، کە لە بنەڕەتدا بۆ بە ئاکامگەیاندنی ئامانجی سیاسی و ستراتیژیان بۆ بونیاتنانی دەوڵتی بورژوازی کورد و دەوڵەتسازی بورژوازی هاتونەتە گۆرەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، و فەلسەفی هەبوونیان لیرەوە بووە و هەیە، ئەیانەوێت نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بکەنە سووتەمەنی جیبەجیکردنی ئەو ئامانجە سیاسی و ستراتیژیانەیان.

بە کەمێ ووردبونەوە ئەبینین کە ئەو "چاکسازی"یەی ئەم ئۆپۆزسیۆنە باسی لێوە ئەکات پاشکۆی شتێکی ترە، وە بۆ شتیکی تر و ئامانج و سیاسەت و ستراتیژیەتیکی تر هاتۆتە ئاراوە. وادەدانیان بەوەی کە ئەمان خۆشگوزەرانی و باشبژێوی و "چاکسازی" و "گۆڕانکاری" ئەنجام ئەدەن، لە ڕاستیدا بۆ هاندانی سیاسی و هەڵخڕاندنی خەڵکی نارازیە بە دەوری ئامانجە سیاسی و ستراتیژیەکانیان. واتە بۆ دەوڵەتسازی بورژوا ناسیونالیزم تا بتوانن لە ڕێگەیەوە گەشەی سەرمایە و سەرمایەداری لە کوردستاندا هەرچی زیاتر بەرەوپێشبەرن. وە ئەمەش هێچ پەیوەندیەکی بە دابین کردنی باشبژێوی و یەکسانی و ئازادی خەڵکی کرێکار و نەداری کۆمەڵگەوە نیە.

ئاشکرەشە ئەم ڕەوتە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەی بورژوازی بە دیاریکراوی ئەنجامدانی ئەم گەشەسەندنە ئەبەستێتەوە بە پیادەکردنی هەرچی خیراتر و هەمەلایەنەتری مۆدیلی ئابووری سەرمایەداری بە شیوازی نیولیبرالیزم، واتە گەشەدان بە جوڵە و کەڵەکەی سەرمایەی کەرتی تایبەت و خەسخەسەی کەرتی ئابووری و خزمەگوزاری گشتی و بێبەشکردنی زیاتر و چەوساندنەوەی توندوتیژ تری کریکاران و زەحمەتکێشان و بیکاری زیاتر ...هتد.

ئەوانە هەمووی لە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە یانی، هەم سەقامگیرکردنی دەوڵەتی بورژوازی کورد، کە شتێک نیە جگە لە ئامرازی سەرکوتی چینی کریکار و نەدارنی کوردستان، وە هەم تەختکردنی رێگەی بەردەم کەڵەکە و جوڵەی سەرمایە کە پیکەوە لە گەڵ دەوڵەتدا بە هەردوولایان یەکەیکەن و سیستەمیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فەراهەم ئەهێنن. ئەمە کاکڵەی مەسەلەکەیە. دەوڵەت و دەوڵەت سازی بورژوازی و تەنانەت رژێمسازیش کە هەندی بە ناوی سۆشیالیزمەوە هەوڵی بۆئەدەن هەر لەم تەوەرەیەدایە، واتە دروست کردنی نەزم و نیزامی سیاسی سەرمایەی نەتەوەیی لە کوردستان و دابەش بوونی زیاتری "نەتەوە" بە دوو "نەتەوە"ی دژ بەیەک؛ بورژوازی و کرێکار و چەوساندنەوە و بێبەشکردنی هەرچی زیاتری دووهەمیان.

چینایەتی سەربەخۆی کریکاران و نەداران و لاوانی کچ و کوڕی ئەم چینە فەراهەم ئەهێنرێ. بۆ ئەمان ئەنجامداندانیان هەم ستراتیژ و هەم ئامانجی سۆشیالیستی خەباتی چینایەتیانە وە پەیوەست بوەتەوە بە هیز و توانای سیاسی و فیکری و ریکخراوەیی سەربەخۆیان.

نەک هەر پرۆپاگەندەی باشبژێوی و ئاسودە بوون لە چوارچێوەی ستراتیژی و ئاسۆی ئۆپۆزسیۆنی بورژوا ناسیونالیست و هاوپەیمانانی کۆنەپەرستی ئیسلامیان، فریودان و خەڵەتاندنی جەماوەری نەداری کوردستانە، بەڵکو ئاسۆ و سیاسەت و ئامانجی ریفۆرمخوازی چەشنی (حزبی شیوعی کوردستان) و باڵی چەپی ناسیۆنالیزمی کورد لە چەشنی لایەنگرانی "کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی" سەروو چینایەتی هاوبیرانی (پ.ک.ک)ەش پەردەپۆشی و بەلارێدابردنی جەنگی چیناتی کریکارە بە دژی بورژوازی.

## دەسەڵاتی دوو ئیدارەیی و سەرمایە، خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سەرتاسەری کوردستاندا

دوو ئیدارەیی و دوو دەسەڵاتی حزبی و مێلێشیایی، بە سروشتی، بۆ چەندین ساڵە بوەتە هۆی پەرژوبڵاوی ڕیزەکانی

حکومەتی هەریمی کوردستانە، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە تاڵان و برۆی سەروت و سامان و سەرچاوە سروشتیەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیان بە ئازادانە بکەن و بە زەبری هیزی چەکداری میلیشیایی و هیزە ئەمنیەکانیان درێژەی پێبدەن.

ئاشکرایە کە ئەم دابەش بوونە ناوچەیە بە گۆیرەی پەرەسەندنی دوو قۆناغی جیاوازی ئابووری ئەم دوو ناوچەیە سەریهەڵنەداوە، بە پێچەواونەوە دابەشبوونی ناو یەک قۆناغی ئابووری و کۆمەڵایەتیە کە سەرمایەداریە. لە هەردو لایاندا سەرمایە و سەرمایەداری لە کاردایە و تۆیژەکانی سەرمایەی مالی و پێشەسازی و بازرگانیە کە ژیانی ئابووریان بەدەستە، وە بە هەزارو یەک پەتەوە بەستراونەتەوە بە سەرمایەی جیهانی.

دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردستان و سەرمایە لە کوردستاندا وەک هەر شۆینیکی تری جیهان لە یەکەیەکدان. هەر بۆیە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم دوو ئیدارەییە، یا

> "بزوتنەوەی گۆڕان" و کاریکاتۆرەکەی ئەمرۆشی، حزبی "نەوەی نۆێ "، کە لە بنەڕەتدا بۆ بە ئاکامگەیاندنی ئامانجی سیاسی و ستراتیژیان بۆ بونیاتنانی دەوڵەتی بورژوازی کورد و دەوڵەتسازی بورژوازی هاتونەتە گۆرەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە. و فەلسەفی هەبوونیان لیرەوە بووە و هەیە. ئەیانەوێت نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بکەنە سووتەمەنی جیبەجیکردنی ئەو ئامانجە سیاسی و ستراتیژیانەیان.

ئەم فریوبازیەی بورژوا ناسیۆنالیستی ئۆپۆزسیۆن وەک ئەوانەی ئیسلامیستەکانی کوردستان وایە، دیارە بە ئایدیۆلۆجیەکی ترەوە. لای هەمووان ڕوونە کە واژەکانی وەک "باشبژێوی" و "چاکسازی" و "گوڕانکاری"، بۆ حزب و ڕەوتە ئۆپۆزسینۆنە ئیسلامیەکانی ئەمڕۆی ئەم کۆمەڵگەیە، لە پەیوەند بە ستراتیژی بونیانت نانی دەولتی ئیسلامی و بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە و ڕژیمی فەرمانڕەواوە مانای هەیە. هەر قسەوباسێکی ئیسلامیەکان لەوێوەیە کە "چارەسەری" مەسەلەکان لە هینانە سەرکاری ڕژێمێکی ئیسلامیدایە!!، واتە لە چەشنی ئەو دۆزەخەی کە زیاتر ل ٤٥ ساڵە کۆمەڵگەی ئیرانی بەدیل گرتووە یا لە چەشنی ئەوەی کە ئوردوگان ئێستا کەوتۆتە سەر چەسپاندنی و یا دەوڵتی داعشی.

ئیسلامیزم لە کوردستاندا وەک هەر شۆینیکی تر لە جیهانی سەرمایەداری ئەمڕودا بەر لە هەموو شتیک بۆ خنکاندنی وزەی شۆرسگیرانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشان لە ئارادیە و هیزی دژە شۆرش و کوتەکی فاشیستی بورژوازیە بۆ سەر سەری چەوساوە و نەدارن. ئەمرۆ کە بورژوا ناسیونالیزمی دەسەلاتدار و ئۆپۆزسیون لە هاوکاریدان لە گەڵیاندا، لە بنەرەتدا لە سەر ئەم هاوپەیمانیە موقەدەسەوەیە بە دژی شۆرشی کریکاران و چەوساوەکان لە کوردستاندا، ئەمە نیشانی ئەدا چی لە هەبگەی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوا ناسیونالیستدایە بۆ نەداران و زەحمکێشان.

باشبژێوی و ئازادی و یەکسانی بۆ خەلکی نەداری کوردستان لە شۆینیکی تری کۆمەڵگەوە سەرچاوە ئەگرێ و بە هیزی

خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی هەردوو ناوچەکە. پرۆپاگەندەی ژەهراوی ناوچەگەریەتی و دووبەرەکی و کێشمەکێشی هیزەکانی بۆرژوا ناسیونالیزم و شەڕ و پێکدانەکانیان، بۆ خۆیان کاریگەری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر هوشیاری جەماوەری چەوساوە و نەدار لە هەردوو لادا. ئەمە جگە لەوەی کە کۆنترۆڵی ژیان و چارەنوس و ئاسودەیی ئینسانەکان لە لایەن هیزی مێلیشیای ناوچەیەوە، خۆی لە خۆیدا، تیکدانی نۆرمی ژیانی ئاسایی دانیشتوانە. بە تیکرا هەموو ئەمانە ڕیگری دروست ئەکەن لە بەردەم خەباتی شۆرشگیرانە و ئازادیخوازنەی ناو کۆمەڵگە و کاری کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان و چالاکەوانانی بزوتنەوەی کرێکاریش قورستر ئەکا.

هەر بۆیە دوو ئیدارەیی نەک هەر واقعیەتیکی سیاسی کوردستانە بەڵکو ستراتیژیەکی حوکمرانێشە بۆ دریژەدان بە رژێمی ئیستای کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندی دەسەلات بە گشتی و کۆنترۆڵ و سەرکوتی جەماوەری نارازی. پارتی توانیویەتی بە سەرکوت و کوشتوبڕ دەسەلاتی خۆی بە ڕووی خەڵکی نارازیدا بسەپێنی و یەکەیتیش بە هەمان شیوە و تا بۆی لوا بێت ئەو کارەی کردووە.

مەسەلەی جەوهەری ئەوەیە: ئەم دوو ئیدارەیە لە فۆرمی ڕەسمی حکومەتی هەریم و پەرلەمان و دامودەزگاکانی تریدا، بواری ئەوەی خۆڵقاندووە کە کەسب و کاری ئەو سەرمایەیەی کە پەیوەستە بە دەسەڵاتداری ئەم دوو حزبەوە، و هەروەها سەرمایەکانی دەوربەریشیان، لە برەودا بێت و سوود لە چوارچیوەی ڕژێمێکی سەرتاسەری بکات کە

ڕونتر بڵیم، ئەم دوو دەسەلاتە مێلێشیەی بورژوا ناسیۆنالیست، هەر بە زەبری چەک و میلیشیا و هیزە ئەمنیەکانیانەوە نیە، وە تەنانەت بە هۆی فاکتۆری ئایدیۆلۆژی و سیاسی و حزبی و ناوچەگەریەتیشەوە نیە، کە سەرلە نوێ بەرهەم ئەهێنرێتەوە، بەڵکوئەمرۆ بە دیارکراوی بە هۆی ئەوەوەیە کە لە باری ئابووریەوە ئەم دابەشبوونە ئیداریە تەبایە لەگەڵ کەڵەکەی سەرمایە و سەرمایەداری لە کوردستاندا و بەم فۆرمە کونکریتەیەوە.

هەربۆیە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی گشتی لە کوردستاندا و سەرکەوتنی بە کردوەی گرێدراوەتەوە بە هیز و توانای سیاسی و ڕێکخراوەیی و فیکری چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و نەداران، و بە پلەی ڕێکخستن و یەکگرتنی ڕیزەکان و ئۆرگانەکانی خەباتیان لە سەرتاسەری کوردستان و عیراقدا. ئەم ئاڵۆگۆریە تەنها وەک ساتیک لە شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کریکار ئەتوانی سەرکەوتوو بێت.

بورژوا ناسیونالسیتی ئۆپۆزسیون و ڕەوتە بۆرژواکانی تر نەک هەر لە توانایاندا نیە دوو ئیدارەیی و دەسەلاتی میلیشییایی کۆتایی پیبهێن بەڵکو دەستەوسانیشن لە بەرامبەر هەڵخراندنی جەماوەر لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان، چونکە بە کردەوە قوڵپی شۆرش لە شۆینیکی تری کۆمەڵگەی چیانیەتی کوردستانەوە لێئەدا.

٥ ی ئەیلولی ٢٠٢٠

# بەرجەستەکردنەوەی سۆشیالیزم وەک بەدیلێکی واقعی بۆ ئەم هەرێمە ئەرکی هەر ئێستامانە



نادر عبدالحمید

ئەو نارەزایەتیانەی کە لە کوردستانی عێراقدا لە ئارادایە و هەر ماوە نا ماوەیەک لە شکڵی مانگرتن و خۆپێشاندا سەرهەڵدەدات بەشێکی دانەبڕاوە لە قەیرانێکی هەمەگیری سەرمایەداری و بنبەستی دەسەڵاتە بورژواکانی ئەمڕۆ لە سەراسەری جیهاندا.

وڵاتانی هەردوو ئەمریکای باکور و لاتینی، وڵاتانی ئەوروپا و ئەفریقیا و ئاسیا، زوربەیان نوقمی نارەزایەتی و خۆپێشاندان و ڕاپەڕینی جەماوەری بەرینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشانن، لەوانەش وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست، لە تارانەوە بیگرە تا بەیروت و بەغدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

سەرمایەداری لە جیهانی ئەمڕۆدا لەگەڵ کۆمەڵگەی بەشەریدا کەوتۆتە دژایەتیەتیەوە؛ مەودای بێکاری، هەژاری و برسیەتی هێجگار بەرفراون بۆتەوە، جەنگ و پەتای نەخۆشی و پیسبوونی ژینگە لەو مەترسیانەی سەرمایەدارین کە هەڕەشە لە ژیانی گشت مرۆڤایەتی دەکەن. دەسەڵاتە بورژواکانیش جگە لە جەنگ و کێشمەکێشی نیوانیان و تیرۆر و توندوتیژی دژ بە جەماوەری نارازی و هەڵسوڕاوانی مانگرتن و خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکان، ئاسۆیەکی تر شکنابەن بۆ بەرگری لە مانەوەی خۆیان، ئەم سیستمە و ئەم دەسەڵاتە، بەتایبەت لە کوردستانی عێراقدا بۆ ڕزگارکردنی خۆی خەریکە کۆمەڵگە دەکاتە قوربانی.

هەرێمی کوردستانی عێراق وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەم وڵاتە بە تایبەتمەندیەکانی خۆیەوە، گەیشتۆتە چرکەساتێکی هەستیاری مێژوویی لە قەیرانێکی هەمەلایەنەی ئابوری-سیاسی و کۆمەڵایەتی-فکری کە تیایدا لەڕووی بابەتیەوە کۆمۆنیزمەکەی وەک هەر بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ و پرۆلیتاری لە وڵاتێکی سەرمایەداری قەیرانگرتوودا، ڕووبەڕووی ئەرکی بەرجەستەکردنەوەی سۆشیالیزم بۆتەوە وەک بەدیلێکی واقعی بۆ ئەم هەرێمە، ئەویش لە ڕێگەی ڕێکخراوکردن و چەکدارکردنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشان بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی ئینتەرناسیونالْ.

ئەم قەیرانە هەمەلایەنە ئاکامی سیستمێک و ڕژێمێکە کە لە ماوەی بیست و نۆ ساڵی ڕابردوودا وایکردوە کەمایەتیەکی کەم سەرمایەیەکی ئەستور کەڵەکە بکات بە ملیارەها دۆلار، لە ڕێگەی دەستگرتن بەسەر سامانی سروشی و بازرگانی دەرەکی و هەموو شادەمارێکی ئابوری ئەم هەرێمە، هەر ئەم کەمایەتیەی کە ملیاردێرە هەرە گەورەکانی هەرێم و خاوەنداری کۆمپانیا هەرە زەبەلاحەکان و پشکدارن لە حکومەتی ناوەندی بەغا، هەر خۆشیان خاوەن دەسەڵات و میلیشیا و حکومەتی هەرێمەکەن، بەم پێیە ئەوە بەرژەوەندی بورژوازی گەورە و سەرمایەی مۆنۆپۆلە کە ئابوری و سیاسەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کۆنترۆڵکردوە و ئاراستە دەکات و بەم ڕۆژەی گەیاندووە.

ئەوەش کە گوڕی بەم ڕەوەندە بەخشیوە بەتایبەت لە شەش حەوت ساڵی ڕابردوودا پیادەکردنی ڕێنماییەکانی (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) و (بانکی جیهانی) بووە بە خێراییەکی زۆرەوە لە دەستبەردار بوونی حکومەتی هەرێم لە کەرتی گشتی و دانەمەزراندن و بەتایبەتی کردنی (خەسخەسەی) کەرتی تەندروستی و خوێندن و خزمەتگوزاریەکان، کە لایەک شەرعیەتێکی قانونی داوە بە تاڵانی سەروەتی گشتی کۆمەڵگە لەلایەن کەرتی تایبەت و لایەکیش کارەساتێکی ئینسانی بەدوای خۆیدا هێناوە کە خانەوادە زەحمەتکێشەکان نەتوانن خەرجی خوێندن، نەخۆشکەوتن، کرێخانوو و پێداویستیەکانی ژیان دابین بکەن.

ئەم سیاسەتی برسی کردنەی دەسەڵات و حکومەتی هەرێم لەم سەردەمەی کرۆنادا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی هەرێمەکەی کردۆتە بارمتەی کێشمەکێشەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و نەک هەر دەست نابات بۆ ملیارەها دۆلاری کەڵەکە بوو لای کۆمپانیاکانیان بۆ دابینکردنی بودجەی تەندروستی و کۆمەگی بێکاران و خانەوادە کەم دەرامەتەکان، بەڵکو ئەو هەلەشی قۆزتۆتەوە بۆ فەرامۆشکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەک خەستەخانە و گوێنادات بە نارەزایەتی و مانگرتنی پزیشکان و کارمەندانی کەرتی تەندروستی دژ بە دوا کەوتنی موچەکانیان، تا ببێتە هۆکارێک بۆ وازهێنانی پزیشکان و کارمەندن لەو کەرتە و داخستنی خەستەخانە گشتیەکان و سپاردنی بە کەرتی تایبەت بۆ داتەکاندنی هەرچی زیاتری گیرفانی هاوڵاتیان.

ڕەخنەی لیبراڵانە سەرچاوەی ئەم بارودۆخە قەیراناویە و ئەم تراژیدیایەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەگەڕێنێتەوە بۆ لێنەهاتوویی، نەزانینی ئیدارەکردنی وڵات، عەشائیریەت و باڵادەستی بنەماڵە بەسەر حزبەکانی دەسەڵات، سوڵتانیزم و ساختەکاریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بۆ ڕێگری لە دەستاودەسپێکردنی دیموکراتیانەی دەسەڵات. بەمەش پەردەپۆشی هۆکارە بنچینەیی و سەرەکیەکەی دەکات کە سیستمی سەرمایەداری و نیولیبرالیزم و ناوەڕۆکی چینایەتی ئەم دەسەڵاتەی هەرێمەکەیە.

بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی نەک نوێنەری عەشائیریەت و دواکەوتوویی بەڵکو دوو تاقمی مافیای ناو ئەو توێژە لە بورژوازین کە جومگە سەرەکیەکانی ئابوری هەرێمەکەیان مۆنۆپۆل کردوە و لە بواری نەوت و بازرگانیدا کاردەکەن و بەهەزار و یەک سەرەداو لە بەرژەوەندی ئابوری، سیاسی، عەسکەری و سیخوڕی بەستراونەتەوە بە دەوڵەتە بورژواکانی ناوچەکە و ئیمپریالیستەکان و کۆمپانیا جیهانیەکانەوە. هیچ مانگێک تێناپەڕێت کە چەند بەرپرس و شاندی وڵاتە ئیمپریالیستەکان میوانی هەولێر نەبن، وەیا شاندی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی (پارتی) و (یەکیەتی) میوانی پایتەخەکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرسی ناوچەکە نەبن، ئەمە بەڵگەی "لێنەهاتوویی و نەزانینی ئیدارەکردنی وڵات و عەشائیریەت و سوڵتانیزم" نیە، ئەمە بەڵگەی نوێنەرایەتیکردنی بورژوازی کورد و لێکهەڵپێکانی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانیەتی بە بورژوازی ناوچەکە و جیهانەوە.

لە ڕاستیدا بەرژەوەندی ئەو توێژەیە کە حزبەکانی دەسەڵات و بنەماڵەکانیان و عەشایەریەت و هێزی زێرەڤانی سەرکوتگەر و دژە ترۆری دەمامکدار و خورافاتی قەومی و دینی و عەشایەری بەکاردێنێ تا ئاسایش و ئارامی دابین بکات بۆ کەڵەکەی سەرمایە و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی لەسەر حیسابی تێکدانی ئاسایش و ئارامی ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش و ئایندەی نەوەکانی داهاتوو.

بەڵام کاتێک برسی کردن و تێکدانی ئارامی ژیانی خەڵک سەردەکێشێ بۆ نارەزایەتی، مانگرتن و خۆپێشاندان و ڕاپەڕین، ئەو کاتە ئەو توێژانەی تری بورژوازی کە بەرژەوەندیان هەیە لە وەلانانی قۆرغکاری ئابوری و سیاسی وڵات و خوازیارن و لە هەوڵی بەرفراوانکردنی بنکەی فەرمانڕوایەتی بورژوازیدان، ڕەوتگەلێکی سیاسی بە ئەجەندای ئاڵوگۆڕێکی ڕوکەش و فۆرماڵی سیاسی لە دامەزراوەی حوکمڕانی و دەسەڵاتدا دێننە مەیدان تا سیستمی سەرمایەداری و کەڵەکەی سەرمایە پارێزراو بێت لە مەترسی شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکێشانێک کە برسی کراون و هەژاری و بێکاری داسەپاوە بەسەریاندا.

ئەوە ئەو ئاڵوگۆڕە فۆرماڵە شکڵیە سیاسیەیە لە دامەزراوەی حوکمڕانیدا کە لە ئێستادا (نەوەی نوێ) و ئۆپۆزیسیۆنی قەومی ئیسلامی بانگەوازی بۆ دەکەن، تا پاشەکشە بکەن بە (پارتی) و (یەکیەتی)، وە ناچاریان بکەن بە پێکهێنانی (حکومەتێکی کاتی تەکنۆکرات) لە کەسانی لێهاتوو، پسپۆڕ و شارەزا و بیرۆکرات کە (هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی) لە ماوەی شەش مانگدا ئەنجامبدات، تا حزبە ئۆپۆزیسیۆنە قەومی و ئیسلامیەکان بتوانن حکومەتی هەرێم بگرنەدەست لە ڕێگەی بەدەستهێنانی زۆرینە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا. (ئەمە تا چەند خەیاڵی و ناعەمەلیە باسی ئێرە نیە، بەڵام) ئەمە ئەجەندای سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوا قەومی و ئیسلامیە بە پاڵپشتی ڕۆشنبیرە لیبراڵەکانی کوردستان بۆ ئاراستەکردن و لە قاڵبدانی نارەزایەتیەکان و بەرگرتن بە پەرەسەندنیان و بەرزبوونەوەیان بۆ ئاستێک کە بەرژەوەندیەکانی گشت بورژوازی و کەڵەکەی سەرمایە بخاتە مەترسیەوە.

سەرمایەداری ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستانی عێراق زۆر لە سەرمایەداری سەردەمی کۆمۆنەی پاریس (١٨٧١ی فەرەنسا) و شۆڕشی ئۆکتۆبەر (١٩١٧ی ڕوسیا) گەشەکردوترە، لە قەیرانێکی هەمەگیردایە و لەگەڵ ژیانی ئاسایی جەماوەری زەحمەتکێشدا کەوتۆتە ناکۆکی کوشندەوە و دەسەڵاتە بورژوازیەکەشی گەیشتۆتە بنبەست و ڕوبەڕووی نارەزایەتیەکی هەمەلایەنەی جەماوەری بۆتەوە و تەنها بەحوکمی میلیشیا و سەرەنێزە خۆی هێشتۆتەوە.

ئەم بارودۆخە سێ ئەگەر دەخاتەڕوو، یەکەم مانەوە و درێژەدانی دەسەڵات لە ڕێگەی سەرکوت و ئەو چاکسازیە پوچ و بێناوەڕۆکەی کە بەرنامەی حکومەتی هەرێمە، دووەم ناچار بوونی دەسەڵات بە پاشەکشە و ملدانی بە ئەجەندای ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردنی پێشوەختە و ئاڵوگۆڕێکی شکلی سیاسی، سێهەم ڕاپەڕین و هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە کە ئایندەکەشی ڕون نیە بەرەو کوێ دەڕوات.

ئەمانە فاکتۆرە مادیەکانی هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەن کە لە ئێستادا لە ئارادایە، بەڵام ئەوەی کە ڕێگرە ئەم بارودۆخە شۆڕشگێڕانەیە بگۆڕێت بۆ قەیرانێکی شۆڕشگێڕانە و دەسەڵاتی بورژوازی و سیستمی سەرمایەداری بخاتە ژێر پرسیارەوە؛ لە ئارادانەبوونی فاکتۆری خودیە، بەرجەستەنەبوونەوەی ئاسۆی سۆشیالیزم و هەمەگیرنەبوونی جەماوەریانەیەتی، ڕێکخراونەبوونی جەماوەرە، لە سەندیکا و یەکیەتیە کرێکاریە سەربەخۆکان و لە شۆرا و کۆمۆنە و کۆمەڵە هەرەوەزیەکان و کۆمیتە شۆڕشگێڕیەکاندا بەو ئاسۆیەوە، ئامادە نەبوونی حزبێکی پێشڕەوی خاوەن دەستپێشکەری کۆمۆنیستیانەی شۆڕشگێڕە لە مەیدانەکەدا کە هەموو ئەوانە لە یەکەیەکی لێکهەڵپێکراودا بەیەکەوە شەتەک بدات و ڕۆڵی ڕابەری هەم لۆکاڵی و هەم سەراسەری ببینێت لەناو جەرگەی ئەم خرۆشان و ئاڵوگۆڕانەدا، وە ئەڵقەی پەیوەندی بێت بە بزوتنەوەی نارەزایەتی و خۆپێشاندان و ڕاپەڕینی جەماوەری سەراسەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق دژ بەدەسەڵاتی ناوەندی بورژوازی.

ئەوە هەر لەئارادانەبوونی ئەم فاکتۆرەشە کاتێک دەسەڵاتێکی بورژوازی دەڕوخێت، ڕەوتگەلێکی تری بورژوازی جارێکی تر لە بۆشایی سیاسی دەسەڵاتدا سەروسامان دەدەنەوە بەدەسەڵاتی بورژوازی، وە سیستمی سەرمایەداری و کەڵەکەی سەرمایە بە دەستلێنەدراوی دەهێڵدرێتەوە. هەروەک لە شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقا و ڕاپەڕینەکانی لوبنان و عێراق و گەلێک لە وڵاتانی تردا بینیمان. شکڵپێدانی ئەم فاکتۆرە خودیە، ئەم بەدیلە سۆشیالیستیە لەناو دەرونی کۆمەڵگە و لەناو جەرگەی ئەم ئاڵوگۆڕ و کێشمەکێشە سیاسیانەدا دێتەدی، نەک لەدەرەوەیدا، وە ئەم شکڵپێدانە نەک هەر مەسەلەیەکی سیاسی-عەمەلی بەڵکو فکری و تیۆریشە.

ڕێنمایی و ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی جەنگی جەماوەری زەحمەتکێش دژ بە دەسەڵاتی بورژوازی، هەروەها چونە جەنگی دژ بە ئەجەندا جۆراوجۆرەکانی بورژوا ئۆپۆزیسیۆن و دژەشۆڕش و هەوڵوکۆششی لیبراڵانە بۆ بەرتەسک کردنەوە و لە قاڵبدانی ئاسۆی ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیانەی کە لەئارادان لە چوارچێوەی ڕیفۆرمێکی ڕوکەشی سیاسیدا، بەڵێ ئەم جەنگانە ئەستەمە بەبێ خەباتێکی فکری سیاسی کۆمۆنیستانە بۆ زاڵکردنی ئاسۆیەکی ئینتەرناسیونالیستی دژە سەرمایەداری و دژە ناسیونالیستی. بەو ئەندازەیەی کە ئەم ئاسۆیە بەهێز و پەرەدار دەبێ، بەو ئەندازەیەش کۆمۆنیزم لە کوردستاندا توانا پەیدا دەکات بۆ ڕێکخراوکردن و ڕابەرایەتی جەماوەری نارازی، وە بۆ پوچەڵکردنەوەی باڵادەستی ئاسۆ و ئەجەندای سیاسی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی.

کۆمۆنیزمی کوردستان ناتوانێت بچێتە جەنگی ئەجەندا سیاسیەکانی بورژوا ئۆپۆزیسیۆن، و خۆی لێکهەڵپێکێت بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە و ئەو جەماوەرە ئاسۆدار و ڕێکخراو بکات بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵات، ئەگەر بە ئاسۆیەکی مارکسیستی ڕادیکاڵ و ئینتەرناسیونالەوە نەیەتەمەیدان.

مەسەلەی هەرە سەرەکی کۆمۆنیزم؛ وەڕێخستن، بەهێزکردن و پەرەدارکردنی بزوتنەوەی سۆشیالیستیە، هەم لەدەرونی چینی کرێکار و هەم لەسەر ئاستی کۆمەڵگە وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی، وە لەسەر ئەو بنەمایەشەوە خەباتی سیاسیەتی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا، ئەوە ئەو ئاسۆیەیە کە زاڵە بەسەر هەموو چالاکی و هەڵسوڕانێکی ئاژیتاسیۆنی و ڕێکخراوەییدا لە ناو بزوتنەوە نارەزایەتیەکاندا بۆ بەدەستهێنانی ماف و خواستە ڕەواکانیان.

بەبێ ئەم ئاسۆیە کۆمۆنیزم ناتوانێت سنوری خۆی لە سەندیکالیزم و ڕیفۆرمیزم و ئیکۆنۆمیزم جیا بکاتەوە، بەتایبەتیش لەمڕۆدا کە نارەزایەتی توێژە جۆراوجۆرەکان دژی دواکەوتنی موچە و دانەمەزراندن و بێکاری و برسیەتی و بێمافی و سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم لە مامەڵەی لەگەڵ پەتای کورۆنادا، ... لەوە دەرچووە کە هەر تەنها بزوتنەوەی خواستە دیاریکراوەکانی ئەو توێژانەبن و تەنها لەو ئاستەدا مامەڵە بکرێن کە بەدەستهێنانی خواستەکان بێت، بەڵکو بووە بە بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری گشتی کە خوازیاری وەلانان و هەڵپێچانی دەسەڵات و حکومەتی هەرێمەکەیە. هێشتا بەشێکی ناو بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستان بە مێسۆدێکی ئیکۆنۆمیستانە مامەڵەی نارەزایەتیەکان دەکات، تەک تەکی توێژە نارازیەکان و خواستەکان دەبینێ و هەوڵی چالاکی دەدات لەو پەیوەندەدا، بەڵام هەتا ئەگەر بزوتنەوە گشتیەکەش ببینێ مێسۆدەکەی ڕێگەی پێنادات سیاسەتێکی گشتی و سەراسەری کۆمۆنیستانەی هەبێت بۆ بزوتنەوە جەماوەریەکە کە خوازیاری هەڵپێچان و وەلانانی دەسەڵاتە.

ئەمە و بەشێکیش لەسەرەتاوە بە چاوێکی دوودڵی و نیگەرانیەوە دەیانڕاوانیە ئەم شەپۆلە لە خۆپێشاندانی سەرەتای حوزەیران و ناوەڕاستی ئۆگۆستی ٢٠٢٠ و دەستەوستان لە دورەوە بۆیان دەڕوانی، لەبەرئەوەی حزبێکی بورژوا قەومی ئۆپۆزیسیۆنی وەک (نەوەی نوێ) بانگەوازی بۆ کردوە. ئەمەش مامەڵەکردنی ئەم شەپۆلەیە لە نارەزایەتی و خۆپێشاندان وەک شتێکی سەربەخۆ و دەستکردی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوا قەومی و دابڕینیەتی لە ڕەگوڕیشە مێژووییەکەی و نەبینینیەتی وەک بەشێک لە بزوتنەوەیەکی مادی چەند ساڵەی ناو ئەم کۆمەڵگەیە کە لەم قۆناغە لە تەمەنیدا و لە ئێستادا لەم ڕێگەیە و لەم هەلەوە کە بۆی ڕەخساوە خۆی دەرخستووە، هەروەک لە ساڵانی ڕابردوودا و بە بۆنەی جۆراوجۆر و لە کەناڵی جۆراوجۆرەوە خۆی دەرخستووە، وەک (ئۆکتۆبەری ٢٠١٥)، (سێپتێمبەری ٢٠١٦)، (١٨ دیسەمبەری ٢٠١٧). بەڵێ ئەوە بزوتنەوەیەکی سیاسی جەماوەریە کە هەڵقوڵاوی ناکۆکیەکانی دەرونی کۆمەڵگەی کوردستانی عێراق و بێزاری و نارەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشان و پەراوێزخراوانی کۆمەڵگەیە و خوازی هەڵپێچان و وەلانانی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی میلیشیایی و حکومەتەکەیەتی لە کوردستاندا و هەر ماوە نا ماوەیەک بە بۆنە و بەهانەیەکەوە و لە ڕێگەیەکەوە خۆی دەردەخات.

گرەوی کۆمۆنیزم لەمڕۆدا لە کوردستانی عێراقدا لەوەدایە تا چەند دەتوانێ ئەم بزوتنەوەیە بەرجەستە بکاتەوە وەک بەدیلێکی سۆشیالیستی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، و پەیوەستی بکاتەوە بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراقەوە بۆ هەڵپێچانی دەسەڵاتی بورژوازی لەسەراسەری وڵاتدا.

کۆتایی ئۆگۆستی 2020

ڕەوت البدیل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# ڕێکەوتنی نێوان ئیسرائیل وئیمارات، بزمارێکی تر لە تابوتەکەی ((عروبە))!

عەبدولا سائح



لەناوەڕاستی ئەم مانگەدا دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا ڕێکەوتنی نێوان ئیسرائیل و ئیماراتی ڕاگەیاند، ڕێکەوتنێک کە ماوەیەک ژێر بەژێر بەردەوام بوو و ئێستاش ئاشکرا کرا. بەم شێوەیە ئیمارات دەبێتە سێیەم وڵاتی (عەرەبی) و یەکەم وڵاتی کەنداو کە ڕێکەوتن واژۆ دەکا لەگەڵ ئیسرائیل دوای میسر (1979) و ئوردون (1994). چاوەڕوانیش دەکرێ بەدوای ئیماراتدا چەندین وڵاتی تری ((عەرەبی)) ئەم هەنگاوە بنێن، لەوانە عومان، بەحرەین، سودان و تەنانەت مەغربیش.

ئیمارات، بۆ واژۆ کردنی ئەم ڕێکەوتنە، بیانوی ئەوە دێنێتەوە گوایە ئیسرائیل لێرە بەدواوە پەل ناهاوێ بۆ دەست بەسەرداگرتنی هیچ زەویەکی کەناری ڕۆژئاوا (الضفة الغربية) و ئەم پرۆسەیە دەوەستێنێ، لەڕاستیدا ئەم بیانوە وەک هیچ دەستکەوتێک هەژمار ناکرێ و ئەوەمان بیر دەخاتەوە کاتی خۆی لە ساڵی (1978)دا کە ڕێکەوتنی نێوان ئیسرائیل و میسر واژۆ کرا، مەناحیم بێگن ی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئیسرائیل، بڕیاری دا بۆماوەی سێ مانگ چالاکی نیشتەجێکردن (النشاط الاستيطاني) بوەستێنێ دواتر ڕوداوەکان پێچەوانەی ئەوەیان سەلماند.

ئەم ڕێککەوتنە درێژەی پرۆژە بەدناوەکەی (صفقة القرن)ە کە ئەمریکا داڕێژەریەتی و ناوەڕۆکەکەی بریتیە لە گونجاندنی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە (تطبيع) و کردنی بە شەریک لە ڕوبەڕوبونەوەی مەترسیاەکاندا، مەبەستیش لە مەترسیەکان لە پلەی یەکەمدا ئێرانە، دواتریش بەیەکجاری پەیوەندیەکان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکرێنەوە، ئەمەش پێش مەرجی هەر پرۆسەیەکی ئاشتیە لە ناوچەکەدا. تێڕوانینی ئەمریکا بۆ هەر مەسەلەیەکی جیهانی، بەر لەهەموو شتێک، لە گۆشەنیگای ئابوریەوە سەیر دەکرێ، بەڵام لەپەیوەند بەم ڕێکەوتنە، وەک یەک کۆگشتی (پاکێجی) لێکهەڵپێکراو لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابوری و ستراتیژیەوە سەیر دەکرێ، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە کاتی ڕاگەیاندنی ئەم ڕێکەوتنە، بەتایبەتیش لەلایەن دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا، دەچێتە خانەی بانگەشەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە.

کێشەی فەلەستین یەکێکە لە کێشە هەرە ئاڵۆز و دژوارەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی و جیهانیش بەگشتی. خەڵکی فەلەستین کە لە ساڵی (1948)وە بەزۆر لە وڵاتی خۆیان دەرکراون و نێردراون بۆ وڵاتانی دەوروبەر و لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێ کراون، ڕووبەڕوی سەخترین بارودۆخی ژیان و گوزەران بونەتەوە، بێ ئەوەی هیچ شوناسێکی ((نیشتمانیان)) هەبێ و وەک هاوڵاتی مامەڵە بکرێن، بۆهەرکوێ چوبن وەک پەناهیندە هەژمار کراون، مەگەر لە هەندێ وڵات کە مافی هاوڵاتی بوونی پێبەخشیبن. ژیانیان لە ئۆردوگاکاندا، جگە لە نەهامەتی و دەست کورتی و هەژاری و نەخۆشی و چەندین دەرد و ئازاری تر، بە بەردەوامیش پەلامار دراون و پاکتاو و قەڵاچۆ کراون، کوشتاری ئۆردوگای تەل زەعتەر ساڵی (1976) لەلایەن میلیشیا مەسیحیەکانی لوبنان، کوشتاری ئۆردوگاکانی سەبرا و شاتیلا ساڵی (1982) دووبارە لەلایەن میلیشیا مەسیحیەکانی لوبنان، دواتر لەهەمان ئەو دوو ئۆردوگایە ساڵی (1985) لەلایەن میلیشیا شیعەکانی بزوتنەوەی ئەمەل، ئەوە جگە لە دەستدرێژی و پەلاماری بەردەوامی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل. ئەو فەلەستینیانەش کە لە کەرتی غەزە و کەناری ڕۆژئاوا دەژین، بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان لەوانی تر باشتر نیە چ بەدەست پەلاماری دەوڵەتی ڕەگەز پەرستی ئیسرائیلەوە و چ بەدەست سیاسەت و شەڕی نێوان باڵە سیاسیە جیاوازەکانی فەلەستینیەکان خۆیانەوە.

کێشەی فەلەستین، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە، ناسیۆنالستە عەرەبەکان و دەوڵەتەکانیان سەرمایەگوزاریان لەسەر کردوە و بەکاریان هێناوە بۆ جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتی و خۆڵ کردنە چاوی جەماوەری وڵاتەکانیان. بەرز کردنەوە و زەقکردنی دروشمی (کێشەی فەلەستین کێشە سەرەکیەکەی عەرەبە، ئیسرائیل دەبێ فڕێبدرێتە دەریاوە ...) و چەندین دروشمی قەبەی تر، تەنیا بۆ پەردەپۆشی زوڵم و چەوسانەوە بوە لە سەر خەڵکی بەشمەینەتی ئەو وڵاتانە و بردنە پێشی سیاسەتیەکانیان و هەرچی زیاتر پێشێل کردنی مافەکانیان و چەنگ قاییم کردنیان لە دەسەڵات و پەردەپۆشی کێشەی ئابوریەکانیان و شکاندنەوەی بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئەو وڵاتانەدا و پارێزگاری لە بەرژەوەندی چینی بۆرژوازی و سەرمایەداراندا. ئەمرۆش، ئەم ڕیز بەستن و پەلەکردنەی وڵاتانی عەرەب زمان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی کۆنەپەرست و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و دەستبردن بۆ سات و سەودا لەگەڵیدا و پەراوێز خستنی کێشەی فەلەستین، نیشانەیەکی ترە لەوەی کە بزوتنەوەی ناسیۆنالستی عەرەب و ماهیەتە چینایەتیە بۆرژوازیەکەی تا دێت بزماری پتەوتر دەدرێ لە تابوتەکەی، هەروەک ((کوردایەتیەکەی)) لای خۆمان، ئیتر تازە جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش لەوە دەرچوە بەو تەپڵە سەما بکەن و فریو بخون.

لێرەدا نابێ ئەوەش لەبیرکەین کە هەڵوێستی فریوکارانەی هەردووک وڵاتی ئێران و تورکیا کە گوایە دژی ڕێکەوتنەکەی ئیمارات و ئیسرائیلن و بەرگری لە بەرژەوەندی خەڵکی فەلەستین دەکەن، جگە لەشانۆیەکی ساختەکاری شتێکی تر نیە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کاتی شەڕی ئێران و عێراق کاتێک دەرکەوت ئێران ژێر بەژێر لەگەڵ ئیسرائیل ڕێککەوتوە بۆ کڕینی چەک، ئەو سکانداڵەش وەک (ئێران کۆنترا) ناوی دەرکرد، هەروەها تورکیاش زۆر دەمێکە پەیوەندی دیپلۆماسی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئیسرائیل تا ئەمڕۆش بەردەوامە!

ئەگەر ئەمەی باسمان کرد لایەنێکی مەسەلەکە بێت، لایەنکەی تری دەوڵەتی کۆنەپەرست و ڕەگەز پەرست و جینایەتکاری ئیسرائیلە، کە دەوڵەتێکی داپڵۆسێنەرە و وەک چەقوکێش لەگەڵ فەلەستینیەکان و لەناوچەکەدا ڕەفتار دەکا، هاتنە سەرکاری ڕەگەزپەرستێکی ڕاسیستی وەک دۆناڵد ترامپیش، دەستی تاوانی دەوڵەتی ئیسرائیلی چەند بەرابەر ئاوەڵاتر کردوە.

هەموو ئەم سیاسەت و ڕێکەوتن و هەڵوێستانە، بە ئەرێن و نەرێنیەوە، بەگوێرەی چەرخی بەرژەوەندی وولاتە ئیمپریالست و زلهێزەکانی جیهان و وولاتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و دەسوڕێ و بەئاشکرا نیشانمان دەدا کە لەم نێوەدا دوو بەرژەوەندی جیاواز بەزەق و ئاشکرا خۆی دەردەخا، بەرژەوەندی چینی بۆرژوازی لە ڕێگای سیاسەتی دەوڵەتەکانیانەوە کە گشت سنورە نەتەوەیی و ئایینی و تایفیەکانیان بەزاندوە و کرۆکی چینایەتی خۆیان زۆر ئاشکرا نیشانداوە، لەبەرامبەردا بەرەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ناوچەکە، بەتایبەت لە فەلەستین و ئیسرائیل کە هیچ جۆرە بەرژەوەندیەکیان لەم ساتوسەودایە و شەڕ و دوژمنایەتیە دینی و نەتەوەییە نیە و بگرە ئەوەی ئەنجام دەدرێ دروست دژ بە بەرژەوەندی ئەوانە و هێرشە بۆ سەر ژیان و گوزەرانیان.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خاوەنی سەرەکی ئەم مەسەلەیە کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەردووک وڵاتن، دەریش دەکەوێ کە کلیلی چارەسەری ئەو کێشە ئاڵۆزە هەر بەدەست ئەوانە، ئەوانن کە بەهیچ جۆرێک بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ ئەم سیاسەتانە نایەتەوە، هەر بۆیە ئەمرۆ یەکریزی خەباتی چینایەتیان زامنی پوچێڵکردنەوەی ئەم بەندوبەست و ساتوسەودایەیە کە لەسەر ژیان و مافی ئەوان دەکرێ، دەستبردن بۆ ئەم یەکڕیزیە چینایەتیە، زەمینە خۆشدەکا بۆ لەقکردنی ژێرپێی ئەم لایەنە کۆنەپەرستانە و پوچەڵکردنەوەی سیاسەتەکانیان. چارەسەری ئەم کێشەیە لە ئێستادا خۆی لە دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆدا دەبینێتەوە، یەکیان بۆ فەلەستین و ئەوی تریان بۆ ئیسرائیل بە دوور لەشەڕ و کوشتار و دوژمنکاری، دوو دەوڵەت لەسەر بنەمای دابینکردنی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانەکانی لە ئێستاودا بۆ نەوەکانی داهاتوش دوور لە هەر جۆرە مۆرکێکی ئایینی و نەتەوەیی.

# شۆڕش لە کوردستاندا، شۆڕش لە عێراقدا، ڕێگاکان و ئاستەنگەکان

جەمال کۆشش



بۆ چەندین ساڵ دەچێت، مەسعود بارزانی و نێچیر بارزانی و مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانی و پرۆ پارتیەکان، هەوڵدەدەن خەڵک وادار بە ئارامگرتن بکەن، قەیرانەکە کاتییە و تێیدەپەڕێنن. "گەلەکەمان خۆڕاگرە و گەلێک کارەسات و ناخۆشی لەمە گەورەتری بینیوە. پشتیوان بە خواو بە گەلەکەمان ئەم قەیرانەش تێدەپەڕێنین". بە لام لە واقعدا هەر قەیرانە بەدوای یەکدا دێن و گەورە تر دەبن و ژیانی خەڵک لە بازنەیەکی تاریک و تاریکتردا دەسوڕێتەوە. کوردستانی عێراق (بە خودی عێراقیشەوە) بە یەکێک لە هەژارترین و دواکەوتوترین و گەندەڵترین و سەرکوتکراوترین ناوچەکانی جیهان دادەنرێت.

قەیرانەکانی پێشوو، دەسەڵاتدارانی کوردستان بە بەشداری پێکردنی "بزوتنەوەی گۆڕان"، توانیان خۆیان لە ئالوگۆری بنەڕەتی و شۆڕشگێڕانە دوور بخەنەوە. ئێستا ئیدی گۆڕان نەک هەر ناتوانێت جەماوەر فریو بداتەوە، بەڵکە کەوتوتە بەر نەفرەتی قوڵی جەماوەر- سوتاندنی بارەگاکانیان- بێ بەڵێن و پەرتەوازەییان، وە بەماوەیەکی قیاسی کت ومت، سەد دەر سەد وەک یەکێتی و پارتی لێهات.

ئێستا قەیرانێکی هەمەلایەنە ئەم ناوچەیەی گرتۆتەوە، "بەتایبەت عێراق و کوردستانی عێراق". شەپۆلێکی گەورەی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هاتوچوون دایە. ئەو ڕێچارانەی کە حکومەتی هەرێم بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکە پێادەی دەکات، سەرکوتێکی بێ پەردە، زیندانی و بێسەروشوێن کردنی هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکان و کەسایەتیەکان و ڕۆژنامەنوسان و کارمەندەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانە لەلایەک و خۆگێلکردنێکی کوشندانە و خۆکەڕکردنی غەشیمانەی خواستەکانی خەڵک و جەماوەری خۆپیشاندەرانە لەلایەکی ترەوە. تا ئێستا حکومەتی هەرێم، ملی بە هیچ داواکارییەکی خۆپیشاندەرانەوە نەداوە، بەڵێنی زارەکیشی بۆ دەرفەت ئاڵوگۆڕیش نەداوە، وە تەنانەت مەسرور بارزانی دابینکردنی بڕی موچەشی بە گوێرەی داهاتەکانی حکومەت بەستەوە. لە نێو ئەم هەلومەرجەدا، ئەگەری هەڵسان و ڕاپەڕینی جەماوەری بەناوچەکانی بادینانیشەوە کراوەیە (بە ڕاپەڕینی چەکدارانەشەوە). ماوەیەکە خۆپیشاندانەکان لە دەڤەری بادینان (دهوک، زاخۆ، سمیل، شیلادزی، ...) بە شێوەیەکی جەماوەری و فراوان ئەنجامدە درێت. سەرکوتی پارتی لە ١٢ ئاب بەدواوە، چۆتە قۆناخیکی تر لە ڕەشبگێری و هەڵکوتانە سەرماڵان. هیچ دەرویەک بۆ خاڵیکردنەوەش واڵا ناکاتەوە. حکومەت ئامادەی دانیشتن و گفتوگۆش نیە، وە سەرکوت و ڕەشبگیرییەکانی ناوچەکانی ڕانیە و دەڤەری ڕاپەڕین، ئەو ڕاستیە بە هەزار جار کە ئەم حزب و دەسەڵات و حکومەتە مۆتەکەی سەر کۆمەڵگایە، دەسەلمێنن.

ئەوەی دەتوانێت پارتی و یەکیتی و حکومەتی هەرێم ڕزگار بکات، بەستنەوەی کێشەکانی کوردستانە بە کێشە و چارەسەرەکانی حکومەتی کازمی یەوە. حکومەتی کازمی خۆی بۆ ڕزگارکردنی چینی ملهوڕی دەسەڵاتدارەتی عێراقی لە دەست ڕاپەرینی ئۆکتۆبەر بەرهەم هاتووە. خۆی حکومەتی دژە شۆڕشە و لەبەرانبەر ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی بنەڕەتیدا ڕاوەستاوە. هەموو حزب و لایەنەکانی کوردستان بێ دوودڵی و ڕاوەستان پشتیوانی حکومەتەکەی کازمیان کرد. گەڕاندنەوەی عێراق بۆ باوەشی نیشتمانی عەرەبی، تێکەڵکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناو ڕیزی سوپای عێراق، کۆنترۆڵی خاڵە سنورییەکان، هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی عێراق و هەڵبژاردنی پێشوە ختە، .. ئەو ئەجیندا سیاسییەیە کە حکومەتەکەی کازمی دەیەوێت چینی بورژوازی عێراقی پێ سازمانبداتەوە. ئەم سیاسەت و نەخشانە بەشێک لە ڕاپەڕینەکانی ئۆکتۆبەر نین، هەروەک بەشێکیش نین لەو بزوتنەوەی چەوساوەکانی کوردستان کە لە بەرانبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان شەپۆل دەدات. ئەم بەرنامەیە، پرۆژەی بۆرژوازییە بۆ ڕێکخستنەوەی دەسەڵات و وەرگرتنەوەی شەرعیەتی حوکمڕانی و داسەپاندنەوەی هەمان هەلومەرج بە فۆرمی نوێوە.

ئەگەر خەڵکی کوردستان، ئومێدەکانی ئاڵوگۆڕیان بەم پرۆسە سیاسیە ببەستنەوە. جارێ تر بە هەمان ڕێگا دا دەڕۆنەوە، کە خەونەکانیان بەستەوە بە هەڵبژاردنی لیست و قەوارەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی.

خەڵکی کوردستان پێویستە لە نێو خودی کوردستاندا، شۆڕش بەسەر حکومەتی هەرێمدا بکەن و ئەمەش خۆی هاوپشتیەکی جددی و زۆر کاریگەر لە بەشەکانی تری عێراق بۆیان پەیدا دەکات ودەبێتە پروشە و بۆ سەراسەری عێراق پەلدەهاوێت.

هاوپشتی خەباتی خەڵکی عێراق، لێکهەڵپێکانی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە، بۆ سەراسەریکردنەوەی داواکارییە گشتیەکانی جەماوەری ڕاپەڕیو لە ڕاماڵینی تەواوی دەسەڵاتی ئیسلامی / نەتەوەیی/ نیو لیبراڵی/ ناوەڕۆکی واقعی پێشکەوتنخوازی و سۆشیالیستانەی کرێکاران و هەژاران و ژنان و لاوانی عێراقە. ماک و بنچینەیی شۆڕش لە عێراق دا ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە و چارەنوسی بە توانا و هێزی ئەم هێزانەوە پەیوەندە. ئامانجەکانی شۆڕش لە عێراقدا بەتەواوی ناوەڕۆکی چەوسانەوەیەکی کۆمەڵایە تی و چینایەتی هەیە و لەبەرانبەر هەژاری، بێکاری، بێمافیەکان دا ڕاپەڕیوە. نەوەیەک کە لەساڵانی دوو هەزارەکانەوە لە نێو ئەم کابوسەدا گەورەبوون. ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر کۆمەڵێک باندی داگیرکەری ئیسلامی و نەتەوەیی ملیاردێردا کە لە نێو قەوارەی جوگرافیایی عێراقدا خۆیان لە فۆرمی دەوڵەت و پەرلەمان دا ڕێکخستووە، ڕاپەڕیون.

ژمارەی لاوانی عێراق، نزیکەی ٢٥ ملیۆن کەس دەبێت، ڕێژەیەکی زۆر کەمیان لە ڕیزەکانی حزبی دەسەڵاتدان و بەتەواوی فڕدروانەتە دەرەوەی ماناکانی بوون و شکۆ وماف ورێزەوە. هۆشیاری و هەڵسوڕان و چاوەنوارییەکانیان تەنها بە تیرۆر و لەنێوبردنیان، وەڵامی وەرگرتۆتەوە. نەوەیەکن ئاگاداری پێشکەوتنەکان و ژمارەیەکی یەکجار زۆریان چالاکن بە تایبەت لە سۆشیال میدیادا. دەیانەوێت مێژووی کۆن جێبهێڵن و هەڵگری ئازادی و خۆشگوزەرانی و یەکسانین. لایەنگری ژیان و شوناسی ئینسانی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە. مەشخەڵی شۆڕشن و دەیانەویت دونیای نوێ بە دەست خۆیان دروست بکەن. شۆڕشی لاوان، شۆڕش لە عێراقدا، شۆڕشێکە کەرامەت و ئینسانیەت بۆ کۆمەڵگا دەهێنێت. گرنگترین ئەڵقەی ڕاپەڕینەکانی شارەکانی عێراق، بەیەکەوە گرێدانیانە بۆ شۆڕش و ئالوگۆڕی بنەڕەتی.

کۆتایی ئابی ٢٠٢٠

# بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی/ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش

# هونەرمەند ڕزگار حەمەڕەشید بۆ بانیژەی ئەدەب و کلتوور دەدوێت

سازدانی : بانیژەی ئەدەب و کلتوور

## بانیژەی ئەدەب و کلتوور:

زۆر سوپاس ڕزگار گیان بۆ ئەو کاتەی بە ئێمەتان بەخشی، سوپاس بۆ دەربەستیتان بۆ کێشە گرنگەکانی کلتوور وئینسانیەت وشانۆ، تۆ سەردەمانێک، دەرهێنەر وئەکتەری شنۆی شەقام بووی، ماوەیەک ڕەخنەگرو سیناریست ودراماتۆر بووی، مێژوویەکی جوانت دروستکردووە لە خەملاندنی بۆچوونێکی تایبەت بە خۆت لە شانۆدا، گروپ وتیپە شانۆییەکانی ئەمڕۆی کوردستانی عیراق کە ئێوە کاریگەری گەورەتان بەسەرییەوە هەیە، چەندێک لەو خەون وخولیاو بیرۆکەو تیۆرییەی تۆوە نزیکن؟ مەبەستمە بلێم تۆ هەمیشە بەدرێژایی ٣٠ ساڵ زیاترە لەگەڵ شانۆدا دەژییت، چ ڕوحێکی تیۆری لە شانۆی ئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا ون وبەتاڵە؟ یان کەم وپێویستە پراتیک بکرێت؟



## ڕزگار حەمەڕەشید :

زۆر سوپاس بۆ ئێوە و بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە، هیوادارم بتوانین لێرەوە هەندێک بابەت باس بکەین و گفتوگۆیەکی تەندروست دروست بکەین.

هەر لەسەرەتاشەوە، بۆ ئەوەی خۆمان بە هەڵەدا نەبەین و نەکەوینە ناو بڕیاری گشتگیرەوە، هەوڵدەدەم ئاراستەی گفتوگۆکە لە ڕووبەرێکی فراوانەوە بەرتەسک بکەمەوە و لە سنووری ئاگایی و ئاگاداربوونی خۆمەوە لەسەر ئەو پرسانەی تۆ دەیانوروژێنیت قسەیەک بکەم کە دواتر بتوانم داکۆکی تەواوی لێبکەم. بۆیە لەم بەشەی گفتوگۆکانماندا هەوڵدەدەم لەسەر ئەو بەشەی پرسیارەکەت بووەستم کە پەیوەندی بە تێپەڕاندنی مێژوویەکی کارکردنەوە هەیە، لەوێشەوە بتوانین هەندێک کەلێن و گرفتی تیۆریی لە بەشێک لە نمایشەکانی ئەو ڕووبەرە جوگرافییەدا باس بکەین.

ئاشکرایە کە تێپەڕاندن و گەشەکردن لە مێژووی شانۆ و هونەر و نوسینیشدا بەگشتی، ڕاستەخۆ پەیوەندی بەو گۆڕانکارییە سۆسیۆئیکۆنۆمی و ئێپستمۆلۆجی و هەلومەرجە مرۆییانەوە هەیە کە لەو چرکەساتە مێژووییەدا هاتوونەتە ئاراوە و بوونەتە ڕیالیتی. لە مێژووی ئەو گۆڕانکاریانەدا و لە گەڕانماندا بەناو میتۆد و ڕێچکە هونەرییە داهێنەرانەکاندا، دەبینین هەمیشە چەند کەسێک بوونەتە پێشەنگ و داینەمۆی گۆڕانکارییەکان. بەو واتایەی، هەمیشە گۆڕانکاریەکان زادەی قاڵبوونەوەی هونەرمەندەکە بووە لە پرسە مرۆییە هەنووکەییەکاندا و لەوێوە خەونی سەرکەشانەی خۆی بۆ تێپەڕاندنی تەکنیکە باوەکانی کارکردن سەرهەڵدەدەن. وەکو ئاسانترین نموونەش دەتوانین باسی ئەو گۆڕانکارییانە بکەین کە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازییدا سەریان هەڵدا. لای هەموومان ئاشکرایە کە شۆڕشی پیشەسازی، بە جیا لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی لەسەر کار و شێوازەکانی بەرهەمهێنان و سیستمەکانی خێزان و بە گشتی لەسەر ژیانی مرۆڤەکان، لەهەمان کاتدا کاریگەرییە گەورەکانیشی لەسەر سەرهەڵدانی ڕێچکە هونەرییەکانیش بە ڕوونی دەبینین، یان سەرهەڵدانی دەیان ڕێچکە و میتۆد و ڕێبازی هونەری لە کاتی جەنگە جیهانییەکانی سەرەتای سەدەی بیستدا و پاش جەنگەکان.

بەهەرحاڵ، زۆربەی ئەو کاریگەرییانە پێویستیان بە بەڵگە و نموونەی زیاتر نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی بکەین ئاستی ئەو کاریگەریانەیە لەسەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی شانۆ لەو ڕووبەرە جەگرافییەی ئێمەدا. بۆ ئەمەش، من هەوڵدەدەم لە چەند خاڵێکدا کورتی بکەمەوە، هەندێک لەو خاڵانە لە نوسینیتردا بە وردەکاری زیاترەوە باسم کردوون و لێرەدا وەک بیرخستنەوەیەک باسیان دەکەم.

بەر لە هەر شتێکیتر، بەشێکی مێژووی شانۆ لەو بەشەی کوردستاندا پەیوەندییەکی هەناوگری و لێکئامێزانی هەبووە لەگەڵ هەلومەرجە سیاسییەکاندا، ئەمە لە ئاستێکی هونەریدا وەک پێداویستییەکی ژیانی مرۆڤەکان دەتوانین لێی بڕوانین. بەڵام کەمێک قووڵتر ببینەوە، بۆ نموونە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا، ئەو تەرخانکردنەی شانۆ بۆ گوتارە سیاسییەکان دەرفەتی قاڵبوونی تەکنیکی لەباربردووە. بە تایبەتی لە هەشتاکاندا بەشێکی شانۆکاران بەدوای ئەو دەقە شانۆییانەدا دەگەڕان کە بتوانن لە ڕێگەیەوە و بەشێوەیەکی سیمبۆلی گوزارشت لە کێشە سیاسییەکان بکەن، بۆ ئەمەش زۆرجار پەنایان بۆ دەقە عەرەبییەکان و هەندێک دەقی بیانیتر دەبرد کە لەو جۆرە کێشانەیان تێدا بەرجەستە کراوە. بینەرانێکی زۆریش کە لەژێر ستەمی ڕژێمی بەعسدا بوون، تینووی ئەو کارانە بوون و لەوێدا دەرفەتێکیان بۆ دروستدەبوو بە هەموو تواناییانەوە چەپڵە لێبدەن و لەو ڕێیەوە کەمێک لەو قورساییەی سەرسنگیان، کە دەرەنجامی سەرکوت و ڕاوەدوونانە ڕۆژانەییەکانیان بوو بەدەست ئەو ڕژێمەوە، کەم بکەنەوە. لەم ڕووەوە ڕژێمیش ئەو دەرفەتە بچووکەی لەژێر چەندین سانسۆر و چاودێریدا دەڕەخساند تا دەرووی هەناسەدانێکی کاتیی بدات بەو بینەرە نارازییانە و ئەو قورساییەی سەر سنگیان نەگاتە تەقینەوەی سەراسەری. لێرەدا ئەوەی گرنگە لە خوێندنەوەی ئەو مێژووەدا ئاوڕی لێبدرێتەوە، بە جیا لە بەرزنرخاندنی توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەم، ئەو کەلێنە هونەرییەیە کە دروست بوو. بەشێکی هونەرمەندەکان ئەم حەماسەتەی بینەران لەخشتەی بردن و هەوڵیان دەدا درێژەی پێبدەن. ئیتر ئەمە بەشێکی ئەو کێشەیەیە کە بۆ نموونە، نوسینی دەقی شانۆیی لەو قۆناغەدا لە چەند دانەیەک تێنەپەڕیوە. جگە لەوەی لە ڕووی تەکنیکییەوە هەنگاوێکی جێگیر و بەردەوام نەنرا بۆ دامەزراندن و سەرڕێخستنی شێوازێکی هونەری کە شانی لەسەر تیۆریزەکردن دانابێت و لە خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی

و ...هتد ئەو بونیادەوە تەکنیکی خۆی دابهێنێت.

دیارە ناکرێت لەم جۆرە قسەکردنەماندا چاوپۆشی لە کۆمەڵێک هەوڵدانی دانسقە بکەین کە لە ساتی خۆیاندا کاریگەری زۆر گرنگیان لەسەر ڕێگاڕۆشتنی ئەو کاروانە هونەرییە هەبووە، "لە نوسینیتردا نموونەی ئەو نمایشانەم باس کردووە".

هەر لەو ساڵانەدا و لە ساڵەکانی دواتریشەوە تا ئەمڕۆ، یەکێک لەو گرفتانەیتر کە تا ئێستا لەگەڵیدا دەرگیرین، نەبوونی هەناسەیەکی درێژە لە کارکردندا. وە ئەوەی لە خاڵی یەکەمدا باسمکرد و تا ئەم دەقەیەش، چەندین ئەزموونی گرنگ هەن کە شایانی لەسەروەستانن. بەڵام ئەو ئەزموونانە پرۆژەیەکی کەمتەمەن بوون و نەیانتوانیوە وەک ڕێچکەیەک پێناسەی خۆیان بکەن و دیوە تیۆریەکانی کارەکانیان بخەنە ژێر گفتوگۆ و پێداچوونەوە و سەرلەنوێ کارکردن و گەشەپێدانی و جارێکیتر تیۆریزەکردنەوە. بەشێکی زۆری هونەرمەندەکانی ئێمە بێدەنگی هەڵدەبژێرن. یەکێک لەو ڕستە لەکارخەرە باوانەی ئەو نێوەندە هونەرییە ئەوەیە کە دەڵێن کارەکە خۆی قسەی خۆی دەکات. بەڕای من ئەوە ئاسانترین ڕێگەی خۆ دزینەوەیە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکانی کارە هونەرییەکە. بۆ ئەوەی کارە هونەرییەکە تەواوی ژیانی خۆی بژی، پێویستە لە پێش و لە کاتی و لە دوای ئەنجامدانی کارەکە، هێڵە تیۆرییەکانی ئاشکرا بکرێن و بخرێنە ژێر شیکار و گفتوگۆیەکی زیندووەوە، تا بتوانێت گەشە بکات و شوێنپێی خۆی وەک شێوازێکی هونەریی جێگیر بکات.



# ڕوانین دواتر ڕوئیا

بەرزان بابەشێخ

کەسێکی ساکار ،بسپێرە تاسەیری سەربانی ماڵێک بکا ،ئەو کە لەتەماشا کردنەکە گەڕایەوە پێت دەڵێ ؛بانێژەیەکی پانم بینی ،ئە مە پێی دەوترێت (ڕوانین). بەڵام کەسێکی ئەدیب یان هونەرمەند ڕاسپێرە تا سەیری هەمان ماڵ بکا، ئەو کە لە تەماشا کردنی ،گەڕایەوە پێت دەڵێ؛ لە چاوەڕوانی کەسێک بووم ،چونکە زەردەپەڕی ئاسۆکە ئاماژە بەهاتنی بوو . ڕێک ئەم بینینە دەبێ بە (ڕوئیا ) بۆیە ،ئەدیب کە سەیری شتەکان دەکا، دەبێ ڕوئیای هەبێ. ئەم ڕوئیایەش ،پەیوەستە بە بوونی ئاوێنەیەکی، (سادە )نا تەنها تۆ ڕووی خۆتی تێدا ببینی .بەڵکو ئاوێنەیەک چوار لای دوورییەکان ئاوەژوو بکاتەوە ئێستای /دوێنێی /ئاییندەی / دواتر ئەو ئاڵگۆڕەی بە سەری دێ. تۆ کاتێک لە لەحزەیەکی خۆشدا دەژی؛ کەمتر دەبی بە خاوەنی ئەو چێژەی ئەو لەحزەیە. بە لام دەمێک دەبێ بە یادەوەری چونکە زۆر سەرنجت لێی داوە. هەم چێژەکە زۆرتر دەبێ ،هەمیش لە گشت گۆشە نیگایەکەوە تۆ ڕوئیات داوە پێی. ئیتر ئەم ڕوئیایە ئەو بینینە نییە کە تۆ سەردەمانێک تێیدا ژیای و گوزەرت کردووە. بە مانایەکی تر،ئەو یادەوەرییە لە دەورانی ئەو لەحزەیە تۆ کەمتر ئەندێشەت بۆی بووە، بەڵام بە (ڕوئیای )خۆت تۆ ئەو واقیعەت بەرزتر گۆاستۆتەوە واوەتر لە لەحزەکە هەر لە خۆی ناچێ ( تسامی ) ت پێیداوە پەڕو باڵت داوەتێ. ئەدیب یان هونەرمەند وەک کەسێکی ساکار دەمێنێتەوە گەر ڕوئیای نەبێ. مەرجی( ڕشتنی )هەر ڕوئیایەکیش وابە ستەیە بە دارشتنی بە شێوازێکی ناوازە. چۆن ئە میبا کە دەچێ بۆ هەر شوێنێک بۆ پاراستنی رووحی خۆی شێوەکەی دەگەڵ ئەو شوێنەوارە دەگۆڕێ و دەگونجێنێ، لە ئەدەب و هونەریش بۆ پاراستنی گەوهەری روئیاکە دەبێ شێوەکانیش بگۆردرێ.

# کرێکارانی جیهان یەکگرن

چیرۆک

بەرزان بابەشێخ

ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو. منیش بەدەم کۆکردنەوەی پارەکانەوە لە تاقیگەکە؛ بۆنی عەتری ئەو کچەم دەکرد .کە ئێستا بەخشی کرد و ڕووی بۆنێک دەڵێی بۆنی بە هەشت و توانا و هێز بوو بێئاگا لەدەرەوە، بۆنێک هاتە ژوورەوە، پێم سەیر بوو چونکە شوێنی کارەکە بچووک و تەسک بوو یەکسەر هەوای ژوورەکەی گۆڕی. بۆنی ماندووبوون و بۆنی ڕەنج، بۆنی کابرایەک بوو لەدوایەوە عەرەبانەی حەماڵی ڕاگرتبوو. ئەو لەو بەهەشتە و لەو فەزا عەتراویەی دەرهێنام و میزاجم سوڕا بڵێ برام: لەناو پیاڵەیەک نیوەی میزی تێدا بوو دەستی بۆ درێژ کردم (بیگرە ئەمە میزی خیزانەکەمە بکرێ فەحسی بۆ بکەی فەحسی حەمل ). ئەو لەو قسانەی دا بوو من میزەکەم کردبووە ناو ئامێرەکەوە تا خڵتەکانی بنیشێتەوە و فەحسەکەی بۆبکەم. لەدەمی ئەو کارەدا بووم (بۆن) ە خۆشەکە دایگرتمەوە زانیم ئەو لە دەرەوە چاوەڕوانە. سەرەتاتکێم لەگەڵ زەردەپەڕی خۆرەکە دەکرد، پێم وابوو دونیا لە دووی من دەگەڕێ شاگەشگە بە ژیان دووا ماچی کچەکەم کەوتەوە یاد، سوێرێکی شەرابانە دوای نۆشکردنی ئێستا تامی دەگەڕێ. لەو کاتەدا بوو دووبارە (بۆنی) هاتنە ژوورەوەی ئەم تاوە بارانی خەیاڵی پچڕانم. کاغەزەکەم بۆی درێژ کرد وتم

_ پیرۆزە شکور خێزانەکەت حامیلەیە ) یەک دیناری ئاسنی نایە سەر مێزەکەم (دەستەکانت خۆش ئەویش حەقەکەی ) پێم سەیر بوو وا بێدەربەستانە ئەڵێ ئەوە حەقەکەی . (تۆ قەت فەحست نەکردووە کووا فەحس بەوەندەیە؟! بە پانزە دینارە خۆ بەس من وا نیم هەموو تاقیگەکان وان، هەڵیگرەوە قەینا دە دینارم بدەرێ.

_وەڵا من ئەوەندەت نادەمێ من حەماڵم ڕۆژی چوار پێنچ دینار واریداتمە خێرە تۆ بۆ فەحسێک ئەوەندەم لێئەسێنی؟ بە خووا زیاترت نادەمێ بڕواش ئەکەم هەر قازانجت کردووە.

نەیهێشت چی دیکە بڵێم وتی:

_ سوپاس دکتۆر من ئەڕۆم.

چوو. من دامابووم لە قسەکانی ئەو و خۆرئاوا بوون، لە فکر کردنەوەیەکی سەیردا بووم (ئە ی خۆبەڕاستی ئەو ڕاست دەکا من روبعێک لەو پارەیەی ئەو تێچوونی ئەم فەحسەیە و سی روبعی زیادە ). بەڵام من چی بکەم لە تەواوی خاکی ئەم هەرێمە نرخ وایە، یاساش پێی ڕەوا بینیوین. حاڵی بووم من ئەوانەی پانزە دینار ئەدەن بێئاگایەکی دەستەپاچەن، ئە ڵێن دزیمان لێبکە. ئەم سەیر بوو نەیهێشت دزی لێبکەم. لەو غایەلەیەدا بووم کابرا دووبارە هاتە ژوورە وە،دکتور ببوورە ) بتڵە ئاوێکی بەدەستەوە بوو، دەستەکانیم تووند گووشی، لە تێر بوونی بۆنەکەی ئەو هێشتا تینوو بووم، تینوویەک کە بکرێ تنۆک تنۆک بیکەمە ناو گەردی بۆنی کچەکەوە تا بۆنێکی عەشق و ڕە نج ماندوو بوون بگرمەوە. سە یری هە تاوەکەم کرد کە ئاوا بوو بوو. ئەو لەحەژمەتا نەیدەزانی چیبکات. دە ستەکانی لەنێو دەستم دەرکرد گوتم (کرێکارانی جیهان یە کگرن! ) پێکەنی و ئاوەکە ی وەک بۆ هێنا بووم نایەسەر مێزەکە و ڕۆیی. کرێکارانی جیهان یە کگرن! وە ک گاڵتە م پێبکات بەدەم ڕۆیشتنییەوە ئەمەی دەوتەوە بانگم کردەوە( گاڵتە مەکە بەوەڵا حکومەت هەیە تا دزە کان بپارێزێ). سەرێکی باداو ڕۆیشتەوە. کچەکە لەبەر ئەوەی لام ئیش دەکا خەمم نییە بەیانی دێتەوە، بەڵام بۆ ئەم دەبێ خۆم بڕۆم.

دەگەڵ تاریک بووندا منیش دەرگام گرت و چوومەوە .

٨ ی ئابی ٢٠٢٠ کەرکووک

# دەنگی شیعر و هونەر لە ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەردا

**سازدانی : جەلال ئەلسەباغ**

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە :

## شیرین عەبدوڵا

**بەشی یەکەم**

ئەدەب و هونەر یەکێکن لە جۆرەکانی دەربڕینی جەماوەر لەو واقیعەی کە تیادا دەژی، وئەدەبی شۆڕش و ڕاپەڕین دەربڕینی خواستەکانی کۆمەڵی ڕاپەڕیوە دژی دەسەڵات، لە ڕزگار بوون لە زاڵ بوونی هێزە کۆنەپەرستەکان کە دەستیان گرتووە بە سەر داهاتی کۆمەڵگەدا. وە هەمیشە شاعیر و نووسەر وهونەرمەندی تەشکیلی و شانۆگەرییەکان و..هتد دەنگی جەماوەری ڕاپەڕیو بوون لە ڕێگەی شیعر و چیرۆک و گۆرانی و تابلۆوە. هەر لە سەر هەڵدانی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر وە پێشتریش، دەیان هونەرمەند و ئەدیبی جۆراوجۆر بەشداریان کردوە کە هۆنراوە و تابلۆ و گۆرانییەکانیان کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە سەر جەماوەر و ئاگاییان، ئەمان بەرهەمەکانیان گوزارشت بووە لە ئامانجی جەماوەر بۆ ڕزگار بوون لە دەسەڵاتی هێزە ئیسلامییەکان و ناسیۆنالیستەکانی شەریکیان، کە بە درێژایی ئەم ساڵانەی پێشوو داهاتی کۆمەڵگەیان تاڵان کردووە ودڕندانەترین تاوانیان بە دژی خۆپیشاندەران ئەنجام داوە. ڕۆژنامەکانی ( الغد الاشتراکی - بە زمانی عربی) و (ڕەوت - بە زمانی کوردی) چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ژمارەیەک لەو شاعیرانەی کەبەکارەکانیان لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەردا بەشداریان کردووە سازدا و لەو چاوپێکەوتنە چەندین پرسیاریان ئاراستە کردوون دەربارەی ژیانی خۆیان وبەشدارییەکانیان لە ڕاپەڕینەکەدا وە هەروەها ئاگاییان لە ئەدەب لە کوردستان و شاعیرە کورد زمانەکان.

### شاعیری گەنج عباس ئەلتەمیمی

**که دەنگێکی کاریگەری هەبوو لە ڕێی هۆنراوەکانییەوە کە لە سەرەتای ئۆکتۆبەردا و لەژێر ڕێژنەی فیشەک کە بەسەر خۆی وهاوڕێکانیدا تێدەپەڕی، بوو بە یەکێک لە سومبۆڵەکانی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر... لەم هۆنراوەیەدا ئەلتەمیمی دەڵێت:**

ئەی بکوژەکەم، ئەترسم نەزانیت

فیشەکەکانت لە ناو سنگما پێشوازیان لێ دەکرێت

من، ئەوەی خەونەکانم لەناو



من، کەهەموو گەردوون باس لە خۆڕاگریم دەکات

من، ئەوەی کرێی هاتوچۆی کارم نییە

من، ئەوەی کە گیر بووە لە جەرگم چەقۆی سەرۆکت

تەنها یەک قسەیە و نابێت بە دوو،

وە وای دابنێ وڕێنەی برسێتییە و دەیکەم

من و تاجی سەرت ناکرێ بژین،

ئەبێت ژیانێک بسەندرێت، یان هی ئەو یان من

عەباس ئەلتەمیمی لاوێکی تەمەن ٢٤ ساڵانە لەوەڵامیدا بۆ ئەو پرسیارەمان دەربارەی بەرەو پێش چوونی ڕەخنە و هونەری کۆمەڵایەتی لە دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەر و گەشەکردنی، وە ئایا دووبارە گەڕاوەتە بۆ بواری هونەر وڕۆشنبیری گوتی : " ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە عێراق دا بە وەرچەرخانێکی ڕیشەییدا تێدەپەڕێت لە باری شێوازی دەربڕینەوە پاش ئەوەی کە ڕەخنە بە شێوەیەکی وشک دەگیرا وەک گەنجەکان ناوی دەنێن، لەم دواییانەدا گۆڕرا بۆ بواری گاڵتەجاڕی بە دەرەجەی یەکەم، نوکتەی سیاسی ئێستا زۆرترین بڵاوبوونەوە و وەرگرتن وکاریگەری هەیە لە سەر ئاستی عێراق وە هونەر و ڕۆشنبیری بە دەرەجەی دووهەم. هەورەها دەربارەی تەجروبەی ئەدەبی خۆی ئەلتەمیمی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هونەری سەرەکی ئەو لە بواری نووسینی شیعر دایە بە دەرەجەی یەکەم وهەروەها میوزیک وە بەتایبەت عود ژەنین وە دەربارەی پرۆژەی داهاتووی جەختی کردەوە لە سەر بەردەوام بوون وپێداگرتنی زیاتر لەسەر شیعری میللی (الشعر الشعبی) کە بە ئاسانی وەردەگیرێت وکاریگاریەکی گەورەی هەیە لە ویجدانی خەڵقی عێراقدا. دەربارەی ئاگاداری سەبارەت بە ئەدەب و ئەدیبان لە کوردستان کە ئایا قسەیەکی هەیە کە ئاڕاستەی خوێنەرانی ڕۆژنامەکانمان وە جەماوەری کوردستانی بکات وە بە تایبەت ئەو ئەدیبانەی خوازیاری یەکسانی وعەدالەت و ئازادی کۆمەڵایەتین؟ ئەلتەمیمی وەڵامیدایەوە کە چەندەها ئەزموونی ئەدەبی زۆر گرنگ هەیە کە لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە وە یەکێک لە وانە شاعیر و فیلسوف ئەحمەدی خانی، وە بانگەوازی هاوڕێیانی لە کوردستان دەکات کە بەردەوام بن لە بڵاو کردنەوەی بیروڕای یەکسانی و ئازادیخوازانە.

### شاعیر وەلید ئەلمەسعودی

شاعیر و نووسەر وەلید ئەلمەسعودی دەربارەی ژیانی خۆی لەوەڵامدا گوتی: "من لەدایک بووی ١٩٧٣ م، سەرەتاکانم تێکەڵەیەک بو لە بەینی شیعر بە شێوەی جۆراو جۆر وەک پەخشان و یادەوەری و هایکۆ وە بەینی وتاری سیاسی وکۆمەڵایەتی وپەروەردەیی". وە ئەوەشی زیاد کرد کە ئەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەنووسێت وپێی باشترە پەیوەندی نەکات بە یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراق لەبەر ئەوەی کە دامودەزگایەکی ناسەربەخۆیە لە پێش ولەدوای ڕووخانی سەدامیش. هەروەها دەربارەی نووسراوەکانی وبڵاوکردنەوەیان ئەلمەسعودی گوتی : کە ئەو لە ڕۆژنامە و گۆڤاری عێراقی و عربیدا بڵاویان دەکاتەوە، وبەڵام لە ٢٠١٥-وەوە تەنها لە سایتە ئەلەکترۆنییە ڕۆشنبیرییەکاندا دەنووسێت، وئەمەش لەبەر نەبوونی ئازادی بیروڕا ودەربڕین لەلایەن دامودەزگا وڕۆژنامەکانەوە کە لە بەغداد دەردەچێت کە بە تەوجیهی سیاسی و حیزبیی دەڕۆن بەڕێوە. وەلید دەربارەی کارەکانی خۆی وەڵامیدایەوە کە "چەند کۆمەڵێکی ئەدەبی وڕۆشنبیریمان هەیە کە بایەخ بە ئەدەب وڕۆشنبیری دەدەن بە گشتی، هەروەها مێژووی ئێستای عێراق و هەموو ئەو دەست تیۆەردانە سیاسی کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیریانە لەزنجیرەیەک وتار و نوسیندا خستوومانەتە بەر باس، ئەمە جگە لە بایەخدانمان بە نووسینی هایکۆ لە یانەکەمان کە بەناوی 'جەوالون'ەوە بڵاو دەبێتەوە. لەوەڵامیدا بۆ پرسیارمان لەسەر کاریگەری ڕاپەڕینەکە لەسەر ئەدەب وڕەخنە ئەلمەسعودی گوتی: " پێم خۆشە بڵێم کە ڕەوەند و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە زۆر فاکتۆری ترەوە کە دەبێت تەحقیق بێت. گرنگترینیان لێکهەڵپێکرانی بارودۆخی ئۆبژێکتیڤی چەوسانەوە ونامۆبوونی ئینسانی جەماوەر لەگەڵ کەلەپووری کۆمەڵایەتی نارازی دژی ستەم، کە ئەمە ڕووی دا هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بە ئاسانی چەوسانەوەی خەڵکەکانی بۆ بچێتە سەر". هەروەها گوتی " ئەوەی بەسەرمان دێت لە بەغداد وشارە ڕاپەڕیووەکاندا بوونی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی چەوسانەوە بە بەردەوام لەگەڵ لاوازی توانای نارەزایەتی کۆمەڵایەتی، لەبەر کاریگەری کۆمەڵی تائیفی ئاینی و بەنج کردنی خەڵکە لەژێر ناوی جۆراوجۆردا. بەڵام لەگەڵ ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری گەنجان، گەنجەکان قورساییەکی نارەزایەتی گەورەیان دروست کرد سەرەڕای سەرکوت وکوشتن وفڕاندن و ون کردن لە لایەن کەسانێک لە ناو پرۆسە سیاسییە گەندەڵەکەدا کە ئیسلامی سیاسی ڕابەرایەتی دەکات. بزووتنەوەی گەنجانیش بۆ ئەوەی بەردەوام بێت وئامادەبێت بۆ پەرەسەندنی مەیلە ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکان



پێویستی بە خۆڕێکخستنی گەنجان خۆیانە بۆ ئەوەی بەهێز تربن ولە کاریگەری ڕەخنە ونارەزایەتی لە کۆمەڵدا لە چوارچێوەی چ ئێستا و چ داهاتوودا.

عاشقی هەژار

بەرماڵەکەی بۆ ماچ ڕاخست

شەڕ دای بەسەردا بەو ڕێیانەی

دەگاتە ئاسمان

بەرەو ئاسمان

دەستی دایکەکان

بەرز مایەوە بێ سوود

کاتێ کەبارانی بە لێزمە

زیاتر لە فرمێسکەکانیان

گیان بەختکردووان دەکەوێنێت

بەسەر سەری شارەکاندا

شارە نەگبەتەکان

لەژێر خۆڵەمێشدا

یاری کچە بچوکەکە

بوک و زاوایەک ئەخولێنەوە

لە ڕەشاییەکدا خەریکە

دەسڕێتەوە

لەگەڵ دوا ترپەدا

دوا ترپە

لەگەڵ ئەوەشدا نایەت لە ژوانەکەیدا

ئاڵا سپیەکەمان کەهەڵواسراوە

بەسەر یەکەم غەمدا

بەسەر یەکەم ماچدا

ڕاخراوە لەسەر حەسیرێک

فڕاندیان لە دڵی

عاشقی هەژار

لەبواری پەیوەندی و زانیاری بە ئەدیبەکانی کوردستان وکارەکانیان ئەلمەسعودی ڕوونی کردەوە کە پەیوەندییە ئەدەبییەکان لەگەڵ چالاکی ڕۆشنبیری کورددا تەنها لە سنوری هایکۆ دایە ولەڕێی هاوڕێیەتی و بەشداری شاعیران لەکوردستانەوە لە یانەی(جەوالون) وە هەروەها لە خوێندنەوە و بەدواداچونی ئەدەبی هەندێک شاعیر بە بێ ئەوەی توانای دەوڵەمەندکردنی دایەلۆگەکانی هەبێت دەربارەی مەسەلە چارەنووسسازەکانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی. لەکۆتایی قسەکانیدا پەیامێکی ئاراستەی جەماوەری هەرێم وخوێنەران کرد "من دەڵێم کە گرنگترین شت کەتوانای جەماوەر پەرە پێدەدات بۆ گۆڕان، کرانەوە یە بۆ ئەزموونەکانی کەسانی تر وە پابەند نەبوون بە ئاسەواری نەتەوەیی و ئایدیۆلۆجی کە دەسەڵات دەیسەپێنێت. لەڕێگەی کرانەوەوە هەموو لایەنەکانی ڕاستی دەبینین بەدوور لەوەی ڕۆژانە دەیبینین وە ڕزگاری کۆمەڵایەتیش نایێت بەبێ ناسینی کەسانی تر بە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤیانەوە، لەپێناو دروست کردنی ڕۆشنبیرییەکی ڕەخنەگر کە بەردەوام قابیلی پێشکەوتن بێت.

(*) نادي الجوالون : یانەی جەوالون وێبلاگێکە و لقێکە لە سایتی (الحوار المتمدن) و بایەخ بە نووسینی هایکۆی عەرەبی دەدات.

## پێنـــو و س

پێنووسەکەم چەن پێی خۆشە خەیاڵی تۆم بێتە بەرچاو

ئەڵێ بە هۆی ئەوە منیش لێوم ئەگا بە لێو پەڕاو

ئەو پێنووسەم بۆ جارێکیش بە دیدارت نەگەشتووە

شەوێك بەسەر شان و ملتا فرمێسكی بۆت نەڕشتووە

کەچی کاتێ باست دەکەم ئەو مەست دەبێ و چۆك دادەدات

بە شێوەیەك بێهۆش دەبێت بە پیتەکان یاری دەکات

پێنووسەکەم زۆر جار دەڵێ لەوە زیاتر خۆشت بوێ

بێشك هەموو وێنەکانی لەسەر کاغەز دەردەکەوێ



**بورهانی مەلا**

## دووکاریکاتێری هونەرمەند عەلی دەروێش

**لە ژمارەی ئایندەی بانیژەی ئەدەب و کلتوور بابەتێک لەسەر ئەم هونەرمەندە دێتە وەشاندن**





# مایک گۆڵد

## ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئەدەبی پرۆلیتاریی ئەمریکیی

ئامادەکردنی : بانیژەی ئەدەب و کلتوور



ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس و شاعیر و ڕۆمانووسی ئەمریکی مایکڵ گۆڵد کە بە مایک بەناوبانگە کەناوی ڕاستەقینەی ئایتزۆک ئیسحاق گارنیشە کە لە ١٢ی نیسانی ١٨٩٤ لە خانەوادەیەکی جوولەکە لە شاری نیویۆرک لە ئەمریکا لەدایک بووە. سەرەتای دەسپێکی نووسینی لەژێر ناوی ئاروین گارنیش بووە. لە جەرگەی ڕەشبگیرییەکەی چەپ و کۆمۆنیستەکان و ئانارکیستەکانی ئەمریکا (١)لە ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠ لەسەردەمی سەرۆکایەتی وودرۆ ویڵسن، ئاروین گارنیشی کۆمۆنیست لە بزووتنەوەی ڕادیکاڵی ڕزگاربووانی جەنگ بۆ ئازادبوونی کۆیلەکان لە ئەمریکا ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ مایکڵ گۆڵد. مایک ساڵی ١٩١٤ یەکەمین شیعری لە گۆڤاری سۆشیالیستی (زی ماسس)(٢) بە سەرنووسەری فلۆید دێڵ و ماکس ئیستمان یەکەمین شیعری خۆی بڵاو دەکاتەوە. مایک هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە تا مردنی یەکێک بوو لە لایەنگرانی شۆڕشی بەلشەفیزم لە یەکێتیی سۆڤییەت. ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢ مایک گۆڵد و کلاودی مەککی دەبنە سەرنووسەری گۆڤاری سۆسیالیستیی (زی لیبرەیتەر)(٣). ساڵی ١٩٢٥ گۆڵد مان دەچێتە مۆسکۆ. ساڵی ١٩٢٩ دەبێتە سەنووسەری گۆڤاری ( زی نیو ماسس)(٤) کە بەرهەمی چەپی بڵاو دەکردەوە و هەروەها گروپی شانۆیی ڕادیکاڵی دامەزراند. ساڵی ١٩٢٨ تا ١٩٣٤ گۆڵد سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری (زی نیو ماسس) و (زی لیبرەیتەر) بووە و گەلێ شیعر و نامە و چیرۆکی کرێکارانی ئاسایی بڵاو دەکردەوە. ساڵی ١٩٢٠ یەکەمین ڕۆمانی خۆی دەنووسێت بەناوی ( جووە دەستەنگەکان)(٥) کە ساڵی ١٩٣٠ بڵاو بۆوە، ڕۆمانەکە هەر زوو وەرگێڕدرایە سەر چواردە زمانی جیهانیی و بوو بە یەکێک لە ڕۆمانە نموونەییەکانی ئەدەبی پرۆلیتاریا. کاریگەریی ئەم ڕۆمانەی گۆڵد وای کرد مایک گۆڵد وەک واجیهەیەکی کلتووری حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکی دەربکەوێت. مایک تا ڕۆژی مردنی لە ڕۆژنامەی (زی دەیلی وۆرکەر)(٦ ) ستوونێک یان گۆشەیەکی بەبەردەوامی هەبوو. مایکڵ گۆڵد خۆشی بەردەوام ئەو گوزارشتەی ڕۆمانەکەی خۆی دەوتەوە( ئەی کرێکارانی شۆڕشگێڕ.. ئێوە مەسیحی ڕاستەقینەن). مایک گۆڵد وەک ڕەخنەگرێکی کۆمۆنیستیی سەرکۆنەی هەموو ئەو نووسەرانەی کردووە کە هێڵێکی چەپی بەسەر نووسینەکانیان زاڵە و لە هێڵێ گشتی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکیی لایان داوە وەک ئەلبێرت ماڵتز و ئێرنست هەمەنگوای. مایک گۆڵی نووسەری پرۆلیتاری لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە ئەنجامی جەڵدە لە ١٤٧ ئایاری ساڵی ١٩٦٧ لە شاری تێرا لیندا لە کالیفۆرنیا بۆ دواجار ماڵئاوایی لە نووسین و خەباتی پرۆلیتاریا دەکات. دوای مردنی مایک گۆڵد تەواوی دەستنووس و بەرهەمەکانی بەخشرایە کتێبخانەی تامیمێنت و ئەرشیفەکانی ڕۆبەرت واگنەر لە زانکۆی نیویۆرک.

پەراوێزەکان :

(١)حکومەتی ئەمریکا لە کۆتایی دەیەی بیستەکانی سەدەی بیستەم کەوتە ڕەشبگیریی زۆربەی ئازادیخوازان و چەپ و کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکانی ئەمریکا وەک ترسێک لە بڵاوبوونەوەی ئەزموونی بەلشەفیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ئەمریکا.

(٢)زی ماسس : گۆڤارێکی سیاسی سۆشیالیستی مانگانە بوو لە ئەمریکا لەنێوان ساڵانی ١٩١١ تا ١٩١٧ دەردەچوو. ئەم گۆڤارە بە سەپۆرتی ماکس ئیستمان دەردەچوو.

(٣)زی لیبرەیتەر : گۆڤارێکی سیاسی سۆشیالیستی مانگانە بوو ئەم گۆڤارە بە سەپۆرتی ماکس ئیستمان و خوشکەکەی کریستاڵ ئیستمان لە دەیەی بیستی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکا دەردەچوو.

(٤)زی نیو ماسس : گۆڤاریکی مارکسیستی ئەمریکیی بوو لەنیوان ساڵانی ١٩٢٦ تا ١٩٤٨ دەرچووە. شایانی وتنە ئەم گۆڤارە نزیکایەتی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا هەبووە.

(٥)جووە دەستەنگەکان : یەکەمین ڕۆمانی پرۆلیتاریی مایک گۆڵدە کە لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردووە دەست بە نووسینی کراوە و لەساڵی ١٩٣٠ لەلایەن دەزگای هۆراس برسبین لیڤ ڕایتەوە بلاو کاروەتەوە. دوای بلاوبوونەوەی وەرگێڕدراوەتە سەر چواردە زمانی جیهانیی.

(٦)زی دەیلی وۆرکەر : ڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بوو لە نیویۆرک یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٢٤ دەرچووە.

سەرچاوەی ئامادەکردنی ئەم بابەتە :

https://en.wikipedia.org/wiki/Mike_Gold

# نیشتمانی من

شیعری: ئیبراهیم هەورامانی

من نیشتمانم هەیە،
ئەمە نیشتمانی من نییە.
لە نیشتمانەکەی مندا... زیندان نییە،
زبڵدان نابێتە سفرەی خوانی ئینسان،
کەس لەبرسا،
مانگی چواردەی لێ نابێتە نان.
لە نیشتمانەکەی مندا،
هەموو وەک یەک،
کەس لەکەس گەورەتر نییە.
پێکەنین و بزە و خەندەی تێدا قەدەغە نییە.

ئەو نیشتمانەی من هەیە،
هەر بەتەنیا،
نیشتمانی هەندێک نییە.
وەک،
ئەم نیشتمانەی،
تۆ شانازی پێوە دەکەی .
ئینسان تێیدا، ماندوو شەکەت .
سفرەی خاڵی .
بێ جێگە و ڕێ،
لەتاو ئازار و
دەردی بێ دەرمانی هەر دەناڵێ .
ئەم نیشتمانەی تۆ هەتە،
کەم شار و کوچەی هەیە،
پڕت نەکردبێ لەزیندان.
ئەم نیشتمانەی تۆ هەتە
بێ لە خۆت و دار و دەستەی سوڵتان.
سەراپا، زیندانە بۆ ئینسان.

کاتێ خۆری،
ئازادی و یەکسانی هەڵدێ.
ئێمەی ئینسان... شاد دەبینەوە،
بە نیشتمان.



# گۆچان

## سەلام عومەر

گۆچانەکەی بابم
کە ئی باپیرم بوو
کەوتۆتە ناو دەستی من و
ڕەمدەژێنێ
هێند دەجوڵێ
جەستەو دەست و
روحی نامۆم دەلەرزێنێ
دەیهاوێمە نێو نوێنەکان
.....دیوەکان و
تەواوی پەنجەرەکان و
بنمیچی خانوەکەشم دەبزوێنێ
***

ئەو گۆچانە
ئی باپیری باپیرم بوو
لە شانەدەر دۆزیانەوە
کە دەشیبەمەوە ناو چیا
تاشەو تاوێر
بەسەر یەکدا دادەخزێنێ
هێڵە کۆنکرێتیەکانی تخوب
ستوونە سەرابیەکان
.دادەڕزێنێ
****
گۆچانەکەی بابم
....هاتۆتە نێو دەستی من و
کەوی نابێ
ئارام ناگرێ
ڕاناوەستێ
گۆچانەکەم

نەقەت دەبێتە ئی من و
نە دەبێتە قۆچان و
.ناشچێتە نێو هیچ گرێبەستێ
.
٢٠١٩



# بیربکەرەوە ئەی مرۆڤ...!

بیر بکەرەوە مرۆڤ نەبوویتایە
کتێبێک دەبوویت لەسەر کۆشی کچێک
خشتێکی سوور دەبوویت بە دیواری حە ما مێکە و ە
عەینەکێک دەبوویت لە چاوی شاعیرێکی پیردا
دارشەقێک دەبوویت لەژێر باڵی سەربازێکی پێکراو
گۆچانێک دەبوویت بە دەستی کوڕە شوانێکەوە
گوارە دەبوویت دەکرایتە گوێ
گوڵدان دەبووی دەبرایت بە دیاری
ڕۆبێکی تەڕ دەبوویت بە تەنافی حەوشەوە
کەوچک و چەتاڵ دەبوویت لەسەر مێزی
چێشتخانەیەک
پەرداخ دەبوویت بە لێوی گەنجێکی مەستەوە
مێرووله دەبوویت دەوروخولی شەکردانێکت دەدا
هەنگ دەبوویت بە دیواری باخدا هەڵدەزنایت
فڵچە و بۆیە دەبوویت وێنەی شاخ و زەڕافەت پێ دەکێشرا
لاستیکێک دەبوویت وشە هەڵەکانی نامەیەکت پێ دەسڕایەوە
موعەتەر دەبوویت بە بنباڵی ژنێکەوە
جۆلانە دەبوویت پاڵت پێوەدەنرا
سەتڵ دەبوویت لە ژوورێکدا دەخرایتە ژێر دڵۆپە
دەسڕێکی ئاوریشم دەبوویت دەهێنرای بە تەوێڵی ئارەقاوی حەماڵێکدا
پانکە دەبوویت بە میچی هۆڵێکەوە بێکار دەخولایتەوە
مایک دەبوویت لەبەردەم گۆرانیبێژێکی دڵخۆشدا
تەسبیحێکی دەنک گەورە دەبوویت لە مەچەکی
جامبازێک دەپێچرای
ئەنگوستیلەیەکی نقێم شین دەبوویت لە پەنجەی زرنگەرێکدا دەبریسکایتەوە.
بیربکەرەوە گەر مرۆڤ نەبوویتایە شتێکی چەند باش دەبوو!



ئیدریس عەلی

# چاو، نیگار،ڕۆح

جەمال كۆشش



چاو لە زمانی كوردیدا، لە رووی -ئیتمۆلۆژییەوە، پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە سەرەتای دروستبوونەوە هەیە . چاوگ- لە ڕێزمانی-زمانی كوردیدا دایكی هەموو وشەكانە. چاوگ، سەرچاوە، چاوگە، لە سروشت ولە پێكهاتەی زمانەوانیدا، ڕۆڵێكی گرنگ لە ژیانی ئینسانەكاندا دەگێرن. ، لە زمانی عەرەبیشدا " عەین -چاو" بە مانای "كانی، ئەسڵ، ئۆرگینال" دێت. لە زمانی ئیدیۆم ورۆژانەشدا، چاو بە فراوانی بوونی هەیە. " سەر چاو" رۆژانە و هەركە سە دەیان جار بەكاریدەهێنێت، چاوەكەمی ، وەك نیشاندانی رێزو خۆشەویستی، وەك قەدردانی " بەچاوان"، وەك سوێند خواردن " بەچاوی تۆ" وەك وەفا وسۆز" دەك چاوم كوێر بێت" ، وەك دیاری و لێبوردەیی " چاوی تۆ خۆش" ، وەك شكاندن " چاوی بشكێنە"، وەك روو بەرووكردنەوە و سەلماندن" پەنجەم كردە چاوی"، وەك بوغرایی یان پلەی تورەبون " چاوی سور بووە"، وەك پەشیمانبونەوە و شەرم و بێدەنگی "چاوی داخست" ، وەك هەوڵی بەراوردكاری ولاسایكردنەوە" چاوی لەو كرد" و وەك شایەدیی" بەچاوی خۆی بینی" وەك شاردنەوەی روداوێك " چاوی لێپۆشی" . وەك شكاندنی شكۆ' چاوی دەشكێنم"، یان بەدرۆ خستنەوەی ووتەیەك " با چاوم بەچاوی بكەوێت" چاوە نواری و ئاوی چاوم داهات" زۆر ئارامم گرت: ، لە چاوی تۆ وە، یانی ڕەئی ..چاوی ڕێز ، لە چاوی پیس بەدوور بێت، خۆڵكردنە چاو، چاوگێرانەوە، .چاوێكت لێبێت، چاوی لەسەر ماڵ، چاوبرسی، چاوتیر، لەبەرچاوت بیت،.چاودەكاتەوە،چاوی دەبێتەوە، " چاوی گەڵ، چاوی كورد،.. چاوی ناوەوە، لەبەرچاونەگرین،..ئاماژەی چاو لیداگرت كە بیكات.چاوی جەلالد، بەچاوی بەزییەوە، چاوی فەلسەفی، چاوی دایك ، رەشبینی،لەچاوم نابرێت، لەبەر چاوم لاچۆ، چاوی سور بوە. ئەم سیحرە چیە لە چاودا. دەتوانین لەو بارەوە یەك دانە كتێبی بەئەندازەی فەرهەنگەكەی عەینی فەراهیدی بنوسین. " معجم العین./ وكیپیدیا".

كاریگەری چاو تەنها لە وەزیفە فیزیكییەكەی مرۆڤدا، " كردەوەی بینین" دا قەتیس ناكریت. رەهەندێكی كۆمەڵایەتی وكلتوری فراوانی وەرگرتووە. هەستی چاو، پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سروشت ولەگەڵ كۆمەڵگا و لەگەڵ مێشكی تاكەكان ودەزگای بیركردنەوە و ئەمباری زانیارییەكانی بە ستووە . چاوی مەست وخوماری، چاوی رەش وقەترانی ، چاوژێرپیاڵەیی ، چاو فەرسیلی ونەرم .چاوی شین وماری و گوشكەیی ، چاوە بایۆلۆژییەكانن و زەوق و جوانیەكانی كات و دەمە مێژووییەكانی سەرنجەكانمان بۆ دەنوێنن. وەك دەڵێن ، چاو پەنجەرەی رۆحە، زمانی چاو درۆ ناكات.

وەك زانستە ئەنثرۆپۆلۆژیی وئاركۆلۆژییەكانیش سەلماندوویانە ، مێزۆپۆتامیا سەر زەمینی خوڵقانی یەكەمین شارستانیەتی ئینسانیەتە. یەكەمین داهێنانی زمانی نوسینە، یەكەمین داستان ویەكەمین ئیمپراتۆریەتە. وڵاتی نێوان دوو ئاوان، سەرەتای كۆبونەوەی مرۆڤە كۆچەرییەكان بووە لە دەوری كشتوكاڵ وپاشان ماڵیكردنی ئاژەڵ و كۆبونەوەیان لە دەوری یەكترو دامەزراندنی لادێی گەورە.شارستانیەتی پێكەوە ژیان، سەرەتای گۆ كردنی زمان و تێروانینی قوڵ وپاسای ڕێكخستنی كۆمەڵگا ، لەكارو زەواج و سەروەت وپەیوەندییە روحیەكانی بەرهەمهێنا. . نیگارە كۆنەكان پێش داستانی گەلگامش، خودی گەلگامش و هاودەم ودوای ئەویش ئەو مێژووە دەگێرنەوە كە مرۆڤە سەرەتاییەكانی ئەو دەم تیا ژیاون.

نیگار بەرهەمی وێنەیەكە چاو گرتویەتی." هونەری چاویی" بەڵام چاو تەنها كەرەستەی بایولۆژی وێنەگرتن نیە" لانی كەم لای نیگاركێشەكان" ، دونیابینی هەیە، تەئەمولاتی هەیە، تاقیكردنەوەی هەیە، جوڵەی وكات وبزاوتنی هەیە و بە هەموو ئەو شتانەی دەوروبەری مانا وروح دەبەخشێت. نیگار شیعرێكە چاو نوسیویەتی، داستانێكە نیگاركێش، بە رەنگ وتۆنی روناكی و هێڵەكان وخاڵەكان وفیگورەكانی دەینوخشێنێت. چاوم دیوە پڕ پڕ ئاگر بوە، لێونلێو لە جامی میهر بووە، پرنزاو پارانەوە بووە. چاوم دیوە گەشتنامەی ژیان بووە.. چاوم دیوە رۆحێكی ناسك و سەدان مۆمی تیا داگیرساوە. هەر یەكچاو بووە، تەنها یەكچاو، بەڵام سەربردەیی شكانی تیشكی ئومید و چارەنوسی بەدبەختی وكلۆڵی ئاوارەیی و دەربەدەری وڵاتانی گێڕاوەتەوە. چاوم دیوە، مۆنی ونامۆیی ونەفرەت وبێزاری دونیای هەڵگرتووە، قین وشەرانگێزی لێدەباری، بەڵێ چاو، ڕاستگۆترین زمانی شوناسی ناوەوەیە، رۆحی ئینسانە. وە نیگاكانی روح یان دەبەخشێت ویان دەسینێت، ئەم چاوانەم لە بازار، لە كوچەو كۆڵانەكان، لە نێو تابلۆكان دا سەرنجی ڕاكێشاوم.

چاو بە درێژایی مێژووی پۆرتریەت، گرنگترین بەشی داگیركردووە. چاو دكیومنتەیشنی كەسایەتی و مۆركی ڕاستەوخۆی جیهانبینی نیگاركێشی بەرجەستەكردۆتەوە. نیگارزمانێكی جیهانی كاریگەرتر لە مۆسیقا بووە، كێشە گەورەكانی ئینسانیەت، نەمری، بەختەوەری، ئازادی ویەكسانی، لە چاوی پۆرتریتەكاندا دەخوێنینەوە.

ئەو دەمانەی ئینسانەكان زۆر نزیكتر لە سروشتێكی پەتی و لەگیانەوەران ژیاون، وێنەی ئەوانیان بە دیقەتەوە كێشاوە، ئەو دەمانەی ئینسانەكان خۆیان وەك تێكەلەیەك لەبوونی خودایی وئینسانی و تامەزرویی نەمری بوون، نیگاری هاوبەشی خۆیان كێشاوە، ئەو دەمانەی پاشاكان وجەنگەكان، یان كارەساتەكان پانتاییەكی گەورەیان لە ژیانی مرۆڤایەتی داگیركردووە، نیگاركێشەكان، بەرهەمەكانیان دەربڕی ئەو دەورەیەن. كاتێكیش نیگاركێش، دەیەوێت وێنەیەكی تر، ئینسانێكی فەرامۆش كراو، چاوێكی نارازی، ژنێكی باوەربەخۆ وئازاد، پەنابەرێكی نزیك سەنتەری شار، وێنە بكێشێ، ئەو كەسانە دەدوینێ و دەیگوازێتەوە بۆ دوانیای جوانی نەمرییەوە، كەلە كلتووری نیگار كێشی ئەمرۆدا فەرامۆشكراون. خوڵقاندنی " نیگار"، خوڵقاندنی بەرهەمێكە و دەچێتە ناو دەتستوەردان لە ئیشەكانی "خوا". لێرەوە هونەرە چاوییەكان "نیگار، پەیكەر، شانۆ.." دەچنە خانەی قەدەخەكانەوە. رەونەقی دەورانی شارستانیەتی كۆن، رەونەقی نیگار كێشی بووە. سەردەمانی بوژانەوەی دەیەی چلەكان وپەنجاكانی " عێراق"، نیگار پانتاییەكی گەورە لە روحی خەڵك پەیدا دەكات. سەردەمی جەنگ و كۆنەپەرستی و زاڵبونی ئاینی سیاسی، چاو ورۆح و نیگار ، دەبێت ون بن .

ئەم وتارە بۆ پرۆژەی كتێبێكی پۆرترێتی هونەرمەند ڕاوڵ ڕیس نوسراوە

# گرێژنە

## ئەدەب و ئەفسانە



عەبدوڵا سلێمان ( مەشخەڵ)

دەینوسێت

هەرلە بەرەبەیانی مێژووەوە لێكهەڵپێكرانێكی سەیر بەڵام نادڵگیر لەنێوان ئەدەب و ئەفسانەدا هەیە، نادڵگیرە چونكە ئەو لێكهەڵپێكرانە بە رێرەوی سروشتی خۆی نەهاتوتە بوون. بەڵكو بەپێی گەشەی ئاستی هێزەكانی بەرهەمهێنان و هەلومەرجە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەكانی كۆمەڵگەی ئینسانیی دەستكاری ئەو لێكهەڵپێكرانە كراوە.لە قۆناغە بەراییەكاندا ئەفسانە توانایەكی جادوویی مەزنی هەبوو كە دەیتوانی ڕۆڵێكی گرنگ بگێڕێت لە هێشتنەوەی سێبەرەكانی خواوەندە جیاجیاكانی نێو میسۆدلۆییە جیاوازە دەفكرتووەكانی نێو مێژوو. خودی كارەكتەر و بە پاڵەوان نیشاندانی خواوەند ئەركێك بوو لە ئەركە دەستبەجێكانی ئەفسانە. لە ئەفسانەكانی یۆنان و ڕۆمای كۆن و هیند و چین و تەنانەت ئەمریكای لاتینیش چوونیەكییەك هەست پێدەكرێت لە ئیلتزامە ئەخلاقییەكانیان دەرهەق بە خواوەندەكان و سێبەرەكانیان لەسەر ئەرزی واقیع. بوونی كارەكتەری سەیر و نامۆ و بەتوانا و خاوەن توانایییەكی لەڕادەبەدەر و زاڵبوونی ئەو كارەكتەرە بەسەر ژیانی مرۆڤەكان و پاشان پەیدابوونی قارەمانێك كە توانای بەزاندنی ئەو كارەكتەرە نامۆیە (دێو و درنج، ئەژدیها، ماری حەوت سەر و تاد)و گێرانەوەی ژیان بۆ دۆخی ئاسایی هەیە. ڕەگەزی ئەفسانە لە ئەدەب هەم لە ڕووی مێژوویی و هەم لەڕووی فەلسەفییەوە پەنابردنێكی جادووكارانەی ئەدەب بوو بۆ میتافیزقایەكی ڕووت كەدواجار هیگڵ كۆدەكانی كردەوە و سیحرەكەی بەتاڵ كردەوە. بەڵام لەمرۆی سەردەمی مۆدێرنەدا ئەفسانە چ جێوشوێنێكی هەیە لە ئەدەب؟ ئایا ئەدەبی نوێ پەنا بۆ ئەفسانە دەبات؟ یان لەبری ئەفسانە دەست بۆ كۆدە زیرەكەكانی نووسین نابات؟ ئەدەبی سەردەم خاڵی نییە لە ئەفسانە، بەڵكو جۆرێك ئەفسانەی تیایە لەبری جوانكردنی ڕووی خواوەندەكان، خەریكی مكیاجكردنی ڕووخساری دزێوی فیرعەونەكانی ئەم سیستەمە چینایەتییە بێڕەحمەیە. خەریكی بەڕەوا لە قەڵەمدانی ئەو هەموو ناهەقییەیە كە دەرهەق بە خەڵك دەكرێت، خەریكی وێناكردنی ئەو هەموو نابەرابەرییەیە و نیشاندانیەتی وەك هەق و ئەزەلیی ئەبەدی. ئەمڕۆ ئەدەبی سەردەم پێویستی بە ماری حەوت سەر و ئەژدیها و دێو نییە، چونكە سەرمایەداری لەڕێگەی تەكنەلۆجیاری سەردەم و دەستكەوتە زانستەكانەوە، ئەژدیهایەكی نەبینراوی لەبەردەم داناوین و ئەدەبیش هەوڵ دەدات ئەو ئەژدیهایە جوان و ئێسك سووك نیشان بدات و تەنانەت هەوڵ دەدات ئەژدیهاكەی وەك پێداویستییەكی ژیان وێنا بكات و كارێك بكات لەبری لەنێوبردنی ئەژدیها، ئەژدیها لەنێومان ببات. بەڵێ ئەمە ئەو ئەركەیە كە ئەدەبی بۆرژوازی سەردەم ڕایدەپەڕێنێ. بێگومان ئەوەی ئەم سیحرە تازەیە و كۆدەكانی بەتاڵ دەكاتەوە ئەمجارە نە قارەمانێكی باسك بەهێزە و نە هیگڵە بەڵكو پرۆلیتاریایە كە ئەم جادووە مێژووییەی سەرمایەداری بۆ هەمیشە بەتاڵ دەكاتەوە.

# هونەرمەند فەلاح عومەر شوانی

## هەڵگری خەمی مرۆڤایەتی

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) تەممووزی ٢٠٢٠

هونەرمەند فەلاح شوانی بە كۆمەڵێك خەونەوە هەر لەهەرەتی لاوییەوە گەشتی هونەریی خۆی دەست پێدەكات. ئەو لە شاری كەركووك لەدایك دەبێت و گەورە دەبێت و هەر لەو شارەش توانا و بەهرەكانی خۆی دەناسێ و بڕیار دەدات ئیش بۆ خەونەكانی خۆی بە تەنها نا بەڵكو ئیش بۆ بەدیهاتنی خەونی ئینسان بكات. فەلاح هونەر تێكەڵ بە دڵ و ڕوحی دەبێت و ناتوانێت دەستبەرداری بێت. ئەم هونەرمەندە ئامرازی بەرەنگاربوونەوەی ناشرینییەكانی ژیان بریتی دەبێت لە هونەر. بە هونەرەوە دەچێت بەگژ دێوەزمەكانی برسێتی و هەژاری و ستەم و بێمافی ئینسان.فەلاح شوانی كوردە و خەڵكی كوردستانە، بەڵام ئەم ئینتمایە بۆ ئەو نەبۆتە ئیشكاڵ و نەیتوانیوە خۆی لەو سەرزمینە جوگرافیایە قەتیس بكات و كارەكانی لەو سنوورە بەرتەسك بكاتەوە. ئەو ئاسۆیەكی تر دەبینێت، ئەو خەمی مرۆڤی بە كۆڵەوەیە و ئەو خەمییەتی نەتوانیت بەدیداری خەونەكانی شاد بێت، خەمییەتی نەتوانێت بە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی ئینسان شاد بێت. لێرەشەوە تابۆكانی و ئیشە هونەرییەكانی خۆی دەخاتە خزمەت ئەم ئومێدەی.



تابلۆی كۆچ۲۰۰٤

هونەرمەند فەلاح شوانی خۆیشی هەر لە سەرەتاوە تێكەڵییەكە لە سادەیی و ڕاستگۆیی. هەر ئەو ڕاستگۆییەش بوو بە هەوێنی ئەو خەونانەی كە بەردەوام دەیانی بینی. ئەو لەسەرەتای لاوییەوە بەهرەی وێنەكێشانی تێدا چەكەرە دەكات و پاشان بەعەشقەوە دەچێت بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی بەشی شێوكاری. لەوێوە ئیتر جیهانی وێنەكیشانەكەی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و هونەرمەندێك لەناخیدا بەرجەستە دەبێتەوە و ئیشە هونەرییەكانیشی سەردەكێشن بۆ هۆڵەكانی شارەكان و بە هەزاران بینەر لەخۆیان كۆ دەكەنەوە.



تابلۆی بەخشین٢٠١٣

كاتێك ڕووی دەمم كردە هونەرمەند و وتم : هەست دەكەم تابلۆكانت وردبینی زۆریان تیا بەكارهێنراوە. دوایش ئاسۆی ڕەنگەكان كراوەیيە و ڕوونە. ئەمەژ ئاماژەیە بۆ ئومێد.

فەلاحی هونەرمەندیش وتی : جوملەیەكی لۆركایە ئەڵێت( احصائیات الحرب غیر دقیقة كل رصاصة یقتل الا ثنین)

ئینجا پرسیم لێی : باشە تۆ چۆن ئیش دەكەن بە دەست و وفلچە یان بە كۆمپیتەر؟ شوانی وتی :

زۆرترین ڕەنگی ئەكریلیك یان ڕۆن، بەڵام زۆرتر حەز بە ڕەنگ و فلچە دەكەم.



لەدرێژەی گفتوگۆكەماندا وتم : ئەبینم ئەبستراكت زاڵە بەسەر تابلۆكان. وایە؟ لە كاتێكدا زۆر بابەتی واقیعیت كردۆتە بابەتی ئیشەكانت. فەلاح شوانیش وەڵامەكەی ئاوا بوو " قوتابخانەكان دەمێكە هەڵوەشاونەتەوە. ئێستا ستایڵ گرنگە چون خۆت بیت و لە كەسی تر نەچیت. منیش پرسیم ئاخر ستایڵیش بەبێ بابەت نابێت! بابەتیش دەچێتە نێو یەكێك لە مەدرەسەكان. وتی : بەڵێ، بەڵام واقیعە فۆتۆگرافییە نا قیاسەكانی جوانی لە گۆڕاندایە. سونامی و دەریای ئیجە و دەیمەنی دەریا و نەرمی شەپۆڵەكان و خۆرنشینی جوانییەكان هەموو كەوتە ژێر پێڵاوەكانی (ئایلان)ەوە.من چێژ لە جوانی دەریا نابینم چیتر . هەزارشتی لەم بابەتە هەیە. منیش وتم : وایە ئاگر هەر بەتەنها گەرمكەرەوە و ڕووناكیبەخش نییە سووتێنەریشە.

لەدرێژەی گفتوگۆكەماندا پرسیم : ڕەنگی تۆخ كەم بەكار دەهێنیت لە تابۆكانت. بۆچی؟ فەلاح شوانی وتی : بە گشتی ڕەنگ بۆ خزمەتی تابلۆیە گەر پێویست بكات و جێگەی خۆی بگرێت. ڕەنگی تۆخ یا تریك بە گشتی قورسە ئەبێت حیسابی بو بكرێت. ئینجا هاتمە سەر ئەوەی بڵێم : تابلۆكانت ناوەكانیان ( راپەڕین و كۆچ و غوربەت) و شتی لەمجۆرەن. ئەی ئەمانە ئاماژەی واقیعیبوون نین؟ وەڵامەكەی ئاوا بوو : بەدڵنیاییەوە. ئینجا پرسیم : دەكەوابێت فەلاح عومەر شوانی هونەرمەندێكی واقیعێیە و ئیش لەسەر ئینتما بۆ واقیع دەكات. بەرهەمەكانی بەشێكن لە واقیع و ئاوێنەی باڵانومای خەون و ئازارو تێكۆشانی ئینسانە. ئەویش وتی : تۆ وای ئەبینی. منیش هەرگیز نەمتوانیوە هونەری شێوەكاری بە بەرهەمی كۆمەڵگەیەكی ئەرستۆكراتی و گەشەسەندووی سەرمایەداری ببەستمەوە. هونەری شێوكاری ڕەنگ كردنی و بەرجەستەكردنی خەونە و لە زهنی هونەرمەندا لێدەدات. لە تابلۆیەكدا ئاوێتەی یەك ئەبن هەندێكجار ئەندێشەی میللەتێك و هەندێكجار خود و هەندێكجار هەموو مرۆڤایەتی هونەرمەند ئەوروژێنێت. كەوابێت من لە هەموو حاڵەتەكاندا كارم كردووە و هەموو حاڵەتەكانیش كاریان تێكردووم.

ئینجا وتم : زۆر جوانە..ئێرنست فیشەر ئەڵێ : هونەری ئەسڵی لە خەڵكەوە، لە ڕابردوو و مێژووەوە هەڵئەقوڵێ بەرەو داهاتوویەكی گەش.. هەست ئەكەم تۆ ناكەویتە دەرەوەی ئەم بۆچوونەوە.. تۆ ئەڵێی چی؟ فەلاحیش وتی : منیش پێموایە هونەر لە ئەشكەوتەو سەری هەڵداوە و پێویستییەكی سەرەكییە. بەدیلی هونەر هەر هونەرە هەتا مرۆڤایەتی بمێنێ.

لێرە گفتوگۆكەمان كۆتایی هات. بەڵام سەرنج و خوێندنەوەمان بۆ هونەر و بەتایبەتیش بۆ هونەری شێوكاری نەك هەر كۆتایی نەهاتووە، بەڵكو لەوە دەچێت هێشتا تامەزرۆییمان ورد ورد باڵا بكات. چونكە جیهانی هونەریی فەلاح شوانی جیهانێكی تایبەتە . لەو جیهانەی شوانی مرۆڤ هەیە كە سەرچاوەی كارەكان و ئیشەكانییەتی. ماتریاڵەكانی واقیع هەمان ماتریاڵەكانی بابەت و پەیامی كۆمەڵایەتی هونەرەكەیەتی. ماوەتەوە بڵێم هونەرمەند فەلاح شوانی ساڵی ١٩٦٥ لە شاری كەركووك لەدایكبووە. ساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی تەواو دەكات. لەنێوان ساڵی ١٩٨٣ تا ٢٠١٤ شوانی هەژدە پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی لە كوردستان وعێراق و سوریا و هیندستان و ئەمریكا كردۆتەوە. ئەندامە لە هەرتك ڕێكخراوی هونەرمەندانی كۆڵۆمبس و ورتنگتن و ئێستاش مامۆستایە لە پەیمانگای ئەنتەرناسیونالی كۆڵۆمبس لە ئەمریكا.

.



ڕەوت
البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# لە دووەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراقدا

## " ئەم ڕاپۆرتە بەدواداچونێکی ڕۆژنامەوانیە کە هاوڕێ جەلال سەباغ ئامادەی کردوە و لە ڕۆژنامەی عەرەبی زمانی (الغد الإشتراكي) ژمارە دوانزەدا بڵاوکراوەتەوە، هاوڕێ سورەیا تاهیر پوختەیەکی لێ کردوە بە کوردی

**تەمموزی ئەمساڵ (٢٠٢٠)، لە جەرگەی دۆخێکی پڕ لە ڕووداو و گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا، یادی دووەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) تێپەڕبوو. ئەو ڕێکخراوەی کە لە ڕاپەرینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)دا پشتیوانەیەکی بەهێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان، لاوان و ژنان و خەڵکی هەژارکراو و بێکارکراو بوو. وە لە ڕێگەی لە خۆبوردیی و هەڵسورانی چالاکانەی ئەندامەکانیەوە لە هەوڵی داینکردنی ڕۆڵی ڕابەرایەتیدا بوو بۆ ئەو ڕاپەرینە، سۆشیالیزمی وەک ڕێگەچارە ڕاگەیاند، ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە قەومی و ئیسلامیەشی دانا بە یەکەمین هەنگاو لەو ڕاستایەدا، کە پێویستە سیستەمی دەسەڵاتدارەتی شوورا جەماوەریەکان جێگەی بگرێتەوە کە (بەدیل) هەر لە دەستپێکی ئۆکتوبەری (٢٠١٩)وە بانگەوازی پێکهێنانیانی بۆ دەکرد.**

**دووەمین ساڵڕۆژی پێکهێنانی بەدیل لە کاتێکدایە کە جەماوەری ڕاپەڕیو بەردەوام قوربانی دەدات و خوێنی دەڕژێت لە ئەنجامی سەرکوت و تیرۆرێک کە دەسەڵات ئەنجامی دەدات، بەڵام هێشتاش هەر ڕاپەڕین بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا کە توانایی بەرەوپێش چوونی سەخت تر بووە بەتایبەتی بەکارکردی هێزەکانی دژەشۆڕش بۆ دوورخستنەوەی جەماوەر لە خۆڕێکخستن و یەکخستنی هێز و چالاکیەکانی.**

**دووەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی بەدیل هەلێک دێنێتە پێشەوە بۆ ناسینی دیدگای هاوڕێیانی ناو ڕێکخراو دەربارەی سرووشتی کاری سیاسی و کارکردی جەماوەری ئەم کارانە، هەروەها جیاوازیەکانیان لەگەڵ هێزە سۆشیالیست و مارکسیستەکانی تری ناو عێراق، وە ڕادەی توانایی چوونە پاڵ جەماوەر و ئامانجەکانی. هەروەک دەرفەتێکیشە بۆ ناسینی سرووشتی کاری ڕێکخراوەکە لە پارێزگا و ناوچە جیاوازەکانی عێراق دا و ئەو بەربەستانەی دێنە بەردەم کاری سیاسی هاوڕێیان، هەروەها ناسینی کاری ڕێکخراوەکانی ژنان و خوێندکاران و کرێکاران و چەند تەوەرەیەکی تر کە ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەگەریە تیشکی دەخاتەسەر.**

**بەبۆنەی ساڵڕۆژی دووەمی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەوە بڵاوکراوەی (الغد الاشتراكی) گفتوگۆیەکی لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانی بەدیل ئەنجامداوە و چەند پرسیارێکی ئاراستە کردون کە وەڵامەکانیان ڕەنگدانەوەی چوارچێوەی گشتی تێڕوانین و بۆچوونەکانیانە دەربارەی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەکە.**

## پێکهێنانی حیزبی چینی کرێکار

لەسەرەتادا ڕوومان کردە خەباتگێڕی دێرین ڕەشید ئیسماعیل "ئەبو عەلی" کە خاوەنی مێژوویەکی درێژە لە هەڵسووڕانی سیاسی و لێمان پرسی: یادی دووەم ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەدیل چی دەگەیەنێت بۆ تۆ؟ وەڵامەکەی کە هەڵقوڵاوی ئەزموونێکی دوورودرێژی کاری سیاسی بوو وتی: یادی دوو ساڵەی بەدیل هاندەرێکە بۆ یەکخستنی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی حیزبی چینی کرێکار و گرتنەدەستی دەسەڵاتی کۆمەڵگە لەلایەن ئەم چینەوە، وەک بەدیلێک بۆ ئەو هەموو تراجیدیایانەی لەژێر سایەی داگیرکردن و تیرۆر و میلیشیاکاندا بەسەریاندا سەپێنراوە. ئەوەی کە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ئەنجامیداوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخەدا وەک چەکێک بەدەستی کرێکاران و لاوان و ژنانەوە لە خۆیدا جێگەی هیواداریە لە پرۆسەی ڕزگاربوون دا لەم بارودۆخە سەختە و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان.




دەربارەی هەمان پرسیار محەمەد شنان ووتی: ڕێکخراوی بەدیل ئامرازێکە لە دەستی چینی کرێکاردا لە پێناوی ڕزگار بوون کە ڕژێمی سەرمایەداری کە جەماوەر دەچەوسێنێتەوە و هەژاریان دەکات. وە یادی دووەمین ساڵڕۆژی ڕێکخراوەکە دەکەینەوە کە هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی شەپۆلی نارەزایەتی کرێکاران



و ژنان دژ بە ئەو بارودۆخە کارەسات بارەی کە خەڵک تیایدا دەژی.

ئەسیل ڕەمماح، کە ماوەی ساڵێکە ئەندامی ڕێکخراوی بەدیلە و یەکێکە لە ژنە چالاکەکانە دەڵێت: من وەک ژنێک لەو باوەڕەدام کە بەدیل نوێنەرایەتی ئامانج و مافەکانی ژنان دەکات، وە بە پلەی سەرەکی بەرگری لە مرۆڤایەتی دەکات و خوازیاری بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و یەکسان و ئازادیە بۆ تاکەکان، وە ئەو دیدگا مارکسیستەی کە ڕێکخراوی بەدیل کاری پێدەکات، پێداگرە لەسەر بەدیهێنانی یەکسانی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ ژنان. یادی ساڵڕۆژی ڕێکخراوەکە هەلێکە بۆ دەربڕینی هەستی شانازی کردن بە ئەندام بوون تیایدا.

لە پارێزگای دیوانیە شارۆچکەی شامیەوە، هاوڕێ موناف "ئەبو یاسر" بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوەوە دەڵێت: لە دایک بوونی ئاسۆیەکی نوێیە بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە بارودۆخێکدا کە چەپ پاشەکشەیەکی بێ وێنەی کردوە لەسەر ئاستی ناوخۆ، وە ئەوەی کە یادی دووەم ساڵڕۆژیەتی بەو مانایەیە کە ڕێکخراوەکە لە ماوەیەکی کورتدا چالاکانە بەردەوامی بە کارەکانی داوە بە پشت بەستوویی بە پرنسیبی ئەندامانی و بە چستوچالاکی لەسەر ئاستی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی.

پرسیار: ئەو خەتە گشتیەی کە سیاسەتەکانی ڕێکخراو لەسەری دەڕوات، ڕزگاربوونە لە ڕەوتە ڕیفۆرمیستەکان کە بەرگی کۆمۆنیزمیان پۆشیوە و مێسۆدێکی شۆڕشگێڕانەی ڕیشەییە، خوازیاری ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە و جێگیرکردنی دەسەڵاتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری شۆڕشگێڕە، بەڕای ئێوە ئەم کۆمەڵگە ئەم سیاسەتە قبووڵ دەکات؟

هاوڕێ عەبدوڵا صالح لە وەڵامدا ووتی: بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەدرێژایی مێژوو کوتەکی زۆری بەرکەوتووە لەلایەن ڕەوتە ڕیفۆرمیستەکانەوە کە پۆشاکی "کۆمۆنیزم"یان لەبەردابووە وە هەروەها لەلایەن ئەو ڕەوتانەشەوە کە ئیدیعای کۆمۆنیستیان کردوە لەباری ئایدیۆلۆژیەوە بەبێ ئەوەی هەنگاوی عەمەلیان بەو ئاراستەیەدا هەڵهێنابێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئۆتۆریتەی کۆمەڵایەتی لەدەست بدات، ئەمە وێڕای دژایەتی ڕەوتە بورژوا ناسیونالیست و مەزهەبیەکان کە دوژمنانی فیکری کۆمۆنیزمن لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهان. هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ سەختی پرۆسەی گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ کۆمۆنیزم. لەبەرئەوە خەبات کردن لە پێناو نەخشاندنی وێنەیەکی ڕاستەقینە لە کۆمۆنیزم و دەرخستنی ئامانجە مرۆڤایەتیەکانی هەوڵ و کۆشش و پێداگریەکی زۆر دەخوازێت، وە ئەمەشە کە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە پێناویدا خەبات دەکات و لە ئەولەویاتە هەرە گرنگەکانی چالاکی و خەباتی ڕۆژانەی ئەندامەکانیەتی.

هاوڕێ سالار عەلی کە لاوێکی وەرزشکارە و لەڕیزی ئەندامانی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی دایە، باسی لەوە کرد کە چەند دیاردەیەک ڕێکخراوەکە جیادەکاتەوە لەوانە: ڕاستگۆیی و پیشەگەرێتی و کارکردن بە مێسۆدی شۆڕشگێڕانە دوور لە بەرژەوەندی تایبەتی. هەرەوەها سالار دەڵێت ئەوە ئیرادە و پێداگری و ئایدیۆلۆژی مارکسیستی شۆڕشگێڕانەیە کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم.

موناف "ئەبو یاسر" وا دەبینێت کە ڕێکخراوی بەدیل بە شیکردنەوەی بۆ واقیع جیادەبێتەوە، وە دەڵێت: بەدیل لە ڕاگەیاندنی بەیاننامەی دامەزراندنیدا بانگەوازی بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە کرد وە ئەمە لە سەرەتادا وەک زێدەڕۆیی دەهاتە پێش چاو، بەڵام دەبینین کە ئێستا تەواوی جەماوەری ڕاپەڕیو داوای ڕووخاندنی ڕژێم دەکەن. هەر ئەم خاڵە لە خۆیدا نیشانەی سەرکەوتنێکە بۆ ڕێکخراوەکە لەسەر ئاستی فیکری و توانایدا بۆ خوێندنەوەی پاشەڕۆژ.

## هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیو

دروست بوونی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ڕەنگدانەوەی ئاوات و خواستی جەماوەری ژنان و کرێکاران و لاوان و خوێندکاران بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە دژوارەی کە دەسەڵاتی حیزبەکانی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیستەکان و هاوکارانیان بەسەریاندا سەپاندوون و کۆمەڵگە دەناڵێنێ لە ژێر باری سیاسەتی هەژارکردن و تاڵانی کە دەسەڵات پەیڕەوی دەکات.

کاتێ پرسیارمان لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە کرد سەبارەت بە کاری سیاسی و چالاکیە مەیدانیەکانی ڕێکخراوی بەدیل لەناو خرۆشانە شۆڕشگێڕانەکەی ڕاپەڕینی ئۆکتوبەردا، هاوڕێ نادر عبدالحمید لە وەڵامدا ووتی: ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی هەر لە سەرەتادا لە جەرگەی ڕاپەڕینەکەدا ئاسۆیەکی سۆشیالیستی خستەڕوو، کە ئەمە لە ئەدەبیاتەکانیدا دەردەکەوێت وەک یەکەمین بەیاننامەی "٢٠١٩/١٠/٢"، و پلاتفۆرمی "٢٠١٩/١٠/٢٣"، و پاشان بەرجەستە بوونەوەی لە (هێڵە سەرەکیەکانی دامەزراندنی شووراکان)دا لە "٢٠١٩/١٢/٥"دا، هەروەها لە بەرزکردنەوەی دروشمی "هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیو" هەر لەسەرەتاوە. وە بەرجەستە کردنەوەی ئەم ئاسۆیە لە تاکتیک و سیاسەتەکاندا لەناو ڕاپەڕینەکەدا. هەروەها ووتی: دەتوانین شانازی بکەین بەتوانامانەوە لە خستنەڕووی ئاسۆی سۆشیالیستی و گرتنەبەری تاکتیکی سۆشیالیستیدا و بە بەشداربوونی چالاکانەشمان شانبەشانی لاوانی کچ و کوڕی ڕاپەڕیو، ئەمە جگە لە دەرکردنی بڵاوکراوەی ڕۆژانەی "صوت الانتفاضة" و هەفتەنامەی "نساء الانتفاضة".

هەروەها نادر باسی لەوەکرد کە لایەنێک دژ بە ڕاپەڕین وەستایەوە لەسەرەتادا و بە گەمەی ململانێی نێوان هێزە بورژوازیەکان




لەقەڵەمیدا کە جەماوەر کێش دەکەن بۆ هاتنە مەیدان بۆ یەکلاکردنەوەی جەنگی نێوانیان، کەچی پاش تێپەڕبوونی مانگێک ناچاربوون کە بێنە ناوەوە بەبێ ئەوەی هیچ پێداچوونەوەیەک بۆ هەڵوێستی پێشوویان بکەن، هەروەها وتی: هەندێ لایەنیش بە بەرزکردنەوەی دروشمی سیکیولاریزم و دیموکراسیەت وەک ئەڵتەرناتیڤ ویستیان خۆیان بەشەپۆلی نارەزایەتیەکاندا هەڵواسن،

لە کاتێکدا کە هەندێکی تر سەرقاڵی پیاهەڵخواندنی پاڵەوانبازیەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو و ووتنەوەی دروشمە سۆشیالیستیەکان بوون لەدوورەوە و لەناو فەزای مەجازی ئەلیکترونیدا، وە هەندێکیش تەنها لە ئاستی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی سۆشیالیستیدا وەستان. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم بەشداریکردنانە هەموویان پۆزیتیڤ بوون، بەڵام هیچیان ناگەنە ئاستی بەشداری کردنێکی سیاسی پێشڕەوانە و ڕابەرایەتیەکی کۆمۆنیستانە لە چرکە ساتێکی مێژوویی چارەنوس سازدا، وەک ئەوەی کە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی پێی هەستا بەوێنەی جەنگاوەرێکی کۆمۆنیست لە مەیدانی جەنگدا.

عەبدوڵا صالح لەم بارەیەوە ئیشارەتی بەوە دا کە ئەوەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی جیادەکاتەوە ڕۆشنی دیدگایە، وە ووتی: جیاکەرەوەی سەرەکی ڕێکخراوی بەدیلی لە بەراورد بە هێزە سیاسیەکانی تری ناو ڕاپەڕینی ئۆکتوبەر لە بەرزکردنەوەی دروشمی "هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیو" دایە. وە هەروەها لە خستنەڕوویدا بۆ (هێڵە سەرەکیەکانی پێکهێنانی دەسەڵاتی شوورا) شۆڕشگێڕەکانی جەماوەری ڕاپەڕیو وەک بەدیلێک بۆ ئەم دەسەڵاتەی ئێستا، ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕۆشنی دیدگا و دروستی ئەو سیاسەتەیە کە ڕێکخراوەکە پەیڕەوی لێ کرد لە پەیوەند بە ڕاپەڕینەکە و ئامانجەکانیەوە.

بۆ ل١٠

ڕەوت البديل OCAI
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێڕاق دەریدەکات

# خۆپیشاندانی پەرستاران و کرێکارانی کەرتی تەندروستی لە بەریتانیا

## سورەیا تاهیر

**"بوریس جونسون، گوێ بگرە لە هاوارمان، یان مووچە و شایستە داراییەکانمان بدە یان سەرۆکایەتی بەجێ بهێڵە"**

ئەمە یەکێک بوو لە دروشمە کانی ئەو خۆپێشاندانەی کە هەزاران کرێکاری کەرتی تەندروستی و پەستاران هاوکات لە زیاتر لە سی شار و شارۆچکەی بەریتانیادا لە ڕۆژی ٨ی ئابی ٢٠٢٠ دا بەڕێیان خست. گەورەترین خۆپیشاندانەکان لە شاری لەندەن بەڕێوەچوو. داواکاریەکانی خۆپیشاندەران لە حکوومەت پێکهاتبوو لە: دان پیادانان بە ڕۆڵی گرنگ و لەبەرچاو گرتن و ڕێزلێنان لە کاری سەخت و لەخۆبووردوانەی ئەم بەشە




بەرفراوانە لە کرێکارانی کەرتی تەندروستی لەکاتی تێپەڕینی وولاتەکە بە قەیرانی گەورەی پەتای کۆرۆنادا. هەروەها بەرزکردنەوەی کرێ و مووچەکانیان.

خۆپێشاندانەکە بە پەیڕەوی کردنی یاساکانی پاراستنی باری سەلامەتی وەک بەکارهێنانی دەمامک و پاراستنی ماوەی "دوو مەتر" نێوان بەشداربووان دا بەڕێوەچوو.

شایانی باسە کە یەک مانگ لەوەوپێش حکومەت بڕیاری بەرزکردنەوەی مووچەی پزیشکەکانیدا وە ئەم توێژە بەرفراوانەی کرێکارانی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و کەرتی پەرستاری بێبەش کرد. ئەمە جگە لە کەڵەکەی ئەو شایستە داراییانەی کە لەئەنجامی پەیڕەو کردن لە یاسای خەواندنی مووچەی پەرستاران و کرێکارانی خزمەتگوزاری بەساڵاچوان و کەمئەندامان، کە لە ساڵی ٢٠١٠ وە هیچ جۆرە بەرزکردنەوەیەکی بەخۆیەوە نەدیوە. واتە یاسای بەرەوسەر چوونی مووچە هاوشانی بەرەوسەر چوونی نرخی کاڵا کە لە بەریتانیا دا پەیڕەو دەکرێت و ساڵانە ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ هەر مووچەخۆرێکی کەرتی گشتی زیاد دەکرێت، ئەم یاسایە پەرستاران و کرێکارانی خزمەتگوزاری تەندروستی نەگرتوەتەوە. ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەمەش نزمتر بوونەوەی کرێی ئەم توێژەبەرینە بووە بە ڕێژەی ٢٠٪ . لەبەر ئەوە نەقابەکانی کرێکارانی ئەم کەرتە، ئەم هەڵوێستەی حکومەتیان بەو دڵۆپە ئاوە لەقەڵەمدا کە کاسەی تووڕەیی کرێکارانی پڕ کرد و سەرئەنجام ئەم شەپۆلە نارەزایەتیەی لێ بەرهەم هات.

نەقابەی یونایتد کە گەورەترین نەقابەکانی بەریتانیایە و سەد هەزار لە کرێکارانی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان تیایدا ئەندامن، داوای لە حکومەت کرد کە چاوەڕوانی تێپەڕبوونی ماوەی دیاریکراو نەکات "کە سێ ساڵە و لە مانگی نیسانی ساڵی داهاتوودا تەواو دەبێت"، بۆ دووبارە پێداچوونەوە بە ڕێکەوتننامەی نێوان نەقابە و حکومەت بۆ هەڵسەنگاندنی کرێ و مووچەی ئەم توێژە، بەڵکو دەستبەجێی مووچەکانیان زیاد بکات.

میلانی گەیڵ، کە یەکێک بوو لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، ووتی: ئێمە ئەمڕۆ لێرەین بۆ ئەوەی بە حکومەت بڵێین چیتر بێدەنگ نابین و لەمەودوا ڕازی نابین بە پشت گوێ خستنی مافەکانمان. هەروەها هێلین ئۆکۆنۆر لە نەقابەی "جی ئێم بی" ووتی: کرێکارانی کەرتی تەندروستی تەنها بۆ ڕزگار کردنی ژیانی کەسانی تووش بوو بە پەتای کۆرۆنا نەجەنگیون، بەڵکو لەپێناو ڕزگار کردنی تەواوی کەرتی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان "ناسراو بە ئێن ئێچ ئێس" لە ململانێی سەختدا بوون. وە ئەگەر بەنیازی پاراستنی ئەم کەرتە بین بۆ نەوەکانی داهاتوومان، دەبێ دەوڵەت هەر ئێستا دەست هەڵگرێت لە سیاسەتەکانی کەم کردنەوەی بوودجەی ئەم کەرتە و بەتایبەتی کردنی.

شایانی باسە کە سەدان کرێکاری ئەم کەرتە کە ناوی "سەربازی سپی" یان لێ نرابوو لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکی چاودێری کردنی تووشبوانی کۆرۆنادا، گیانیان لەدەستدا. لە هۆکارەکانی مردنی کارمەندان و کرێکارانی بەشی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان کەمکاری دەوڵەت بوو لە ڕەخساندنی پێداویستیەکانی خۆپاراستن لە توشبون بە ڤایروسەکە، وەک دەست کێش و دەمامک و بەرگی تایبەتی، وە هەروەها دواکەوتن لە فەراهەم کردنی پشکنینی تاقیگەیی پێویست بۆیان لەکاتی پێویستدا. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەم کەرتە وەک تەواوی کەرتەکانی تری خزمەتگوزاریە گشتیەکان زیاتر لە سێ سەدەیەیە لەژێر فشاری حیزبی کۆنسەرڤاتیڤ و باڵی ڕاستی باڵادەستی ناو حکومەت و پەرلەمانی بەریتانیادا لەبەردەم هێرشی بەردەوام دایە.

وەزیری تەندروستی لە ڕۆژی ١١ ی ئاب دا، واتە سێ ڕۆژ پاش خۆپێشاندانەکان، ڕایگەیاند کە حکومەت هیچ نیازێکی نیە لە بەرزکردنەوەی مووچەی پەرستاران و کرێکارانی کەرتی تەندروستی، وە دەبێت چاوەڕوانی تەواو بوونی ماوەی ڕێکەوتننامەی نێوان حکومەت و نەقابە بکەن لە مانگی نیسانی داهاتوودا.

## له دووه‌مین ساڵڕۆژی.........پاشماوه

هاوڕێ ئیقبال صلال کە بەردەوام لە ساحەی تەحریر بووە دەڵێت: بەشداربوونی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕینەوە بە ئاشکرا جێگە پەنجەی بەجێهێشتوە، لەڕێگەی ئەو دروشمانەی کە کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵوێست و بیرکردنەوەی لاوانی ڕاپەڕیو بەتایبەتی دروشمی "هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیو" کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە داواکاریەکانی شۆڕشگێڕانەوە هەبوو. هەروەها بەشداربوونی بەدیل ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، وە شۆڕش زۆرێک دەسکەوتی بەدەستهێنا لەوانە وەلانانی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی و قووڵتر کردنەوەی قەیرانی ڕژێم.

هاوڕێ ڕەحیم شناوە ڕوونی کردەوە کە ڕێکخراوەکە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەوە لە ٢٠١٩/١٠/١ دا تێڕوانین و بۆچوونەکانی خستەڕوو دەربارەی ڕاپەڕین و پێویستی خۆڕێکخستنی خەڵکی ڕاپەڕیو لە شوورا شۆڕشگێڕەکان و پێکهێنانی لیژنە تایبەتەکان بۆ پاراستنی خێمەکان. وە ڕێکخراوەکە بێ ووچان بانگەوازی دەکرد بۆ ئاگاداربوون لەو کەس و هێزە ئیسلامی و قەومیانەی کە بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوە بوون لەسەر حیسابی بەرژەوەندی ڕاپەڕین و خەڵکی ڕاپەڕیو، وە پێداگری دەکرد لەسەر پێویستی پەراوێزخستنی ئەم کەس و هێزانە و ناساندنیان و پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەجێندەکانیان.

موناف ئەبو یاسر ووتی: جیاکەرەوەی ڕێکخراوەکە ئەو مێسۆدە شۆڕشگێڕانەیە بوو کە ڕێکخراوەکە لەناو ڕاپەڕیندا هەر لەسەرەتاوە پەیڕەوی لێ کرد، ڕێکخراوی بەدیل تاقە لایەنێک بوو کە پشتبەستوو بوو بە بنەماکانی تیۆریەکی شۆڕشگێڕانە بۆ شیکردنەوەی واقیعەکە و بینینی پاشەڕۆژ، وە ئەندامانی لە زۆر جێگادا سەرکەوتوو بوون لە بڵاوکردنەوەی بیروڕای شۆڕشگێڕانە.

وە هاوڕێ ڕەشید ئیسماعیل ڕایگەیاند:

گرنگترین کاری ڕێکخراوی بەدیل، بەشداریکردنی چالاکانە و بانگەوازی بووە بۆ وەلانانی تەواوی دەسەڵات و دەڵێ: یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە لە بیر ناکرێت ئەوەیە کە بەدیل کۆمۆنیستی یەکەمین گرووپی کۆمۆنیستی بوو کە دروشمی "هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیو"ی بەرزکردەوە، بەو مانایەی کە مافی هەڵبژاردنی دەسەڵاتی خۆیانی خستە بەردەم جەماوەر، وە یەکێک لە خاڵە خەباتگێڕیەکانی بانگەوازکردنی جەماوەری ڕاپەڕیو بوو بۆ خۆڕێکخستن لە شوورا جەماوەریەکان و خۆڕزگار کردن لە عەفەویەت کە دەبێتە هۆی مردنی ڕا پەڕینەکە.

هاوڕێ ماجید لە سامەڕا ڕایگەیاند کە ڕێکخراوی بەدیل ڕۆڵێکی فراوان و ناسراوی هەبووە لەسەرەتای دروست بوونیەوە هەتا ئێستا، دەڵێت:

جەماوەری بەدیل لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای عێراق تارادەیەکی زۆر ئاشنان بە تێڕوانینەکانی ڕێکخراوەکە. یەکێک لە چالاکیە بەرچاوەکانی ڕێکخراوەکە ڕێکخستنی چالاکی ڕۆژی جیهانی ژن، هەشتی مارس و هەڵواسینی دروشمەکان لە شوێنە دیارەکانی سامەڕا و بڵاوکردنەوەی "الغد الاشتراکی" و "صوت الانتفاضة"، لەکاتێکدا کە لە سامەڕا و ناوچە ئازادکراوەکاندا سەرکوتی هەموو بیروڕایەک دەکرێت جگە لە بیروڕا و فکری ئیسلامی دەمارگیر و ئەگەر جەماوەر بیر لە کار و چالاکی سیاسی بکاتەوە، ئەوا میلیشیاکان سەرکوتی دەکەن.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ئامادەیە بۆ ڕابەرایەتی کردنی چینی کرێکار لە مرحلە ی داهاتوودا




دەربارەی کاری ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە ڕیزەکانی کرێکاران و ڕێکخستنیاندا، پرسیمان: ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی بەدواداچوون دەکا بۆ بابەتە کرێکاریەکان و بێکاران، ئایا کرێکاران کۆبوونەتەوە بەدەوری ئەم ڕێکخراوەدا، کە هیچ سازشکاری نانوێنێت و داوای دامەزراندنی دەسەڵاتی کرێکاران دەکات؟

هاوڕێ عەبدوڵا صالح وا دەبینێت کە هێشتا کۆبوونەوەی کرێکاران بەدەوری ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستیدا ناتەواوە و تارادەیەک نەبینراوە، ئەمەش هۆکاری زۆری لە پشتەوەیە. دەتوانین بڵێین کە چینی کرێکار هەتا لەناو ڕاپەڕینیشدا، وەک چینێک بە سیاسەت و ئامانجە چینایەتیە سەربەخۆکانیەوە ئامادەی مەیدان نیە. گرنگی خەباتی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لێرەدایە و دەبێت ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە.

پێشوازی کردن لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکە خاڵێکی وەرچەرخانە لە هۆشیاری جەماوەری ڕاپەڕیودا:

دەزگاکانی میدیای ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی تێڕوانین و فکری ڕێکخراوەکە لە ناوەندەکانی کرێکاران و ژنان و لاوان و توێژەکانی تری کۆمەڵگەدا. میدیا ڕۆڵێکی بناغەیی دەبینێت و ڕەنگدانەوەی بۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیە.

ئەسیل ڕەمماح یەکێک لە نووسەران و لێپرسراوانی بڵاوکراوەی "نساء الانتفاضة" لەم بارەیەوە دەڵێت: پێم وایە ئەم بڵاوکراوەیە ڕۆشنایی دەخاتەسەر فیکری چەپ و سۆشیالیستی ڕزگایخوازانە و گرنگترین بڵاوکراوەی سیاسیە کە باس لە واقیعی زیندووی ژنان و جەماوەری ڕاپەڕیو دەکات، لەبەرئەوەی کە مینبەرێکی زیندووە و ژنان لەڕێگەیەوە بیر و بۆچوون و ئازارەکانیان بۆ کۆمەڵگە دەردەبڕن لەڕێگەی نووسینی ووتار و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەریەوە.

عەبدوڵا صالح یەکێک لە نووسەرانی بڵاوکراوەی "صوت الانتفاضة" و "الغد الاشتراکی" دەڵێت: کاری ڕۆژنامەگەری لەناو ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستیدا و بەتایبەتی ئەوەی کە لەناو ڕاپەڕینی ئۆکتوبەردا چالاکانە کاری دەکرد، لە یەکێک لە شاکارە گرنگەکانی ڕێکخراوەکەمانە لەو تەمەنە کورتەی کە تێپەڕاندوە، لەبەراورد بە هێزە چەپەکانی تردا کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەناو مەیدانی سیاسی عێراق دا ئامادەییان هەبوو، دەتوانم بە دڵنیاییەوە ئەمە بڵێم لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاش پێویستمان بەکاری زۆر زیاتر هەیە بەتایبەتی لە بوونی تەکنولوجیای پەیوەندی کردن و سەکۆکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا.

هاوڕێ ڕەحیم شناوە دەڵێت پێشوازی کردن لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکە خاڵێکی وەرچەرخانە لە هۆشیاری جەماوەری ڕاپەڕیودا، لەبەرئەوەی لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ ڕاپەڕین دەیڕوانیە پاشەڕۆژ و بەتایبەتی بڵاوکراوەکانی "نساء الانتفاضة" و "صوت الانتفاضة" گفتوگۆیەکی بەرچاوی لەناو ڕیزەکانی ڕاپەڕین لە بەغداد و هەندێ لە پارێزگاکانی تر، دەهێنایە گۆڕ.

هیچ ئازادیەک لە کۆمەڵگە دا بوونی نیە بەبێ ئازادی و یەکسانی ژنان

هاوڕێ ئیقبال صلال، لە وەڵامی پرسیارێک دەربارەی دۆخی ژنان و کاری ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ووتی: یەکێک لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی بانگەوازە بۆ یەکسانی تەواوی نێوان ژن و پیاو. ئاشکرایە کە ژنان پەراوێز خراون و بەربەستی زۆر لەبەردەمیاندایە بۆ بەشداربوون لە ژیانی سیاسیدا. وە ڕێکخراوی بەدیل دەرگایەکی فراوانی کردۆتەوە لە بەردەم ژنان دا تا بەبێ جیاوازی بەشداری کاری سیاسی ببن.

ئەندامی ڕێکخراوی بەدیل هاوڕێ شیرین عەبدوالله ڕوونی کردەوە کە بوونی پەیوەندی هاوڕێیانە و ئامادەیی کۆمەککاری ناو ڕێکخراوەکە پاڵپێوەنەر بوون بۆ پەیوەست بوونی زۆرێک لە ژنان بە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکە و بۆ نووسین لە بڵاوکراوەکانیدا. "لە کەس شاراوە نیە ئەو ئەرکانەی سەرشانمان کە پێویستە بەجێیانبهێنین لەم بوارەدا زۆر گەورەن، بەڵام ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ئەو ژینگە گونجاوەیە کە توێژە پەراوێز خراوەکان تیایدا گەشەدەکەن، بەتایبەتی ژنان، و هەمووان دەتوانن بیر و بۆچوونەکانیان بەبێ هەڵاواردن دەربڕن و دەست بدەنە چالاکی لەهەموو بوارەکاندا.

# دوو ئەجندای سیاسی جیاواز لە خۆپیشاندانەکانی ئابی ٢٠٢٠دا

نەوزاد بابان




تێبینی: ئەمەی خوارەوە پوختەی بەشێک لەوەڵامەکانی منە لە چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆی کەناڵی (ئێن ئارِ تی) کە شەوی (١٢-٨-٢٠٢٠) ئەنجامدراوە بەدوای خۆپێشاندانە جەماوەریەکەی ئەو ڕۆژەدا. من و بەڕێز دکتۆر کاوە عەبدولقادر (ئەندام پەرلەمانی کوردستان، لە نەوەی نوێ) میوانی بەرنامەکە بووین.

ئێن ئارِ تی: ئەمەوێت ئەوە بزانم لەسەر خۆپیشاندانەکەی ئیمرۆ ١٢ی ئاب زۆرێک لە شاروشارۆچکەکان، ئەوەی کە بینیمان هاوڵاتیان بەشێوازێکی مەدەنیانە خۆپیشاندانیان کرد لە هەندێ شوێنش ئاڵۆزی و گرژی لێکەوتەوە، بە بۆچونی تۆ هۆکارەکانی خۆپێشاندان بۆچی دەگەڕێننەوە؟

نەوزاد بابان: مەعلومە ئەوەی ئێمە ئێستا لە کوردستان دەیبین، ناعەدالەتی و نایەکسانی تەواوی سێکتەرەکانی ژیانی گرتوەتەوە. مێژوی سی ساڵی ڕابردوو خەڵک بۆ خواستەکانیان هاتونە مەیدان. ئەو دەنگە نارازیەی کە ئێستا لەسەر شەقامە خۆرسکە و سەر بە هیچ لایەن و گروپێکی دیاری کرواو نیە، وە کێشە نیە کێ بانگەشەی بۆدەکات، ڕاستە ئیمرۆ سەرۆکی بزوتنەوەی (نەوەی نوێ) بانگەشەی بۆکرد، وە لەسەرو ئیرادەی خەڵکیش ئەنجومەنێکیان پێک هێناوە بەبێ مەشورەتی دەنگەنارازیەکانی تر، بۆیە ئەم جۆرەهەنگاوانە تەعریف لە لایەنێکی دیاری کراو دەکات نەک تەواوی کۆمەڵگا، وە بەراستی ئەوەی من بینم لە خۆپیشاندانەکەی پارکی ئازادی و زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی تر ئەوە بوو کە دوو ئەجندای جیاواز هەبوو یەکیان بە شێوازی هەمان قەوانە کۆنەکە چاک سازیی لە حکومەت و پەرلەمان دەویست و خوازیاری حکومەتی تەکنۆکرات و هەڵبژاردنی پێش وەختە بوو، ئەوەی تریش کە ڕای زۆرینەی خەڵکە هیچ ئومێدێکیان نە بە حکومەت، نە بە پەرلەمان، نەماوە داوای ئەڵتەرناتیڤێکی تر دەکەن ئەویش دەسەڵاتی خەڵکە لە ڕێی نوێنەرەکانی خۆیانەوە.

ئێن ئارِ تی: باشە ئەمەوێ ئەوە بپرسم لەگەڵ هاتنەمەیدانی ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵک بۆ داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت ئەگەر سەریش نەگرێ وا لەحکومەت ناکات ئیعادە نەزەرێک لە شێوازی بەڕێوەبردنی حوکم بکاتەوە؟

نەوزاد بابان: من لە قسەوباسەکانی ڕابردومدا تیشکم خستەسەر ئەو پرسیارەتان ئێمە لەگەڵ دکتۆر کاوە بەدوو تێڕوانینی جیاواز دەڕوانینە ڕێگا چارەکە ئەو لە چوارچێوەی هەمان سیستەمدا دەسوڕێتەوە، دەیەوێ بە بەدستهێنانی چەند کورسیەک ئاڵوگۆڕ لەسیستەمی حکومدا بکات، بەڵام خەڵکی کوردستان تەجروبەیەکی تاڵی هەیە لەگەڵ ئەم تێڕوانینە، سی ساڵی دەسەڵاتی مافیای فەرهەودی کورد ئەو ڕاستیەمان نیشان دەدات کە حکومەت و پەرلەمان هیچ مانایەکی نیە بێجگە لەوەی کە ئامرازێکن بۆ پارستنی دەسکەوت و سەرمایەکانی چەند بنەماڵەیەک و بەس. ئیمرۆ ئێمە هەموومان بینیمان کە ڕێگە نەدرا بە خەڵکی هەولێر خۆپیشاندان بکەن ئیَ ئیتر چۆن دەتوانی لەنێو ئەم سیستەمەدا، لەنێو پەرلەمانە کارتۆنیەکەیدا ئاڵوگۆڕ دروستکەیت؟ ئەوەمان بیرنەچێ مەلا بەختیار ووتی تەنهایەک کورسیمان هەبێ ئێمە دەسەڵات لە ناوچەی سەوزدا تەسلیم بەکەس ناکەین، لەبەرئەوەی حزبەکەی خاوەن پارە و میلیشیایە بۆیە تەنها ڕێگە بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە نا هەموارە تەنها گەڕانەوەیە بۆخەڵک. دەبێ خەڵکی کوردستان ئیرادە نیشانبدات ئەویش بەڕێکخستنی خۆی لە تەواوی ناوەندەکانی کار و ژیاندا نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن، نوێنەری سەراسەری لە ئاسی شارەکاندا دەستنیشان بکەن. ئێمە بە تەجروبەی ئەم سی ساڵە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە ئەم سیستەم و حکوم ڕانیە لە کوردستان ناتوانێ جوابی خواستەکانی خەڵک بداتەوە، هەر جارە دێن دەموچاوێک دەگۆڕن و دەیان بەڵێنی بێ ناوەڕۆکی چاک سازی دەدەن بێجگە لە درۆ و خەراپترکردنی بارودۆخی خەڵک هیچی تری لێ سەوز نەبووە بۆیە تەنها ڕێگەیەک کە لەبەردماندا مابێتەوە ئەوەیە دەبێ ئەمانە بڕۆن، ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی ئەنجام بدەین، کێشەی خەڵکی کوردستان لەسەر سیستەمە نەک گۆڕانکاری لە دەموچاوەکاندا. نێچیر بکەین بە قوباد، بکەین بە مەسرور بکەین بە شاسوار ... وە ئەگەر هەر گروپ و لایەنێک بە ئاڕستەی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بە ئاڕاستەی گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ خەڵکە نارازیەکەی هەنگاو نەنێت بێجگە لە درۆیەکی گەورە و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هیچی ترنیە.

ئێن ئارِ تی: لە پێشوداباسی ئەوەت کرد کەجەماوەریاخودهاوڵاتی تۆراوە لە شەقام باشە بەچی میکانیزمێک دەکرێ بۆ جارێکی تر متمانەی لای دروست بێت و ئاشت بێتەوە بە شەقام و داوای مافەکانی خۆی بکات؟

نەوزاد بابان: ئێمە ئەوەمان بیرنەچێ بەشێک لە بێدەنگی خەڵک مانای تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر بگەڕێنەوە بۆسەرەتاکانی نەوەتەکان تاوەکو ئێستا خەڵکی چەند جارێک ڕیشی خۆی داوەتەدەست هەندێ لە حزب و بزوتنەوەی جیواز هەر هەمویان درۆیان لەگەڵ کردوە یان نەیان توانیە جواب بە خواستەکانیان بدەنەوە ئێمە چۆن دەتوانین خەڵک ئاشت بکەینەوە؟ ئەوە بەوە دەبێت کە ڕێنیشاندەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بین تا ئیرادە بکات خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست لەڕێی نوێنەرەکانیەوە لە شوراکرێکاری و جەماوەریەکانیەوە ئەمە تەنها ڕێگا و ئامرازێکە بۆ ڕزگاربون نابێ بە هیچ شێوەیەک ئاسۆمان گرێ بدەینەوە بەم دەسەڵات و سیستەمە. باشە لە کاتێکدا سەرۆکی نەوەی نوێ شاسوار عبدالواحید لە دیمانەیەکی تەلەفزوێنیدا دەڵێ ئێمە لە کۆی هەشت ئەندام پەرلەمان چواریان بە پارەکراِن، باشە بزوتنەوەی نەوەی نوێ کە خۆی موعاناتی هەبێ لەسەر ساتوسەودای پەرلەمانتارەکانی لەنێو ئەم سیستەمدا کەوابوو پەرلەمان چۆن دەتوانێ خواستەکانی خەڵک دەستەبەر بکات؟ من دڵنیام پارتی بەهاوبەشی یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامیەکان بەهیچ شێوەک لەنێو چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا نە تەسلیم دەبن نەچاک سازی دەکەن.

ئێن ئارِ تی: دەمەوێ ئەوە بپرسم کە دوا پرسیارمە سەبارەت بەخۆپیشاندانەکان ئەو میکانیزمەی کە تۆ باست کرد دەبێ هاوڵاتیان خۆیان دەسەڵات بگۆڕن و ئەنجومەنی خۆیان لە گەڕەکەکان دروست بکەن و ئەوە ئەم یکانیزمەیە کە تۆئیشارەت پێدا سەرهەڵبدات.

نەوزاد بابان: ئەگەر ئێمە دەست بۆ ئەو میکانیزمە نەبەین دڵنیابە سەد ساڵی تریش هەر ئەم بارودۆخە هەروا دەبێت و بەرەو خراپتریش دەڕوات ئەزانی ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە کە ئێستا لە نێو پارکی ئازادی بەڕێوەدەچێت بە چەند ئاسایشێک دەتوانن هەموو دەروازەکانی پارکەکە کۆنترۆڵ کەن. ئەگەر ئێمە بتوانین خۆپیشاندانەکان بە مونەزەمی ببەینە گەڕەکەکان لەوێشەوە بۆناو سەنتەر و گۆڕەپانەکانی شار ئەوسا بزانە چۆن ئەم دەسەڵاتە شپرزە دەبێت و بەچۆکدادادێت، بۆچی ئێمە نەتوانین نوێنەرانی خۆمان لە گەڕەکان و ناوەندەکانی کار دیاریبکەین، دواتر نوێنەرایەتی سەراسەری شار و سەرتاسەری ڕابگەیەنین ئیتر بەسە با چیتر ئومێد بەم سیتەم و حکومەت و پەرلەمانە نەبەستین ئەم سیتەمە داکۆکیکاری سیتەمی سەرمایە داری بووە لەم هەرێمەدا نەمانبینی ڕۆژێک لەنێو ئەم سیستەمەدا نوێنەرانی کرێکاران و ژنانی ئازدیخواز و گەنجانی بێکار و خەڵکی زەحمەتکێش جێگای بوبێتەوە. لە کۆتایدا دەڵێم ڕێکخراوبونمان لە ناوەندەکانی کار و ژیاندا تەنها ڕێگای دەرابازبونمانە لەم بارودۆخە ناهەموارەی کە تێی کەوتوین.

پاشماوەی

## پێشبڕکێی پێکوتە بەرەو کوێ؟

کۆمەڵگە و توێژە پەراوێزکراوەکان زیاتر دەکات کە خۆیان لە سەرەتاوە و تا ئێستا قوربانیانی سەرەکی ئەم پەتایە بون.

لە مێژوی پێکوتەدا چەندین نمونەی کارەسات هەیە کە دەکرێت دەرسی لێ وەربگیرێت؛

- لە ١٩٤٢ پێکوتەی نەخۆشی پەتای زەرد (یەللۆ فیڤەر) تێکەڵ بوو بوو لەگەڵ ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر (التهابی کەبەدی ڤایرۆسی) کەدرا بە زیاد لە ٣٠٠ هەزار سەربازی ئەمریکی ونزیکەی ١٥٠یان مردن.

- هەروەها لە ١٩٥٥دا ڕوداوی (کەتتەر) ڕویدا کە دروستکەری پێکوتەی ئیفلیجی مناڵ (شلل الاطفال) بوو. "تاقیگەی کەتتەر" ڤایرۆسەکەیان بە تەواوی لاواز نەکردبوو، بۆیە بەم پێکوتە خراپە ٤٠ هەزار کەس توشی نەخۆشی ئیفلیجی مناڵ بون و ٢٦٠ کەسیان لە دەست و قاچ کەوتن و١٠کەس مردن. ئەمانە لە کتێبی بەناوبانگی ستانلی پلۆتکین دا (پلۆتکینس ڤاکسینس) ئاماژەی پێدراوە.

تەنانەت دوای پەسەندکردنیش پێکوتە هەر دەبێت لە ژێر چاودیریدا بێت، چونکە تاقیکردنەوەکان، مەترسیە درێژخایەنەکان دەستنیشان ناکەن. لە ١٩٩٩دا پێکوتەیەکی دژی ڕۆتا-ڤایرۆس (ڤایرۆسیکی سک چونە لەناو منداڵاندا یەکجار بڵاوە) قەدەغە کرا دوای ئەوەی ژمارەیەک لە منداڵ توشی ڕیخۆڵە گیران بون.

### ناسیۆنالیزمی پێکوتە

بە پێی دەزگا هەواڵیەکان، کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا لە ٣١ی تەمموزی ئەمساڵدا، لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی پزیشکیدا، گرێبەستیان کرد بۆ دابین کردنی ٣٠٠ ملیۆن ژەم لە پێکوتەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا ناشزانین کە هیچ کام لەم پێکوتانە ئیش دەکات یان نا. وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیاش بەهەمان شێوە چەندەها ملیۆن ژەمی چەند پێکوتەیەکی کۆرۆنایان دابین کردوە لە ئێستاوە. ئەمەش بە مەبەستی بوژاندنەوەی ئابوری وڵاتەکە و دروست کردنی متمانە لای دانیشتوانی وولاتەکانیان و لەوانەیە بەهیوابن بەمە تا ڕاددەیەک کەموکوریەکانی سەرەتای پاندەمیکەکە لە بیر خەڵک بەرنەوە.

ناسیۆنالیزمی پێکوتە نەک هەر لەڕووی مۆراڵیەوە نادروستە، بەڵکو بە پێچەوانەی هەمو گرێبەستە نێودەوڵەتیەکان و مافی مرۆڤیشە.

بە پێی ڕاپۆرتە هەواڵیەکان، لانی کەم لەسەرەتادا، توانای دروست کردنی پێکوتەکە سنوردار دەبێت و لەوانەیە چەند مانگێک یان زیاتر بخایەنیت هەتاکو بەشی زۆربەی وڵاتان دروست دەکرێت. ئەمەش مانای وایە، هەچ پێکوتەیەک لەسەرەتادا دروست دەکرێت دەچێت بۆ ئەو وڵاتانەی پێشوەخت کڕیویانە.

هەروەها ئەو وڵاتانەی سیستەمی تەندروستی گشتی بەهێزیان نیە لە هەمان کاتدا سیستەمی گواستنەوە و خەزنکردن و دابەش کردنی پتەویشان نیە کە ئەمە زیاتر بەردەستبوونی پێکوتەکە دوا دەخات لە کاتێکدا کە ڤایرۆسەکە بەردەوامە لە بڵاوبونەوەدا، و دەبێتە هۆی قوڵتر بونەوەی گرفتە تەندروستی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم وڵاتانە.

بە بێ هاوئاهەنگی نێودەوڵەتی، پێشبڕکێی بەردەوام نرخی پێکوتە و کەلوپەلەکانی بەرز تر ڕادەگرێت، کە ئەمەش دوبارە بە قازانجی کۆمپانیای دەرمانی وولاتە بە هێزەکان دەکات.

### شاردنەوەی زانیاریەکان وئاکامی تاقیکردنەوەکان

ئاشکرایە چەند سەدە لەمەوبەر و لە کاتی پەتای (تاعونی ڕەش)دا گۆڕینەوەی زانیاری شتێکی ئاسان نەبوە. ئەمڕۆ ئێمە ئەو گرفتەمان نەماوە بەڵام جۆرێکی تری گرفتمان هەیە، ئەویش ڕێککەوتن و پابەندە بازرگانیەکانن. کۆمپانیا گەورەکان پارەیەکی خەیاڵیان لە شاردنەوە و مۆنۆپۆلکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەست دەکەوێت و لەبەرژەوەندی خۆیان و هێنانی قازانجی زیاتر و کەڵەکەی سەرمایەکانیان و بەهێزکردنی پێگەیان لە بازاڕی جیهانیدا.

ئاڵوگۆڕ پێ نەکردنی زانیاریەکان و بڵاونەکردنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لەکاتێکدا کە ڤایرۆسەکە لە تەشەنە و بڵاوبونەوەدایە دیسان دەبێتە هۆی توشبون و مردنی زیاتری ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەی لەسەرەتاوە تا ئێستا بونەتە قوربانی و توشی فەلاکەتی تەندروستی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بون.

پەتای جیهانی کۆڤید-١٩ هەر وەک پەتاکانی تر لە مێژودا لەسەر نایەکسانی پەرەدەستێنێ و تەشەنە دەکات و سود لە خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگە وەردەگرێت. سیستەمی سەرمایەداری ئەم نایەکسانیانە بەردەوام دروست دەکاتەوە و لەژێر سایەی ئەم سیستەمەدا ئەگەری چەندین پەتا و کارەساتی تری وەک کۆڤید -١٩ و خراپتریش ڕۆژبەڕۆژ لەزیاد بوندایە. لەوانەیە پێکوتەی کۆڕۆنا ڕزگارمان بکات لەم پەتایە وەیان لانی کەم ئاکامەکانی لەسەرمرۆڤایەتی کەم بکاتەوە بەڵام ئاسەوارەکانی کۆڤید و تاوانەکانی سیستەمی سەرمایەداری و بێباکی لەبەرامبەر تەندروستی و گوزەرانی ژیانی ئینسانەکاندا بەردەوام دەبێت.

مرۆڤایەتی شایەنی ئەم کارەساتە نیە و دەبێت تەندروستی و ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی واقیعی ژیانی مرۆڤەکان بێت ئەمەش بەکۆتایی هێنان بە سەرمایەداری ئەنجام دەدریت.

6.9.2020

البديل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

## نا بۆ حکومەتی تەکنۆکراتی بورژوازی و هەڵبژاردنی پێشوەخت،
## ڕێگەی دەرچوون ڕێکخراوبوونە بە ئاسۆیەکی ئازادیخوازنەی سۆشیالیستیەوە بۆهەڵپێچانی دەسەڵات

ئەمرۆ کۆمەڵگەی کوردستان ساتەکانی قەیرانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەسەردەبات لەژێر سایەی دەسەڵاتی بورژوا ناسیۆنالیستی کورد و هەردوو حزبی میلیشیایی و مافیاییدا. بێزاری و نارەزیاتی جەماوەری کرێکاران و زە حمەتکێشان و ڕیزی ملیونی گەنجانی کچ و کوری بەتەنگ هەڵاتوو بەدەست بێکاری و نەبوونیەوە هەردەم شەپۆل ئەدا و گەیشتۆتە ئاستێکی ئەوتۆ کە بە سەرکوت و کوشتن و خەڵەتاندن و بڵاوکردنەوەی وەهمی نیشتمانی و ناسیونالیستی بەری پێناگیرێت.
لەم بارودۆخەدایە کە حزب و هێزە ئۆپۆزسیۆنە بورژوا ناسیونالیست و ئیسلامیستەکان و ڕیفۆرمیستەکان، کە خۆیان بەشێکن لە دەسەڵات، کەوتونەتە خۆ تا لە ڕێگەی چەواشەکاریەوە و بە ئەجەندەی "حکومەتی تەکنۆکراتی" بورژوازی و "هەڵبژاردنی پێشوەختی پەرلەمان" بەر بە تووڕەیی نارەزایتەکانی جەماەر و چارەسەری بێکاری و برسیەتی و بێمافیان بگرن. ئەمجارەیان سەرقافڵەی ئەم چەواشەکاریە کەوتۆتە دەست "نەوەی نوێ"، وە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیەنە ئیسلامیەکان و ڕیفورمخوازەکاندا سەرقاڵی ئەم کارەن. ئەم هێزانە ئەیانەویت خۆپیشاندانەکان بە دەستپێشخەری خۆیان و بە گوێرەی ئەجەندەیەکی دیاریکراو بەڕێخەن و نەهێڵن هیزی چینایەتی کریکاران و زەحمەتکێشان و لاوانی شۆڕشگێڕ بە ڕێکخراویی و دەستپێشخەری و ڕاپەرینی سەربەخۆی خۆیان بێنە مەیدان.
ڕۆژی چوار شەممە ١٢ی ئاب، لە چەند شار و شارۆچکەیەکی کوردستاندا خەڵکی نارازی بەدژی هەژاری و بێکاری و بێموچەیی و بێمافی دەستیاندایە خۆپێشاندان و نارەزایەتی نواندن. گەرچی بانگەوازی ئەم نارەزایەتیە پێشوەخت لە لایەن (نەوەی نوێ)وە کرابوو، بەڵام خەڵکی برسیکراو، بێکارکراو و گەنجان و لاوانێک کە دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیست ئاسۆی ژیانێکی سادە و ئاسایی لێداخستوون زۆر لەوە واوەتر نارەزایەتیەکانیان دەربڕی کە چوارچێوەی ئەجەندای سیاسی ئەو هێزە بۆی دیاریکردبوون.
لە (سلێمانی) و (سەی سایەق) دروشمی (نا بۆ حکومەت ... نا بۆ پەرلەمان ... هەموو دەسەڵات بۆ خەڵک) کە لەلایەن بەشێک لە هەڵسوڕاوانی ئازادیخواز و چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانەوە بەرزکرابۆوە، گوزارشی لەو گیانە ڕادیکاڵەی جەماوەری نارازی دەکرد بە دژی ئەو ئەجەندا سیاسیەی بورژوا قەومی ئۆپۆزیسیۆن.
هێزە سەرکوتگەرەکانی (پارتی) لە دەڤەری بادینان بەگشتی و لە شاری (دهۆک) و (هەولێر)یش بەتایبەتی بە پلانێکی داڕێژراوی پێشوەخت ئامادەکراو بەر لە دەستپێکی گردبوونەوەکان دەستیان کردبوو بە ڕەشبگیری تا بە هیچ شێوەیەک ئەو نارەزایەتیانە لەو شارانەدا هەم سەرهەڵنەدەن و هەم هیچ دەنگوباسێکیان لێ بڵاونەبێتەوە. ئەمە و هێزە سەرکوتگەرەکانی (یەکیەتی)ش بەتایبەت لە شاری (ڕانیە) هەڵساون بەتەقەکردن و خۆپیشاندەرانیان داوەتەبەر دەسترێژی گوللەی پلاستیکی و چەند خۆپێشاندەرێکیشیان دەستگیر کردوە.
ئەو نەهامەتیانەی کە یەخەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و لاوان و ژنان و خەڵکی کەمدەرامەتی گرتووە، هۆکارەکەی نەک کەمی سەروەت و سامان، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆری ئەم سەروەت و سامان و ملیارەها دۆلاریە کە کەڵەکە بووە لە لای کەمایەتیەکی خاوەن کۆمپانیای مۆنۆپۆل و خاوەن دەسەڵات و میلیشیا و هێزی سەرکوتگەر و خۆی ڕێکخراو کردوە لە (حکومەتی هەرێم)دا. ئەم حکومەتە نەک حکومەتی خەڵکی کوردستان، بەڵکو حکومەتی کەمایەتیەکی چینایەتیە بەدژی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان و لە دانوسان و کێشمەکێشیشدایە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نەک لەسەر ماف و بەرژەوەندیەکانی ئەو زۆرینەیە، بەڵکو لە پێناو بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسی و ستراتیژیەکانی کەمینەیەک کە دەسەڵات و هێزەکانی بورژوازی کورد و گەورە سەرمایەدارنن.
چارەسەر خەڵەتاندنی خەڵکی ئازادیخواز و کرێکار و زەحمەتکێش نیە بە دانیشتن و چاوەڕوانی کردنی پێکهێنانی (حکومەتێکی تەکنۆکرات) و (هەڵبژاردنێکی پێشوەخت) کە هێچی لی سەوز نابێت جگە لە زیاد کردنی چەند کورسیەکی تر بۆ سەر کورسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی بورژوا قەومی و ئیسلامی لە هەمان ئەو پەرلەمانە کارتۆنیەدا. ئەوە ناوەڕۆکی بانگەوازەکەی (نەوەی نوێ)یە بۆ سواربوونی شەپۆلی نارەزایەتیەکان لە کوردستان و بۆ هێز نواندنی خۆی و خۆ ئامادەکردنی بۆ پەرلەمانی داهاتوو.
چارەسەر ڕێکخراوکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و لاوان و ژنانی ستەمدیدە و خەڵکی بێبەشکراو پەراوێزخراوی کۆمەڵگەیە، هێز لە ڕێکخراوبووندایە بە ئاسۆیەکی ئازادیخوازنەی سۆشیالیستیەوە، هێز لە گرێدانەوەی خەباتیاندایە لە کوردستاندا بە خەباتی سەرجەم کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق و ناوچەکە و جیهانەوە. ئەم هێزە ڕێکخراوەیە کە دەتوانێ هاوڕای هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە بورژوازیە تەواوی کۆمپانیا و سەروت و سامان و ملیارەها دۆلارەکانیان دەستبەسەرا بگرێت و بیگێڕێتەوە بۆ موڵکایەتی کۆمەڵگە و موچە و خزمەتگوزاریەکانی لێ دابین بکرێ.
ئازادی دەستبەجێ بۆ گیراوەکان

نەنگ و شەرمەزاری بۆ سەرکوتگەریەکانی پارتی و یەکیەتی
بژی سۆشیالیزم
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
١٧-٨-٢٠٢٠

ئەو شاعیرەی کە دەیوت "با شەقامەکان بە گوڵ سور بکەین نەک بە خوێن"

# بەر لە ٢٦ ساڵ بە خوێنی ئەو شەقامەکانی شاری سلێمانی سور کرا

ئەمساڵ لە ١-٩-٢٠٢٠دا یادی ٢٦ ساڵەی بەکر عەلی شاعیری هەژاران و بێخانە و لانەکان هەم لە کەلار لە چایخانەی کلتوریی میلەت، وەهەم لە سلێمانی لە پارکی ئازادی بەرز ڕاگیرا.

بەکری شاعیر کە لە خانەوادەیەکی کەم دەرامەت بوو نیشتەجێی گەڕەکی "حامییە" بوو، ئەم گەڕەکە بەر لە ١٩٩١ سەربازگەی ڕژێمی بەعس بوو، وە ئێستا بەشێکە لە داوێنی "پارکی ئازادی".

ساڵی ١٩٩٤ دەبێت بە نوێنەری خەڵکی (گەڕەکی حامیە) بۆ نارەزایەتی و وەستانەوە دژی بڕیاری ڕوخاندنی خانووەکانیان، هەر ئەمەش دەبێتە هۆکاری تیرۆرکردنی بەدەستی میلیشیای بەرپرسانی ئەوسای شارەکە

ئەم کێشەیە هەر بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠٠٢ کە تیایدا جارێکی تر بەرپرسانی شار بڕیاری ڕوخاندنی گەڕەکەیان داو شۆفڵیان هێنا بۆ ڕوخاندنی خانووەکان کە لە ڕاستیدا زۆرێکیان هەر کەلاوە بوون و بە دار و پەردوو و تەنەکە و لەوحە و نایلۆن لە لایەن وەک سەرپەنا دروست کرابوون لە لایەن ئەو خەڵکە هەژار و کەم دەرامەتەوە بۆ حەوانەی خۆیان.

بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژنامەی (ڕەوت) لێدوانی لە (نەوزاد بابان) وەرگرت کە خۆی یەکێک بووە لە نوێنەران و ڕابەرانی ئەو بزوتنەوەیە نارەزایەتیەی گەڕەکی حامیە و درێژەپێدەری خەبات و تێکۆشانی بەکری شاعیر بووە و دوای چەندین خۆپێشاندان و نارەزایەتی و گرتنی خۆی لەلایەن بەرپرسانی ئەوسای شارەکە بەڵام لەدوا ئاکامدا توانرا کە دەسەڵات ناچار بکرێ بە دابینکردن ٨٩ پارچە زەوی بۆ خانەوادەکان و سەرکەوتن بەدەست بێت.

نەوزاد بابان: گەڕەکی حامیەی سلێمانی وەختی خۆی ئاوارەکانی کەرکوکی تیا نیشتەجێ بوون لەگەڵ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتی سلێمانی کە زوربەیان دەستفرۆش و خاوەن عارەبانە و کرێکار بوون، کە لەو کاتەدا (١٩٩٤) بەکر عەلی یادی بەخێر نوێنەرایەتی خواست و نارەزایەتیەکانی دەکردن و بە پلانی دەسەڵاتدارانی ئەوسای شارەکە ترۆر کرا.

دوای ئەوەی کە کە پارچە زەوی دابەشکرا بەسەر ئاوارەکانی کەرکوکی نیشتەجێی گەڕەکی حامیە، ئەو هەژارانەی کە خەڵکی کەرکوک نەبوون بێبەش کران، ئیتر سەد و شتێک لە خانەوادانە مابوونەوە کە ٨٩یان خەڵکی سلێمانی بوون لەگەڵ چەند خانەوادەیەکی کەرکوکی کە لە وەجبەی یەکەمدا پارچە زەویان بەسەردا دابەش نەکرابوو. منیش ماڵم لەو گەڕەکە بوو.

بەرپرسانی شارەکە ئەوکاتە هەمیشە خەریکی تەنگ پێهەڵچنین و فشارهێنان بوون بۆ ئەو خەڵکە هەتا ئاویان دەبڕی لە گەڕەکە بۆ ئەوەی خەڵکەکە ناچار بێت چۆڵی بکات وەیا شۆفڵیشیان دەهێنا بۆ ڕوخاندنی ماڵەکان و خەڵکی هەمیشە لە دەرگیری و وەستانەوە بەڕووی ئەم دەستدرێژیانەدا بوون بەڵام یەکگرتوویەکی عەجیب هەبوو لەم گەڕەکەدا، کە کۆبوونەوەی گشتی ئەنجامدەدرا و نوێنەر هەڵدەبژێردرا و هەموو یەک دەنگ و یەک هەڵوێست دەوستانەوە دژ بە دەسەڵات.

جاری دووەم ئەم کێشەیە کە لە ساڵی ٢٠٠١دا سەری هەڵدایەوە و درێژەی کێشا بۆ ساڵی ٢٠٠٢ ، دەسەڵاتدارانی شارەکە بەناوی جوانکاری شارەوە دەیانویست گەڕەکەکە بڕوخێنن، خەڵکەکەش دەیان وت ئێمە لاریمان لەوە نیە بەڵام بەدیلیکمان دەوێ چۆن دەبێت شۆفڵ بهێنیت و ماڵمان بڕوخێنی و فڕێمان دەیتە دەرەوە بەبێ هیچ تەعویزێک و پەیداکردنی جێگە و ڕێگەیەکی بۆ ماڵ و منداڵمان. بۆیە خەڵکەکە زۆر بە جدی لەگەڵ ئاسایش و پۆلیس و هێزی میلیشای بەرپرساندا دەرگیر دەبوون و گەڕەکەکەیان بەجێ نەدەهێشت و بەمافی خۆیان دەزانی کە بمێننەوە و یەکگرتووانە بەرگریان دەکرد.

کاتێک ئینزار لەڕێگەی پۆلیسی شارەوانیەوە هات کە چۆڵی بکەین، خەڵک کۆبوونەوەی گشتی کرد و لەوێدا من وەک نوێنەر و وتەبێژی گەڕەکی حامیە و (فەریدون)یش وەک جێگیر دەنیشانکراین.

سەردانی شارەوانیمان کرد و کە بگەینە چارەسەرێک کە خانە ولانەیەک دابین بکرێ و ئەوسا چۆڵی دەکەین، بەڵام هەر دەستاودەستیان پێدەکردین و هیچ بەڵێنێکیان پێ نەدەداین. هەمیشەش کۆبونەوەی گشتی دەکرا و نوێنەران دیاری دەکران کە (من وەک نەوزاد بابان و کەسێکی تر بەناوی نەوزاد هەولێری و یەکێکی تر بەناوی عەبدوڵاسەرسپی) وەک نوێنەر هەڵبژێردرا بووین، عەریزەمان نوسی بۆ وەزیری شارەوانی و ئاوارە و ئاوادانکردنەوە، چوین بۆ سەردانی نەوشیرەوان مستەفا بەڵام دەرگای لێنەکردینەوە، ئەوە هەڵوێستی ئەو پیاوە بوو بەرامبەر خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت و زوڵملێکراو، کە بە ناهەق هەندێ کەس بە باوکی هەژاران ناوی دەبەن. هەروەها سەردانی فەریدون عەبدولقادریشمان کرد بەڵام هیچمان دەست نەکەوت. ناچار چوینە بەردەم ماڵەکەی بەرهەم ساڵح کە ئەوکاتە سەرۆکی ئیدارەی سلێمانی بوو، ئەویش ڕەفزی کردوە کە بمانبینێت ئێمەش چوین هەموو گەڕەکەمان تێگەیاند و نەوەت خانەوادە هاتینەسەر ماڵەکەی ناچار بوو کە لەگەڵمان دانیشێت.

گەیشتینە ڕێککەوتنێک و لەگەڵ [شارەوانی سلێمانی بەڕێوەبەری گشتی ئاوارەکان. وەزارەی شارەوانی و گەشت وگوزار. چەند ئەندامێکی شارەوانی سلێمانی، سەرۆکی شارەوانی گەڕەکی ڕاپەڕین] کۆبووینەوە لە هۆڵی دیالۆگی (ڕێکخراوە دیموکراتیەکان) بۆ دابشکردنی زەوی کە سێ داخوازی سەرەکیمان هەبوو یەکەم دەستبەجێ تاپۆکردنی خانوەکان دووەم دابینکدنی کەرەستەی خانوو لە ڕێگەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە سێهەم دابینکردنی خزمەتگوزاری.




بەڵام دەسەڵاتداران هەر دەستی دەستیان پێدەکردین و سەرۆکی شارەوانی کە ئەوسا حاکم قادر بوو نادری بەشوێنماندا واتا سێ نوێنەرەکە (نەوزاد هەولێری و من و عەبدوڵا سەرپسی) و بەفێڵ وتیان ئیشەکەتان لای پارێزگاری سلێمانیە کە (ئاسۆی شێخ نوری) بوو وە لەڕێگەی (شێرکۆ) بەرپرسی بنکەی پۆلیسی شارەوانیە بردیانین بۆ لای پارێزگا بە سەیارەی پۆلیس، ئیتر من زانیم کە دەستبەسەرکراوین و زیندانی دەکرێن، بۆیە خێرا بە هاوڕێیەکانم وت با هەر سێکمان بەیەکەوە نەگیرێین، ئێوە هەرچۆنێک بێت بڕۆن و هەرچی خەڵکی حامیە هەیە بیهێنن دەنا نەخشە و پلانەکانیان کە ڕوخاندنی گەڕەکەکە بەبێ تەعویز کردنەوەمان جێبەجێی دەکەن و منیش بەرنادەن تا ئەو کاتە. ئەوە بوو خەڵکەکە هەمووی هات بۆ نارەزایەتی دەربڕین و داواکردنی بەردانی من، پارێزگاری سلێمانی کە ئەو هەموو حەشاماتەی بینی بوو وتبوی ئەمانە بۆ خۆپێشاندان نەهاتوون بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و کۆدەتا هاتوون بۆیە هێزە سەرکوتگەرەکانیان زۆر توندوتیژی و بێڕێزیان نواند بەرامبەر خەڵکەکە و بەشەق و زللە و تێهەڵدان بڵاوەیان بەخەڵک دەکرد، هەتا ژنێک کە نەخۆشی شێرپەنجەی هەبوو ئەوەندە ئەزیەتیان کرد کە لە هۆشخۆی چوو بوو. هەروەها ڕێگەشیان نەدەدا هەواڵەکە بڵاو ببێتەوە بۆیە ڕۆژنامەنوسی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) کەناوی یەحیا بەرزنجی بوو گرتیان و هێنایانە ناو ئەو زیندانەوە کە منی لێ زیندانی کرابووم.

گەرچی دوای دوڕۆژ لە گرتنم دادوەر حوکمی بەرائەتی بۆ دەرکردم بەڵام بەرنەدرام و حەوت ڕۆژی ترهێشتیانمەوە لە زیندان و دوای نۆ ڕۆژ ئازادیان کردم. جگە لەو جارە چەندین جاری تریش زیندانی کراوم و هەڕەشەی مەرگم لێکراوە بەڵام هەر کۆڵمان نەداوە و لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بوین کە ٨٩ پارچە زەویمان بەدەست هێنا.

# پێشبڕکێی پێکوتە بەرەو کوێ؟

شیرین عەبدوڵلا

یەک ساڵ پێش ئێستا ئەگەری سەرهەڵدانی پەتایەکی جیهانی پێشهاتێکی دوور و گریمانیەیی بوو، ئەمڕۆ بەپێی هەواڵەکان، پەتای کۆڤید-١٩ تا ئێستا زیاد لە ٢٦.٥ ملیۆن توش بووە و ٨٧١ هەزار کەسی لە سەرتاسەری جیهاندا کوشتوە. ئێستا هەموو جیهان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دۆزینەوەی پێکوتەیەکی کاریگەرە دژی ئەم پەتایە. پێکوتەیەکی کاریگەر نەک هەر مەترسی نەخۆشیەکە کۆنترۆڵ دەکات بەڵکو هیوا بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت کە بە بێ دەمامک و دورکەوتنەوە پارێزراو بێت و ژیان ئاسایی ببێتەوە.

ئاشکرایە پێویستمان بە پێکوتەیەکە بۆچارەسەری پەتای کۆڕۆنا ڤایرۆس، وە بۆ ئەم مەبەستە پێشبڕکێیەکی گەورە لەنێوان وڵاتە بەهێزەکان و کۆمپانیا جیهانیەکانی دەرماندا بەڕێوەیە. هێزەگەورەکانی دونیا کە زۆربەی کۆمپانیاکانی دەرمانیان هەیە، گرنگی ئەم پێشبڕکێیەمان نیشان دەدەن، ڤلادیمێر پوتین ئۆپەراسیۆنەکەی ناو ناوە سپوتنیک ٥، ڕۆژەکانی پێشبڕکێی فەزاییمان بیر دەهەنێتەوە، دۆناڵد ترەمپ هەوڵەکانی ئەمریکای ناو ناوە ئۆپەراسیۆن وارپ سپیید (وارپ سپیید ١ یەکسانە بە خێرایی تیشک- لەزنجیرە فلیمی ستار ترێکدا خێرایی کەشتیە فەزاییەکان بە وارپ سپیید ١،٢،٣.... باسدەکران !).

بە نیسبەت کۆڤید ڤ-١٩ چ ڤایرۆسەکە و چ پێکوتەکەش تازەن و کەس تا ئێستا نازانێت ئاکامی تاقیکردنەوەکان لەسەر بەشەر چیدەبێت.

لەدەیەی ڕابوردودا شۆڕشێکی گەورە لە بواری تەکنۆلۆژیای جیناتدا بەدەست هاتوە کە وای کردوە کاری ١٠-٢٠ ساڵی دۆزینەوەی پێکوتە کەم کاتەوە بۆ چەند ڕۆژ یان چەند حەفتەیەک. لە حاڵی حازردا زیاد لە ١٧٠ تیمی پزیشکی سەرقاڵی دۆزینەوە و دروست کردنی پێکوتەی پەتای کۆڤید١٩ان. زۆربەی ئەم تیمانە پشت بە تەکنۆلۆژیای تازەی جینات دەبەستن لەجیاتی پرۆسە کۆنەکان کە ڤایرۆسی مردو یان لاواز کراوی بۆ زیادکردنی بەرگری لەش بە دژی ڤایرۆسەکە بەکاردەهێنا. تا ئێستا هیچ کام لەم پێکوتانە بۆ بەکارهێنانی سەرتاسەری پەسەند نەکراوە بەڵام ٩یان گەیشتۆتە قۆناغی ٣ی تاقی کردنەوە.

ئەم پێشبڕکێیە، پێش ئەوەی بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤایەتی و کەم کردنەوەی ڕێژەی گیان لەدەستدانی خەڵک بە ڤایرۆسەکە بێت، بە مەبەستی دابین کردنی قازانجی زیاتری کارتێلە گەورەکانی دەرمان و کەڵەکەی سەرمایەیە، و لە تێڕوانینێکی بەرتەسکی دەسەڵاتەکانەوەیە، کێ یەکەم کەس پێکوتەی دۆزیەوە و تۆماری کرد بۆ بەکارهێنانی سەرتاسەری ناوی، مافی خاوەندارێتی و مۆنۆپۆلی بازرگانی، دەچێتە مێژووەوە و لە هەڵبژاردنەکاندا بێگومان دەیباتەوە و ڕۆڵی خۆی لەناو هێزەکانی جیهاندا دەسەلمێنێت...هتد.

پێشبڕکێ لەم بوارەدا و گوێنەدان بە هاوئاهەنگی نێو دەوڵەتی و بیر تەسکی ناسیۆنالیستی پێکوتە، لە قازانجی هیچ لایەک نیە جگە لە کارتێلە گەورەکانی دەرمان دروست کردن و دەوڵەتە بە هێزەکان و ئەو نایەکسانیەی کۆڤید-١٩ لەسەری گەشە دەکات چەند قات زیاد دەکات. ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەی زیاترین قوربانیان لێ کەوتۆتەوە بە بۆنەی ڤایرۆسەکەوە چ لەباری تەندروستی و چ ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە نەهامەتەکانیان زیاتر و قوڵ تر دەبێتەوە.

## ستاندەردەکان و لادان لێیان

چەند ستانداردێکی جیهانی دانراوە بۆ دروست کردنی پێکوتە:

- ٥٠٪ کاریگەر بێت. لانی کەم ٣٠٪.
- توانای دروست کرنی بە ڕێژەیەکی زۆر لە ماوەیەکی کەمدا.
- دەبێت بە ستانداردێکی زۆر بەرز لە سەلامەتی دروست بکرێت لەبەر ئەوەی لە ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی تەندروست دەدرێت.

یەکێک لە مەترسیەکانی ئەم پێشبڕکێیە لادانە لەم ستاندەردانە کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەگەری دروست کردنی پێکوتەیەکی لاواز و ناکاریگەر یان تەنانەت زەرەر



مەندیش.

بێگومان پێکوتەیەکی ناکاریگەر پاندەمیکەکە خراپ تر دەکات، نەک هەر بەرگری لەش زیاد ناکات بۆ نەخۆشیەکە بەڵکو خۆشخەیاڵی دەدات بە کەسەکان و دەسەڵاتەکان کە دەبێتە هۆی شلکردنەوەی پەیڕەویەکانی دەست شتن و دورکەوتنەوە و بەکارهێنانی دەست کێش و دەمامک و ...هتد.

ئەمانە هەموی نەک هەر متمانەیی خەڵک بە سیستەمەکان کەم دەکاتەوە بەڵکو بە زانست و سیستەمی زانستی و دەبێتە هۆی سڵەمینەوە لە وەرگرتنی پێکوتەکە و هەروەها بە فیڕۆ بردنی زۆرێک لە ئینەرجی و کەرەستە وەک دەرزی و سرینج و ...هتد بە بۆنەی دروست کردن و دابەشکردنی پێکوتە یەکی بێ سود. ئەم بێمتمانەییەش دیسان دەبێتە ڕێگریەک لە بەردەم کۆنترۆڵ کردنی ڤایرۆسەکە. ئەمەش دوبارە دەرد و مەینەتیەکانی هەژار و بێ دەرامەتەکانی

بۆ ل١١

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت

OCA البديل
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
SCAN ME

ڕەوت

مازن محەمەد +9647709658673
نزار عەقراوی +447507070024
نەوزاد بابان +9647501613378
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar

دەستەی بەڕێوەبردن

نادر عبدالحمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
سوریا تاهیر
شیرین عەبدوڵا
نەوزاد بابان
موئەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

گرافیک و دیزاین : سەلاح فەتحوڵا
Graphics and Design : by Salah Fathulla
E-mail/ salah_fathulla@hotmail.com